# رابوون

19 15 95

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە





هەواڵنامەی کتێب

## ئەستريد ليندگرين:

من هەرگیز نابم بە نووسەر!

## شێموس هێنی

خەڵاتی ئەدەبیی نۆبلی وەرگرت

# بابەتەکان

❑ ئا ئەمەیە تاوان ............................................ (٥) رابوون
❑ ولاتکوژان بەرەوکوێ ........................................... (٦) رابوون
❑ چەند سەرنجێک دەربارەی شیعری نوێی سوێدی .................. (٧) پاول بوروم
❑ پەیماننامەی سیڤەر لە سیاسەت و یاسای .................(٢٠) د. مارف عومەر گوڵ
❑ ژن لە رۆژهەلاتی کۆن و خوێندنەوەیەکی ............... ......(٢٧) نەزەند بەگیخانی
❑ پەڕەیەکی کۆن ............................................ (٤٢) فرانس کافکا
❑ مندالانی کوردستان، زیندۆیانی ................ (٤٤) د. عەبدولباقی ئەحمەد
❑ زیانە کۆمەلایەتییەکان و کاریگەرییە ..................... (٤٩) د. کەریم تەوفیق
❑ ئاسترید لیندگرین: من هەرگیز ............... (٥٢) ئامادەکردنی: رێواس ئەحمەد
❑ هەولدانێک بۆ تێگەیشتن لە تەنهایی ............... (٥٧) موحسین ئەحمەد عومەر
❑ هەوای ئازادی ...لافاو ........................................... (٦٣) ناسر حەفید
❑ پرسیارە بێ وەلامەکان ........................................... (٦٦) رەفیق سابیر
❑ گفتوگۆ لە نیوان پۆل ریکۆر و فیلیپ فراید ...... (٧٣) شەماڵ کردوویە بە کوردی
❑ گەران بە دوای خود لە لای کیشلۆفسکی ................... (٨٨) قاسم عەزیز
❑ شێموس هێنی خەلاتی ئەدەبی نۆبلی وەرگرت .................... (٩١) رابوون

Box 25161. 750 25 Uppsala- Sweden. ISSN- 1102-4372
ژمارەی پۆستگیرۆ: 7 - 9211995
ISSN - 1102 - 4372

رابوون
گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە
ژمارە ١٥ - ١٩٩٥

سەرنووسەر
رەفیق سابیر

دەستەی نووسەران
کەمال میراودەلی
هاشم کۆچانی
کاروان عەبدوللا

بەرپرسیاری هونەری
دیلان دەرسیم

RaBûN
Cultural Kurdish Journal
No. 15-1995

Editor in chief
Rafik Sabir

Editorial Board

Kamal Mirawdali
Hashim Kochani
Karwan Abdulla

Technical Editor
Dylan Dersim

# سێسەد ساڵەی مەم و زین

## ١٦٩٥ - ١٩٩٥

# کول و دەردێ مە کوردا

| | |
|---|---|
| ساقی تو ژ بۆ خودێ کەرەم کە | یەک جورەعەیێ مەی د جامێ جەم کە |
| دا جام بەی جیهان نوما بت | هەرچی مە ئیرادەیە خویا بت |
| دا کەشف بیت لە بەر مە ئەحوال | کانێ دبتن مویەسسەر ئیقبال؟ |
| ئیدبارا مە وا گەها کەماڵێ | ئایا بویە قابلێ زەواڵێ؟ |
| یا هەر وەهە دێ ل ئیستیوا بت | حەتتا وەکو دەورێ ئینتیهابت |
| قەط مومکینە ئەڤ ژ چەرخێ لەولەب | طالع ببتن ژ بۆ مە کەوکەب؟ |
| بەختێ مە ژ مەرابیت یار | جارەک ببتن ژ خواب هوشیار؟ |
| رابت ژ مە ژی جیهان پەناهەک | پەیدا ببتن مە پادشاهەک |
| شیرێ هونەرا مە بێتە دانین | قەدرێ قەلەما مە بێتە زانین |
| دەردێ مە ببینتن عیلاجێ | عیلمێ مە ببینتن رەواجێ |
| گەر دێ هەبویا مە سەرفرازەک | صاحیب کەرەمەک، سوخەن نەوازەک |
| نەقدێ مە دبو ب سککە مەسکوک | نەدما وەهە بێ رەواج و مەشکوک |
| هەرچەندی کو خالیص و تەمیزن | نەقدەیێ ب سککەیێ عەزیزن |
| گەردێ هەبویا مە پادشاهەک | لایق بدی یا خودێ کولاهەک |
| تەعیین ببویا ژ بۆ وی تەختەک | ظاهیر دبو، ژ بۆ مە بەختەک |
| حاصل ببویا ژ بۆ وی تاجەک | ئەلبەتتە دبو مەژی رەواجەک |
| غەم خوارێ دکر ل مە یەتیمان | تینانە دەرێ ژ دەست لە ئیمان |
| غالب نەدبو لە سەر مە ئەڤ رۆم | نەدبونە خرابەیێ د دەست بوم |
| مەحکومێ عەلییە و صەعالیک | مەغلوب و موطیعێ تورک و تاجیک!! |

# ئا ئەمەیە تاوان!

ڕۆژی ١٩٩٥/١١/٢ کاتێک هاوڕێ محەمەد حەلاق و یانزە کەس لە هاوڕێکانی بە سێ ئۆتۆمبێلەوە لە سەیتەرەکەی تۆبزاوا- کۆیە دەردەچن، لە لایەن زنجیرە کەمینێکی چەکدارانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، دەدرێنە بەر دەستڕێژو، هەر لەوێ یەکسەر دوو کەسیان شەهید دەکرێن. بەڵام تاوانەکە بەمە کۆتایی نایەت. بکوژان دیلەکان دەبەنە سلێمانی، لەوێ هەموویان گوللەباران دەکەن و، دوای حەوت ڕۆژ، لە ژێر فشاری خەڵکی بێزاری کوردستان و حزبە کوردستانییەکان و کەسوکاری شەهیدان تەرمەکان دەدەنەوە، بەڵام ڕێگەیان نادەن پرسەیان بۆ دابنێن.

ئەم زنجیرە تاوانە، کە لەگەڵ هیچ دابونەریتێکی کوردەواری و ئینسانیدا ناگونجێت و تەنیا لە کەسانی ڕەفتار فاشی دەوەشێتەوە، ویژدانی خەڵکی کوردستان و ڕوناکبیرانی ئازادیخوازی گەلەکەمانی هەژاند. چونکە تاوانێکی کەموێنەیەو، سەرەتایەکی ترسناکە لە پەرەگرتنی ڕەوتی تیرۆرو ڕەشەکوژی لە باشووری کوردستاندا. ئەگەر ئەم جۆرە تاوانانە بەردەوام بن.. ئەگەر بکوژان سزا نەدرێن، ئەوا دەشێ هەر مرۆڤێکی کورد کە ئازادانە بیربکاتەوەو، هەر ڕێکخراوێکی سیاسی کە نەفرەت لە شەڕی نێوخۆ بکات، نۆرەی تیرۆرکردنی بێت.

ئێمە ئەم تاوانە بەتوندی مەحکوم دەکەین و، داوای سزادانی بکوژان دەکەین.
داکۆکی کردن لە خوێنی بە نارەوارژێندراوی محەمەد حەلاق و هاوڕێکانی داکۆکیکردنە لە مافی مرۆڤی کورد، کە لە سایەی حوکمی جەنگەڵئاسای یەکێتی و پارتیدا، نرخی فروجێک یان نرخی پشیلەیەکی کۆڵانانی نییە.. داکۆکیکردنە لە وڵاتەکەمان، کە بە زەبری شەڕو تیرۆرو ستەم بەرەو گەوجێتی و دۆزەخ ڕاپێچدەکرێت.. داکۆکیکردنە لە خودی خۆمان پێش ئەوەی، لە سەر بیرکردنەوەی ئازادانەمان، دەستبەست و دەمبەست و تیرۆرمان بکەن.

**رابوون**
**١٩٩٥/١١/١٠**

# وڵاتکوژان بەرەو کوێ؟!

ڕێبازی سیاسیی ئەم سێ ساڵەی دوایی پارتی و یەکێتی و، شەڕی میرنشینیی نێوانیان لە سەرێکەوە ئەزموونی باشووری کوردستانی بەرەو تێکشکان برد، لە سەرێکی دیکەوە خودی ئەم دوو حزبەشی زەبوون و ڕیسواکرد. ئێستا ئەوان جگە لە چۆکدادان بۆ تورکیاو ئێران، ڕێناچێ دەرفەتێکی دیکەیان لە بەردەمدا مابێتەوە.

بەلام تورکیاو ئێران وەک دوو داگیرکەری کوردستان و، وەک دوو وەچەی ئیمپراتۆری عوسمانی و ئێرانی تەنیا بەوە ناوەستن کە لە ڕێگەی خودی پارتی و یەکییەتییەوە ئەزموونی باشووری کوردستان تێکبدەن و، جارێکی تر گەلی کورد ڕاپێچی نێو دەوڵەتی عێراق بکەنەوە. بەڵکو دەخوازن ئەم دوو هێزە، وەک ئامرازو مورتەزەقەی ئیقلیمی بەکاربێنن: یەکەم- بۆ لێدان و لاوازکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا. دووەم- بۆ فشار خستنە سەر عێراق و پاراستنی بەرژەوەندییان لە عێراقدا.

سەیرە! دەڵێی مێژوو خۆی دوبارە دەکاتەوە.

بەدرێژایی زیاتر لە دووسەد ساڵ هەردوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و ئێرانی، لە شەڕەکانی نێوانیان و شەڕەکانی تریاندا سەرۆک خێڵ و میرە کوردەکانیان وەک داردەست و مورتەزەقە بەکاردەهێنان. یان وەک جاش شەڕی ئەم یان ئەو میرنشینی کوردیان پێدەکردن. کەم میری کورد هەبووە بەبێ ڕەزامەندی و هاندانی یەکێک لەم دوو ئیمپراتۆرییە پەلاماری میرنشینێکی دیکەی دابێت.

ئیمڕۆ تورکیاو ئێران دەیانەوێت مێژووی ئیمپراتۆرانەی تورک و فارس، مێژووی بەکارهێنانی کورد وەک مورتەزەقەو داردەست، بێننەوە بەرهەم. لە بەرامبەر ئەوەدا سەرانی باشووریش خەریکن مێژووی نۆکەرایەتی بێگانەو بوونە جاشی ئیقلیمی بێننەوە بەرهەم.

حوکمڕانانی باشوور هەر بەوە نەوەستان کە وەک جەردەیێکی عادی کوردستان تالان بکەن .. هەر بەوە نەوەستان کە لە سایەی حوکمی جەنگەڵئاسایاندا کوردستان بەرەو گەورەترین کارەساتی نەتەوەیی و، وێرانەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و کولتووری بەرن و، دزی و داوێنپیسی و ڕەشەکوژی بکەنە بەشێکی ئاسایی لە ژیانی کوردەواری، بەڵکو ئەوان وڵاتێکیان کوشت.

بەلام کێ دەڵێ وڵاتکوژان لەم سنوورەدا دەوەستن؟.. کێ دەتوانێ گەرەنتی ئەوە بدات کە ئەوان، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی تەسکی خۆیان، وەک مورتەزەقەیەکی ئیقلیمی پەلاماری بزاڤی ڕزگایخوازی باکور و ڕۆژهەلاتی کوردستان نادەن تا لەوێش خەون و ئاواتی گەلەکەمان لەناو بەرن.. لەوێش درێژە بە وڵاتکوشن بدەن؟

وڵاتکوژان، کە هیچ داب و یاساو نەریتێکی نیشتمانی و ئینسانی ناناسن، چاوەڕوانی هەموو کارێکیان لێدەکرێت.

تۆ بڵێی وڵاتکوژان لە داگیرکەران ترسناکتر نەبن؟!!

شیعری هەشتاکان (٤)

# چەند سەرنجێک دەربارەی شیعری نوێی سویدی بە تایبەت شیعری دوازدە شاعیری تەمەن خوار چل ساڵ

نووسینی : پاول بوروم
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: گۆران قەرەداغی

## 1

هەولم دا ، هەرچی شیعری نوێیی سویدییم لەم سالانەی دواییدا خوێندونەتەوە و باری سەرنجێکم دەربارەیان هەبووە ، کۆیکەمەوە . وەلێ دیارە نامەوێت هەموویان بهێنمە مەیدانی ئەم وتارەمەوە . دەمەوێ تەنیا خۆم بۆ دوازدە شاعیر تەرخان بکەم ، کە بەلای منەوە شایەنی خوێندنەوەن . هەندێ لە شاعیرانم لەبەر هۆگەلێکی میکانیکی هەلاوارد،

(تەمەنیان لە سەرووی چل سالەوە بوو: مادەلێنا گوستافسۆن Madeleane Gustafsson - یەکەم کۆمەلە شیعری 1979 ، ئەگنێتە پلێیل Agneta Pleijel - یەکەم کۆمەلە شیعری 1981 ، تووبیاس بێریگرین Tobias Berggren - یەکەم کۆمەلە شیعری 1969 ، یان ئۆینستەرگرێن Jan Östergren - یەکەم کۆمەلە شیعری 1973 ، رۆلف ئەگێستام Rolf Aggestam - یەکەم کۆمەلە شیعری 1973 ،

کریستەر ئێریکسۆن Christer Eriksson - یەکەم کۆمەلە شیعری 1977 ) . هەندێ شاعیری دیش لە وتارەکەمدا جێیەکیان بەرنەکەوت ، چونکە پتر باری سەرنجێکی نێگەتیڤانەم ، تا پۆزێتیڤانە ، لەسەر شیعرەکانیان هەبوو ، بۆ نموونە ( ڤێروپ

Werup ، سترێومبێری Strömberg ، هاگەرفۆش Hager- fors ، لونگ Lung ).

لەدوا چرکەدا سەری دنیام لێ هاتەوە یەک ، بە پەلەپرۆزێ و شلەژانەوە ، کەوتمە هەولدان بۆ پەیداکردنی ئەو کۆمەلە شیعرانەی کە تا ئەو دەمە نەمخوێندبوونەوە و ، دیارە دەبوو بمخوێندبنانەوە .

( ستەفان سوێدەربلوم - Staffan Söderblom ، لارس - ئینگە نیلسۆن - Lars _ Inge Nilsson ، ئینە توێرنگرێن — Ina Thörngren ، ئولف ئێرکسۆن Ulf Eriksson ) . بەداخەوە بەو پەلەپرۆنیە تەنیا تاکوتەرایانم وەگیرکەوتن ، ئەزیش بۆ خۆم پێم خۆشنەبوو ئەو پرنسیپەم بشکێنم کە بەبێ خوێندنەوەی تەواوی بەرهەمەکانی شاعیرێک ، بکەومە لەسەر نووسینی . بەهەرحال دوو کۆمەلە شیعرە دوایینەکەی ( توێرنگرێن ) م خوێندنەوە ، بەهرەم لە کۆمەلە شیعری ( پلنگ لە خۆرەتاودا سەمادەکا ـ 1979 ) دا دیت ، روونییەک و سۆزێکی شاعیرانەم تێدا بەدی کرد ، هەرووەک تێکەلەیەکیش لە رتووشکاریی « وردەکاریی » و ئەبستراکسیۆن — Abstraktion — تجریدیە امثالیە — شوێنەوارێکی ناشرینیان تێدا بەجێهێشتووە . کۆمەلە شیعرە نوێیەکەشی ( چەند گۆرانییەک دەربارەی کار- ئەنجامدانێکی نادلنیا ـ 1983 ) ، بریتیبوو لە هیوابڕانێکی زۆر فەرموون، تەنیا یەک نموونەی لاپەڕەی « 9 » .

**مەلی شوومی پێداویستی**
**مرواریيەک بە دەنووکەوە**

ئەمە نموونەی شیعری ستانداردی - باوی - سویدی نیشاندەرا دەتوانین بەردەوام شاعیرانی « نوێ » ی تری سویدی

بژمێرین : ( بوێریە لیندستریۆم ـ Borje
Lindström ، ئێلیزابێت رینێل ـ Elisabeth Rynell ،
نیکلەس تویرنلوند ـ
Niklas Törnlund ، رۆلف ڤولین ـ Rolf Wohlin ،
گوننار د. هانسۆن ـ
Gunnar D. Hansson ، کای گلانس ـ Kaj Glans ، ئۆکە
هودێس ـÅke
Huddes ، ئینگێ ـ بێرت تێلێدال ـTaljedal Inge _ Bert
. ئەمە جگە لە تووە فۆشستریۆم ـ Tua Forsström و بودیل
لیندفۆش ـ Bodil Lindfors ی فیندلاند ـ

سویدی و ... هتد ) ئەمە ئەو بۆچوونە پروپووچە بەدرۆ دەخاتەوە ، کە گوایە شیعری سویدی لەژێر باری گرانی هێڵێکی سیاسی چونیەکدا دەناڵێنێ و ئەو هێڵە سیاسییە رێی لێ بەربەست کردووە . هێندە شاعیران لە حەفتاکاندا سەریانهەڵداوە ، کە حەفتاکان سەبارەت بە شیعر ، تارادەیەک بە سالانێکی ئاسایی دەژمێردرێن . کە تا ئێستاش شاعیرێکی سەلێنەری بێ وێنە و بلیمەتی وەک « ئێکێلوێف ـ
Ekelöf ، لیندگرین ـ Lindgren ، ترانستریۆمەر ـ
Tranströmer ، یان لارس نورێن ـ Lars Noren » نەهاتۆتە مەیدان، هیچ پەیوەندییەکی بە هەلومەرجە دەرەکییەکانەوە نییە . ئەو دوازدە شاعیرەی هەنووکە من لام لاداون ، هێندە خاڵە هاوبەشەکانیان ـ خاڵە لێکچووەکانیان ـ چوونیەک نین ، تا شایستەیتیی ئەوەیان پێ بدەن ، کە بە ـ کەرەکتێری نەوەیەک ـ واتە مۆرکی یەک نەوە ـ ئەوەی خۆیان ـ بێنە ژماردن . حەفتاکان وەک چلەکان و پەنجاکان نییە ، تەنانەت وەک شەستەکانیش نییە ، ئەگەر مرۆڤ بکارێ ( لارس گوستاڤسۆن ـ Lars Gustafsson و یۆران سۆننێڤی ـ Göran Sonnevi و لارس نورێن ـ Lars Noren ) یان لێدەربهێنێ. لە هەشتاکانیشدا، بنەمایەک نایەتە بەرچاو بۆ بانگهەڵدانی گۆرانکارییەک. بەهەرحاڵ من لەبەر رۆشنایی ئەو سەرچاوانەی وەگیرم کەوتوون ، تایبەتمەندییەک لە هەشتاکاندا نابینم وەکی ئەوەی کە مرۆڤ لە دانمارک و نەرویژ و فینلاند دا ، بە روونی نەوەیەکی نوێی ئۆپۆزیسیۆن ـ دژ ـ بە سادەخوازێتیی سیاسیی و سایکۆلۆژیی شیعری حەفتاکان دەبینێ . ئەمە لە دانمارک توند بەستراوەتەوە بە هونەری « وێنەکێشانی سەیروسەمەرە » و رۆک مۆزیکی ( Punk and new wave )

1» ـەوە ـهەر وەک توندبەستراوەتەوە بە گەڕانەوە ـ بۆ شیعری میتافۆری میتافیزیکیی چلەکان .

لە سوید ، پێدەچێ خۆبەستنەوەیەکی فراوان بە نەریتێکی مۆدێرنەوە لە ئارادابێ ، کە بە شێوەیەکی سەرەکی نموونەی خۆماڵییانە لەبەر چاودەگرێ : « ئێکسیزتێنتیالیزم ـ وجودیەت » ی بلیمەتانە و تەلیسمیاویانەی ( ئێکێلوێف ) لەگەڵ هەندێ پلەی « سیمبولخوازیی » ( لیندگرێن ) ، واتە سروشت ـ

میتافۆری پەنجاکان ، ئەنجا کوڵ و سۆزی « ژانە وێژدان » ی ( سۆننێڤی) ، پێکەوە ئاوێتە دەکرێن . نموونەی چاولێکردنی بێگانە ـ دەرەوەی سوید ـ زۆر کەمن : کەمێک ( لیڤەرپوول ـ Liverpool و فێرلینگهێتی ـ Ferlinghetti ) لای (برونۆ ک. ئۆیەر ـ Bruno K. Oijer ).

گەلێکیش ( سیلڤیا پلات ـ Sylvia Plath ) لای ( ئێڤا ستریۆم ـ Eva Ström ) . لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەنگە رەسەن و تایبەتمەندەکان هەر کەمن ـ شاکارێکی بێ وێنەی وەک زنجیرە شیعرە بیۆگرافی ـ بیرەوەری ـ یەکەی (نیکلەس رۆدستریۆم ـ Niklas Rådström ) ،کە لەسەر

( ساندرا دێلا کویرسیا ـ Sandra della Quercia) دایناوە ، بە خێرایی گەلێک میراتگران و چاولێکەران ـ لاسایی کەرەوە ـ دەخولقێنێ ، زۆربەی ئەو شیعرانەش دەبنە « شیعری لاسایی کردنەوەـ Epigonpoesi » ، وەلێ بە پلەی بەهرەداریی و سەلیقەداریی و وردیی جیاواز : لە « خۆ ـ رۆڵبینینی » کالوکرچی ناو سروشتەوە تا دەگاتە « کۆنستروکسیۆنی ـ بونیاتنان» ی پەراوێزدار .

هیچ کام لەو دوانزە شاعیرەی لەم وتارەدا دەربارەیان دەدوێم ، ناکرێ بە وەستای ـ لیریک ـ ناو ببرێ ، بەلام هەموویان شتی بایەخداریان پێیە و لە شێوازێکی بایەخدارانەشدا دەریدەبڕن ، هەروەک خاوەنی
توانیستی نشونما و گەشەکردنیشن .

پێ بە پێی سالی بلاوبوونەوەی یەکەم کۆمەلە شیعریان ، ناوەکانیان ریز دەکەم 1 . ئێرک فیلکەسۆن ـEric Fylkeson ـ 1973 ، سالی لە دایکبوونی 1950 . 2 . برونۆ ک . ئۆیەر ـ Bruno K. Oijer ـ 1973، سالی لەدایکبوونی 1951
.3 . ڤیللی گرانکڤیست ـ
Willy Granqvist ـ 1974، سالی لەدایکبوونی 1948. 4 .
نیکلەس رۆدستریۆم
ـ Niklas Rådström ـ 1975 ، سالی لەدایکبوونی 1953 .
5 . ئێڤا رونێفێلت ـ
Ewa Runefelt ـ 1975، سالی لەدایکبوونی 1953.6.
ئێڤا ستریۆم ـ Ewa
Ström ـ 1977، سالی لەدایکبوونی 1947.7. کەتەرینا
فرۆستێنسۆن ـ Katarina

Frostenson ـ 1978، سالی لەدایکبوونی نازانم.8. ئێرنست برونئەر ـ Ernst Brunner ـ 1979 ، سالی لەدایکبوونی 1950.9. ئوله هەسلەر ـ Ole Hassler ـ 1979، سالی لەدایکبوونی 1945. 10. ستیگ لارسۆن ـ Stig Larsson ـ 1979، سالی لەدایکبوونی 1956 ( تایبەت بە پەخشانە شیعر ) . 11. کۆننی ئیسگرێن ـ Konny Isgren ـ 1980، سالی لەدایکبوونی 1948. 12. سڤێن توماس نوردلوێف ـ Sven Thomas Nordlöf ـ 1981، سالی لەدایکبوونی 1950.

ئیدی لەمەودا ریکوپیکییەک لە وتارەکەمدا دەبێت . بۆ نموونە لەو دوو شاعیرەوە دەست پێدەکەم کە زووتر لە هەمووان نۆبەرەکەیان بلاوکردۆتەوە ، هەڵبەتە نەک بە شێوەیەکی سیستیماتیکی ، چونکە وتارەکەم بە کەم تەمەنترین و بە تەمەنترینی ئەو دوازدە شاعیرە کۆتایی دێنم .

## 2

( برونۆ ک . ئۆیەر و ئێرک فیلکێسۆن ) لە سالی 1973دا ، پێکەوە وەک دوو نوێنەری سویدی لە بزاڤێکی ئینتەرناسیۆنالیستیدا ناسران ، داخوازییەکانی ئەم بزافە مەودای ئەدەبی شیعریی بەجێ ـ دەهێشت ، بەواتەیەکی تر (دەیویست هەموو شتێک بناخنێتە مەودای ئەدەبی شیعرەوە ) ریشەی ئەم بزووتنەوەیە ، دەگەرێتەوە بۆ پەنجاکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمێریکا. لە دانمارکیش ، هەر لە سالانی 1967 ـ 1968 ـە وە دەربرینێکی شیعرییانەی بەخۆوەگرت ( لارس نورێن ـ بە ڤیرسیچمەیی ـ سووربوون و کزڵنەدانی ـ خۆی ، بووە ریشکێنەری ئەم ڕێبازە ) . ( ئۆیەر )بە « هیپی ـ ئەنارشیزم»

ـە کەی « 2 » هێمایەکی گەورەی ناهەنگە شیعری دروستکرد، کە لە نایەخترین ـ خراپترین ـ دۆخدا وەک شاعیرانی ( فیرلنگهێتی و لیڤەرپوول ) لە رۆنی دلرفێنییدا دەبریقێتەوە، لە باشترین دۆخیشدا بەشێوەیەکی« ئیستاتیکییانە ی بەرز ، ئەو « ئاژاوە شۆرشگێرانەیە » دەخاتە مەیدانی پراکتیکەوە ، کە بۆ خۆی لە سالی 1974دا بانگی بۆ دەدا و ، ( بورۆش ـ Burroughs ) یش لە مێژ بوو خستبوویە کارەوە . وەلێ ( ئۆیەر ) سەرئەنجام بە کاملییەکی کتوپرەوە لەتەک کۆمەلە شیعری « ملپەرێن ـ مەقسەلە ـ Giljotin »دا ، سالی 1981 لەو کالوکرچییە سەری دەرهێنا . ( ئۆیەر ) ی بیست سالان ، دەیویست ببێتە ( بۆرۆش ) یکی سویدی ، وەلێ لە سی سالیدا دەرکەوت « هارالد فۆرس ـ Harld Forss » یکی نوێیە ، ( ئەمە هیچ مایەی ئەنگیی نییە ) ، بەتایبەتی زنجیرە درێژەکەی سەد و بیست و چوار کورتە شیعری

« ملپەرێن » ، سەد و بیست و چوار کورتە شیعری دلرفێن . جارێکی دیش « دلرفێن» بە هۆی ئەو سنووردارێتییەوە کە شیعرەکان بۆ خۆیانیان پەسەندکردووە . دوو نموونە

یەکەم : لاپەرەی نۆ، یەکەم کورتە شیعری ئەو 124 شیعرە

## " 3" Confetti ـ شیرینیی

چاوانی جوان
بەسەر
ئەم دێرانەدا
دەخولێنەوە

ئەم کورتە شیعرە بە هەموو سادەییەکییەوە ، تا بلێی شیعرێکی رەوان و جوان و ناسکە . بەخۆدا هەلدان و خۆ ـ خۆشویستنێکی ئاوا ـ نە تەنیا ئاوا و بەس ـ بەلکو شاعیرێتی لە درشترین خەوش بەوە دەپارێزێ کە ئەو ئەڤینداریتییە ، ئەو گیرۆدەبوونی سۆز و خۆشەویستییە ، بەرەورووی خوێنەر دەکاتەوە . ئەو شیعرە رۆلی کردنەوەی ـ ئیفتیتاح ـ ی لە سەرنجراکێشانی خوێنەردا هەیە ، بەلام لە رێگەی پیاهەلدانی خوێنەر خۆیەوە ، کە ئەمە هیچ خەوشێکی تێدا نییە . لەهەمان کاتیشدا سەرنج بۆ بزووتنی فیزیکیی خوێندنەوەکە و ـ شکاندنەوەی نێوان ئەو چوار دێرە ـ رادەکێشێ ، سیمبۆلێکی مەبەست بەخش ـ ( کە رەنگە بە خەیالی زار هەلدانەکەی « مالارمێ ـ Mallarme»

ـە وە بێ ) ـ شیعرەکە فراوان و پر ناوەرۆک دەکات ئەم شیعرە تا حەزکەیت جوان و ناسکە . ئێستاش هەوار دەبەینە لاپەرەی 109 و شیعری ژمارە 101

لە کەتەلۆگی تەلەفۆندا
ناونووس گراون
بە گوێرەی ریزی ئەلفوبێ
لە خاچیان بدە

لێرەشدا بەهەمان شێوەی ناسک و جوان کەلک لە کەراکتێری ئیکۆنی ( Ikonkaraktär ) «4» .

ئەو چوار دێرە وەرگیراوە ، وەلێ لەوێشدا هەر کۆنە ـ رووتیی و سادەییەکەی پێزە ـ چڕ و پڕە کەیە

(Epigram): : کە پێچەوانەکەشی هەر راستە . شاعیرێکی پۆزەتیف و بەرچاو رۆشن دەیتوانی لە بری « لە خاچیان بدە » « بیانژێنەوە » بەکار بێنێ و ، شیعرەکەش هەر وەک خۆی بە کاریگەریی بمێنێتەوە . ئەم شیعرە ئەوە نیشاندەدا کە سادەکردنەوەی ئایدیۆلۆژیا تا چ رادەیەک ترسناکە: ئەوەتا گشت ئەو خوردە بۆرژوایانەی توانای بوونی تەلەفۆنیان هەیە ، لەوێدا سەرجەم لە خاچدراون .

( فیلکەسۆن ) پتر سروشتێکی گاڵتە جاڕییە ، وەلێ لەسەر هەمان ئێستێتیکی بۆنە ـ کاتیی ـ دروستبووە . گولبژێرێک لە پەخشانە شیعرەکەی 1972 ـ 1979 بەناوی « باوکێک بۆ ئەندێشەکانم » دەریدەخا چەند رەسەنانە رەفتار لەگەڵ ئەبسوردیزم ـ Absurdism ـ لامەعقول ـدا دەکا . پاشەکیی گولبژێرەکەی بەم وشانە بۆ کتێبەکەی کۆتایی پێدێنێ : « ئەم شیعرانە بە هەموو شت قایل نین ، لەگەڵ هەموو شتێکیشدا نین ، ناخوازن هیچ شتێکیان لە یاد بچێ . کەچی بە گشت توانایانەوە لەدووی لێبوردن و ئاشتبوونەوە دەگەڕێن » . ئەمە خۆی لە خۆیدا داڕشتنێکی هونەرییانەی ناسکی دووبەرەکیی نێوان تورەکردن ـ تحرش ـ و سادەیەتی ناو خودی ( فیلکەسۆن ) خۆیەتی .

کۆمەڵە شیعرە نوێیەکەی « لە خزمەتگوزارییدا » خەتەرناکیی ئێستێتیکی ـ بۆنە ـ کاتیی دەردەخات . بەتایبەتی یەکێک لە کۆپلە کۆتا پێهێنەرەکانی رازی بوونێکی تەلیسماویی بە « نەبوونی هۆیەکانی پەیوەندی و هاتوچۆ ـ Lack of communication » دەردەخات ، کە بریتییە لە یانسیبی ـ چارەنووسی ـ شاعیرێکی دەرەکیی . باشترین شیعرەکانی ئەم کۆمەڵە شیعرە ئاسانییەکی ناسویدییانە لە هاوسەنگکردنی کۆنستروکسیۆنە پڕ لە سیمبۆلەکاندا نیشاندەدا . ئەمە بۆ نموونە ، شیعری « کەشتی ـ پاکیزە ـ Jagare _ Oskuld » « 5 » ( سفینە ـ عذراء ) دەگرێتەوە . ئەو بەشەی لە ناوەڕاستی شیعرەکەدا خراوەتە نێوان دوو کەوانەکەوە ، لابردنی نەک هەر زیان نابەخشێ ، بەڵکە بە قازانجیش دەشکێتەوە لەسەر شیعرەکە :

1

**لە کەشتێکەدا قاپەکانم**
**لە چێشتخانێکی پڕ کەرەسەی خەواڵوودا شت**
**پیازێکی زۆرم خوارد .**
**قاپەکانم وشککردنەوە و خستمنەوە جێگای خۆیان**
**پەیڕەوی خشتەی کۆدی رەفەکانم کرد .**
**خۆمم بە جۆرێ شەربەتی رۆحیی و**
**فەرهەنگێکی شەوانە دەرباز کرد و**
**لە شێوەی هەڵاتنی کۆن هەڵاتم .**

**پاشان : تاسەکردن و**
**پاش تاسەکردنیش : تاسە نەکردن .**

( . . . . . . . . . )

3

**تا ناخێکی خەواڵوو سازبکەم**
**لە کەشتییەکدا وشەکانم بژار کرد .**
**بە تەنەکە ناو و دەستەواژەم کەلەپاچە کرد و**
**فڕێم دانە دەرەوە**
**هیچ شتێکم لە دزیان نەبوو ، بەڵام**
**لە چێشتخانەیەکدا پێکەوە هەڵمان نەدەکرد .**
**هیچ بە تەنگەوە نەبووم**
**گوێم بەوە نەدەدا ئەگەر بمێنن و**
**ژیانیان بکەوێتە بەر بڕبەندی خەڵکانی دی .**

**پاشانیش : یادگاری وشکە زریانێکی ..**
**رازێنەری تایبەت .**

پیم وایە چیرۆکەکانی ئەو شیعرە ، کە هەم لە لایەنی پۆزەتیف و هەم نێگەتیف کەیلن، دەکرێ بە خاڵی دەستپێک و بەردەوامبوونی هەڵاتنی شیعر دابنرێن، لە دەست شێوازە ـ هەڵاتنی سواو و کۆن .

( سڤێن توماس نوردلوێف ) یش لە پێناوی سازکردنی ناخێکی خەواڵوودا وشەکان بژار دەکات . هەڵبەتە رێکەوت نییە کە کۆمەڵە شیعری « بانگنەکراوەکە » ـ یەکەم کۆمەڵە شیعریتی لەو دوو کۆمەڵە گچکە و بایەخ پێنەدراوە ، بەڵام لە

شیعر چڕ و پڕه ـ که له لایەن هەمان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەوە ( Janus ) له ساڵی 1981 دا چاپکراوه ، که کۆمەڵە شیعرەکەی ( فیلکێسۆن ) یشیان بە چاپ گەیاندووه .

لەگەڵ ئەوەشدا که ( نوردلوێف ) گەلێک تایبەتمەندێتی خۆی هەن ، وەلێ له وردەکارییه ئەبستراکتەکەیدا ، ( فیلکێسۆن ) مان وەبیر دێنێتەوه . رشتەی ـ تیمای « گۆڕین »ـه کەشی له تەک « بەخشندەیی » یەکەی ( فیلکێسۆن ) دا هاوسەنگ و بەرابەر دەوەستێتەوه . کەچی هێشتا ( نوردلوێف ) گەلێک له ( فیلکێسۆن ) ئەدیبتر و شاعیرتره ، له وردەکارییدا هەمیشه شاعیرانی رابوردوومان وەیاد دێنێتەوه ، هەر له ( ئێکێلوێف ) ـەوه به ناو شاعیرانی چلەکاندا : ( ئەلفۆنس ـ Alfons و لیفنەر ـ Liffner ) ، تا دەگاته سەر ( ترانستریۆمەر و تویباس بێریگرێن ) .

لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکانی ( نوردلوێف ) هەموو پێکەوه ، رەسەنایەتییەکی قووڵ دەنوێنن ، بەڵام پێکەوه شەتەکدانی شیعرەکان ، بۆته هۆی سنووردارێتیی مەودای فراوانیی شیعرەکان : شیعر لەدوای شیعر ، دەیانەوێ شیعرناسیی « Poetik » دەربڕن ، ئەمه دەبێته شێوەیەک له مێتا شیعر « Metapoesi » .که نەک هەر دەشێ مایەی کاریگەرێتی بێ ، بەڵکه بۆ « بوون ـ Existens » یش به هادار و بایەخدار دەبێ . هۆنراوەی « کۆماندۆ ـ commando » له کۆمەڵە شیعری دووەمدا « کارت و کلیلەکه ـ 1983 » ئەم بۆچوونەمان دەسەلمێنێ ، ئەم هۆنراوەیه پێشکەش به ( ئێریک فیلکێسۆن ) کراوه :

**کۆماندۆ**

**وشک راوەستاو !**
**گوێ ، له هەمبەری شیعردا**
**پەنجەش ، بەرامبەر به وشه**

**شیعر دەبێ وشک راوەستێ !**
**وشەش به چوار لادا بخولێتەوه**

**لەودیو ئەم شووره وشەیەوه**
**نه پشوودان هەیه ، نه ئاسوودەیی**
**شوورەکه هەناسەی یادخستنەوەکه دەدا :**
**تۆ دەبینرێیت !**

ئەم شیعره شیعرێکی تەلەگرامییه ، لەهەمان کاتدا پتر له پێویست و کەمتریش له پێویست دەبێژێ . گومان لەوەدا نییه که شتێک دەبێژێ و ، ئەو دەنگەش دەنگی ( نوردلوێف ) ـه نەک کەسێکی دی .

( کۆنتنی نیسگرێن ) له وشەدا ـ به چاک و خراپییەوه ـ گەلێک له ( نوردلوێف) دەوڵەمەند تره، بەڵام هەمان میتافیزیکی « گۆڕین » ی چلەکان دەپەرستێ . له یەکەم کۆمەڵە شیعری « سەرلەنوێ بمکوژه ـ 1980 » دا ، شێوازی دەربڕین له نێوان (ناوکه شیعر ـ Punktlyrik ) « 6 » ی ( نورێن ) ئاسا و ( رەوته شیعردا ـ Förloppslyrik ) « 7 » دابەش بووه . رەوته شیعر له کۆمەڵە شیعری « مەلەوان ـ 1982 ) دا گەشەی کردووه . ( نیسگرێن ) له « مەلەوان » دا بوێرانه دەدوێ ، بەڵام بێ ئەوەی بوێرێ به راشکاویی مەبەستەکان بدات به دەستەوه . رووداوەکانی ناو « مەلەوان » پڕن له « رێتۆریک ـ ختابییەت » ، پڕن له « ئەبستراکتی رۆمانتیکیی ـ التجریدیه الرومانسیه »، که مۆزیکی ( لیندگرێن )یانه و میتافۆریکی تەواو تەلیسماوی ( ڤینبێری ) یانەیان تێدا بەرجەسته بووه . له کۆمەڵە شیعری « کتێبی لاڵەکان ـ 1983 » دا ، پێدەچێ ژیان به مێتۆلۆگی کردنی ( ئێڤا ستریۆم ) کارێکی باشی کردبێته سەر ( نیسگرێن ) . پێدەچێ هێمای کەسایەتیی ( نیسگرێن ) لەرووی دەروونییەوه وەها گەمارۆ درابێ، که ئەگەر له دوا رۆژدا لێکۆڵینەوەیەک لەسەر (نیسگرێن) بکرێت، دەبێ بەهەمان پله ، پەیوەندی به وەرگێرانی بیۆگرافیانەوه هەبێ ، که ئەمرۆ له لێکلینەوەی (ئێکێلوێف )دا هەیە!. نیشانەی خۆبه دراماکردنێکی ماسۆشیستیانه ، به ئاشکرا له لاپەڕه شەشدا دەردەکەوێ:

**، بەبێ سووکایەتی پێکردن ئازادیی نابەخشرێ ،**

له لاپەڕه سیو پێنجیشدا دەڵێ :

**کێ دەکارێ ترس روونبکاتەوه ؟**
**تەنیا چاو ، که بەترس دەردەپەڕێ**
**تەنیا ترس دەتوانێ بەبێ ناواخن**
**ناخمان پڕ پڕ بئاخنێ .**

ئەگەر ئەمه شیعرناسیی ـ poetik ـ بێ ، ئەوا زیاد له پێویست ناوەرۆکدار و له هەمان کاتیشدا زۆر بێ ناوەرۆکه .

گومان له بەهرەداریی ( کۆنتنی نیسگرێن ) دا نییه ، دەبێ چاوەڕوان بین تا بەسەر چاوه دەربەرییەکانیدا زاڵ ببێت ، نه

تەنیا خۆی فێری « ئاخافتن » ، بەڵکو خۆی فێری « خۆ هەڵرشتن » یش بکات . ئێستا لە یەکەم زنجیرە شیعری کۆمەڵە شیعرەکەیدا توانیوێتی دەربڕین و راگەیاندن ــ پەیام ــ پێکرا لەتەک پێزی زماندا ئاوێتە بکا . « نۆ بانگەواز ( بۆ دایکم ، لەمەڕ بەردەکان ) » فەرموون بزانین ژمارە ــ 8 ــ ی ئەو ــ 10 ـ « ! » پارچە شیعرە چۆن دێتە گۆ

**هێندە لە نێوان درزی وشەکاندا**
**حەواوەمەتەوە**
**کە دەستەکانم دەتوانن**
**چیای نوێت بۆ هەڵچنن .**

بەڵێ ، بێگومان ( کۆنتی ئیسگرین ) ئەو « چیا نوێیانە » هەر دروست دەکا

## 3

لەوە دەچێ ( یللی گرانکڤیست ) زیاد لە پێویست بە دروستکردنی چیای بچووک بچووک قایلبێ . بەڵێ ، ئەو چیای ــ گچکە گچکە ، وەلێ بێخەوش و تۆکمە ــ ی لا دەستدەکەوێ . شیعری یەکەمی یەکەم کۆمەڵە شیعری ، لە شەش کۆمەڵە شیعر ، « تەنەکان و بۆشاییەکان » ، بە شیعرێک لە ژێر ناونیشانێکی نموونەییدا « سوێندخواردن » ، دەست بە (پۆێتیک ــ poctik )دەکات ، کە شاعیر هەمیشە بۆی ئەمەکدار بووە ، بەڵێ مانیفێستێکە بۆ « زمانە بچکۆلانە خوێنشیرینەکە » ، یا هەر وەک خۆی ــ کە لە دوا کۆپلەدا ــ دەڵێ

**زمانێکی / چڕ لە ئارامیی / کە پێی بگەمە مەرام .**

بەڵێ ، ( گرانکڤیست ) لە راستیدا دەگاتە مەرام ، کۆمەڵە شیعر لەدوای کۆمەڵە شیعر، زێتر بەرەو پێشەوە خۆی دەکوتێ
لەهەمان کاتدا لاوازییەکانی (گرانکڤیست) و سنووردارییەتییەکەی هەردەم وەک یەک بە روونی دەبینرێن . تێکنیکی « ساتس ــ رستە ــ ، ئەنتی ساتس ، بەرداشە ساتس ــ Slutsats » ـە کەی ، کە ( ئێکیلوێف و ترانستریۆمەر و سۆننێڤی ) تێدا یەکانگیر دەکا ، دەشێ ( گرانکڤیست ) لە تێکنیکێکی میکانیکی زۆر نێریک بخاتەوە ، دەشێ تەلیسمە بیۆلۆگییە گەردوونییە سادەکەی، لە هێما و وێنە شیعرییەکانیدا هێنکجار تەڵخ بنوێنێ .گەلێ شیعری

(گرانکڤێست) هەن ، کە تیایاندا هێز و بێ ڤیزیی پێکەوە پەیوەستبوون . بەتایبەت لەدوایین کۆمەڵە شیعرەکەیدا « تاریکیی ــ 1982 » . فەرموون ئەوە نموونەیەک .

**ئامێزگیراو لەناو کەوڵی مردووانەوە**
**گەردیلەکان لە سەوزە گیای ژەنیوەریدا روابوون**
**تەن . کۆکەرەوەیەکی ڤیرسیچمەیان بوو**
**تاڵە گیایەکان بۆنێکی خۆشیان لێ دەهات !**
**ئاژەڵی مردارەوەبوو دەستیپیان لێ دابوون**
**تووڵی نوستووی توتڕکەکان**
**بە تانوپۆی تەیمانەکەدا هەڵگەڕا بوون**
**بیۆلۆگییەکی رەشهەڵگەڕاو**
**نێوان پەراسووەکانی دەپشکنی .**

**چۆن کەسێک لە پەنا پێستەوە بچرپێنێ**
**ئاوا منیش ، دواتر**
**لە هاژەی زستانە دەریای خەو بینین**
**بێدار بوومەوە .**
**دەریا ، رووەکە مردووەکان و ..**
**ئاژەڵی مردارەوەبووی**
**بۆ سەر کەنار رادەماڵی**
**خۆیان دەبزوان ، هەر وەک نەبزی کوژاوەیان**
**هێشتا ویست و توانای خۆسەپاندنیان تیا مابێ .**
**توێخ ، ئێسک ، چەپکە قژ**
**خۆیان لە پێ دەسوو .**
**بایەکی توند هەڵی کردبوو**
**من لە سەرمانا دەلەرزیم**
**لەو دوورە ، لە سەری ئەو سەر**
**لە ژێر ئەو ئاسمانە چەماوەیەدا**
**دەریا لە ناو درزەکانی خۆیدا**
**کەفی دەچڕاند .**

**ئۆبژێکتیڤانە لە خەو بێدار بوومەوە**
**جەستەم لە ناو ئەو بێدەنگییە گەورەیەدا**
**بەند کرابوو .**
**ئەو تاریکییەی ، لە ناو کەوڵی مردووانەوە هەڵ هێنجرابوو**

**زنجیرەیەک رووداوی هەمەچەشنەی لە گۆڵدا بوو**
**کە هەمیشە دووبارە دەبوونەوە .**

( نیکلەس ڕۆدستریۆم ) یش وەک ( ڤیللی گرانکڤیست ) له تێکنیکدا بالادەست و بلیمەته ، بەلام ئەم به سنووردارێتیی خۆی ، له ( گرانکڤیست ) رەزامەندتره ، که به دلنیاییەوه ئەو مافی رەزامەندییەی له ( گرانکڤیست ) ، کەمتره . دوای دوو کۆمەله شیعری کالوکرچی « نوێ ــ رۆمانسی و نوێ ــ پەنجاکان » له 1975 ــ 1977 دا ، دوای رۆمانێکی « هیچ » ، نانی ( رۆدستریۆم ) کەوته رۆنی بەیته رۆمانەکەیەوه ، که له سالی 1979 دا ، به ناوی ( چەند هۆنراوەیەک لەمەڕ ژیانی« ساندرۆ دیلا کوێرکیاس » . ) وه ، به چاپی گەیاند.

ئەم کۆمەله شیعره ، بریتییه له بیرەوەریی ــ بیۆگرافی ــ یەکی خەیالپلاویانەی سەرنجراکیشەر ، له توێی رسته و بەیتی ئازاد و بەربەرەلای بۆشناخدا . کاتێکیش ( رۆدستریۆم ) وەک لیریکنووس ، به کۆمەله شیعری « سێبەر ــ 1982 » ـه وه سەری هەلدایەوه ، ئەو خەیالپلاوییه مێژوییەی نەمابوو ، تا خۆی له پەنادا حەشار بدا . دیوانه بۆشناخ و دلفڕێنه پڕ له رتووشه ــ شیعرەکەشی ــ به نابەدلیی ــ ئەوەی نیشاندەدا که ( رۆدستریۆم) هیچی پێ نەماوه رایگەیەنێ. ( ئۆتتو مانهێیمەر ــOtto Mannheimer ) له رۆژنامەی « Dagens Nyheter » دا لەمەڕ ئەو شیعرانه دەنووسێ :

« شیعرەکان له تەندروستییەکی باشدان ، وەک ئاو و دۆ رەوانن » ئاوا .. بێ ئەوەی پێ بزانێ ، به هێزترین رەخنەی له دژ شاعیرێتی ( رۆدستریۆم )، لەو چەند وشەیەدا بەرجەسته کرد !! . ( لارس گوستافسۆن ) یش له رۆژنامەی « Expressen » دا ، لێکۆلینەوەیەکی رەخنەگرانەی دەربارەی یەکەم کۆمەله شیعری شاعیری ناوبراو نووسی، که لەسەر بەرگی رۆمانەکەی «Vitnat ــ شەوی سپی » ، ئەم چەند وشەیەی رەخنەکه ، چاپکراوه : « ئەو شیعرانه زۆر سەلمێنەرانه باسی بەهرەی لیریک دەکەن، چرووپرییەکی جوان، ئەو هاوسەنگییه هەلبژێردراوەی نێوان ماتریالەکانی شیعر، که توانای بەخشینی ئەو چێژ و هەستپێکردنه تایبەتییەی هەیه، که شتێیەکی « ئۆبژێکتیڤ ــ بابەتیی » دەیبەخشێ . شتێکی وا که لەم جیهانەدا، هەرگیز نەدەکرا به شێوەیەکی تر با » . مرۆڤ راستەوخۆ دەبینێ و گوێشی لێیه، که چۆن مام (گوستافسۆن) ملچەملچی مژینی مەساسەی ئەو شیعرانەیەتی !! .

ئەگەر بلێین (نیکلەس رۆدستریۆم) گەلێک کەمتری له پێویست پێیه ، ئەوا دەتوانین بلێین (ئێڤا رونیفێلت) زۆر زیتری له پێویست پێیه. له هەر سێ کۆمەله شیعرەکەیدا، مرۆ هەست به خواستێکی روون و ئاشکرای نووسینی لیریک دەکا ، وشەی وەک « کلپه » و « خواست » چەندین جار دووباره و سێباره دەبنەوه (ئێڤا) هەولی هەناسەی درێژ دەدا « درێژ وەک هەناسه و هەناسه دانەوەکەی ــ توبییاس بێریگرێن ــ » . ئەمەش شایەنی ئەوپەڕی شانازییه. (ئێڤا رونیفێلت) پتر له هاوتەمەنەکانی ، خۆی بۆ شیعر تەرخانکردووه ، وەلێ هەر وەک ئەوان، ئەمیش هەمان تێکەلەی میکانیکییانەی ئەبستراکسیۆن و سروشته ــ میتافۆریکێکی ماندووه. ئەو دەمانەی باشترین سەرکەوتن وەدەست دێنێ، که کەم دەخوازێ ، که « تەنیا » رێ بۆ ئەندیشه و زمان خۆش دەکا پێک بگەن و لێک بنالێن ، هەر وەک له لاپەڕەی « 28 » ی دوا کۆمەله شیعرەکەیدا (ئاگوستی ــ 1981» له شیعرێکی چکۆلانەی بێناودا دەلێ :

**پەردەیەکی خوری تاریک**
**خۆی بۆ ناو**
**توتن ، سوێریی و**
**خێلی مردووان وەردەچەرخێنێ :**
**بایەکی شینی تاریک**
**له کەوانەی ریشەداری ماسییەوه**
**خۆی دەرباز دەکا**
**بالیش ، له مەرگی کلێشەکراوی پەپوولەوه**
**دەردەچێ .**
**له نێوان گرێچنه شاشەکانی پەردەکەوه بڕوانه :**
**شەوه بروسکەکان ، تیشکه گولله**
**بنی تەنکی شەوگار دەسمن و**
**چاوه زیندووەکانی ناو ژوورەکه دەپێکن .**

ئەگەر (ئێڤا رونیفێلت) تڕادیسیۆنێکی ــ ئەرێتی دوارۆژخوێنەرەوەی، زۆر کۆن و مۆدێرنیش بێ، ئەوا ( ئێرنست برونئەر) له مۆدێرنیزمدا هوشیارتره. شیعرەکانیشی زیتر بەرنامه رێژانه ، له خانەی پەخشانه شیعر و ریالیزمدا جێگه کردوونەتەوه ــ وەک بیەوێ ئەوه بسەلمێنێ که ئەو جۆره شیعر نووسینه، دەکرێ له چوارچێوەی تڕادیسیۆنی مۆدێرنیزمدا بەرجەسته بکرێ. لیریک لای (برونئەر) بێدەنگ و دوورەپەرێزه ، ئەم پتر ئەرمه شیعر ، به میتافۆرێکی تێروتەسەل دەنووسێ ، بۆیه دەگونجێ به ( ئەسپێنستریۆم ــ Aspenström ) ی ئەرەی خۆی نێو ببرێ ، وەکو ئەوەی که ( رۆدستریۆم )یش به (لارس فۆرسێل) نێو دەبرێ . « له کاتژمێری سێدا هەلوێست دەگۆڕم

ـ 1979 » ، «باشووره رێگاکان ـ 1980 »، دوو کۆمەڵە شیعری گەلێک جوان و کارامەن ، وەلێ بەهۆی هۆشیارییە بەرینەکەی شاعیرەوە ، رێگەیان لێ براوەتە بەست . مەبەستم هۆشیاریی لە مەڕ ئەدەبی جیهانیی نییە « ئەم هۆشیارییە زیانێکی نییە » ، ئەوەی من مەبەستمە ، ئەو هۆشیارییە ـ یە کە شیعر دەنووسێ .. شیعر » . لەو سێ شیعرە درێژەیدا ـ کە لە مەڕ (سویدەرگران ـ Södergran و لینین ـLenin و پیریکی وەرزشەوانی « راکردن » ی ئەناس، کە دەمرێ) لە کۆمەڵە شیعری « زۆر بە گشتیی ـ 1982 » دا ـ نووسیونی ، ئەو دڵە راوکێ و ترسولەرزەی شاعیر ، بەو ژمە چیرۆکە شیعرە ، تاڕادەیەک دەرەوێتەوە . بەڵام لەبری ئەوە مەرگە ـ خیتابییەک ـ دێتە مەیدان ، کە پێدەچێ پتر لە پێویست حیسابی بۆ کرابێ ئێکسپرێسیۆنیزمی ـ Expressionism ـ « 8 » روسی و لیریکی گەشەکردووی سویدی ، بە جوانیی و ناسکییەکی سەرنجڕاکێشەرانە ، پێکەوە ناتوێنەوە . بۆ نموونە لەم دوایین شیعرەدا ، کە بۆ لینین نووسراوە :

بەڵێ ، من تۆم دیوە
دیتنی تۆ هیچ نەبوو
منیش ئاوا .. قنج راوەستاو
قەدەرێکی باش
لە زەوییەوە هەڵچووم
زۆر بە وردیش
لە رۆحێکی ئاگرین گیراوم ، لینین
مۆدێلێکی بەسەرچووی چەق و ئێسک
کە وەک ، کەشتی ناو شووشە ، « 9 »
ستوونی چارۆکەکەی بە زەحمەت راست بۆتەوە و
لەناوەوەمدا ئامادەی جمانە
بە بۆ ئەیەکی پیرۆزەوە
بەفر ، لە ئاسمانەوە نێردراوە و
بە تەقەڵی منداڵانەی شاش شاش
ئەستێرەکان بە سنگمدا دادەدوورێ ،
بۆ مردووان و زیندەوەران
دەمکاتە پەیامبەرێکی
هەتا هەتایی .

## 4

دوو کۆمەڵە شیعرەکەی ( کەتەرینە فرۆستێنسۆن ) : « خاکی خاوێن ـ 1980 » و « ئەوی دی ـ 1982 » ـ جێی داخە کۆمەڵە شیعری یەکەمیم کە لە 1978دا بە چاپ گەیێنراوە چنگ نەکەوت ، پێدەچێ لە ئەرشیفی ئەدەبدا وەدەرنرابێ ـ بەر لە گشت شت ، سەرنجی مرۆڤ بۆ شیعرنووسینێکی رەسەن رادەکێشن . خانمی شاعیر ، تەواو جودا لە شاعیرانی دی ـ دەپەیڤێ ـ .

« ئەمە بیرەی مامناوەندی نییە .. نێ ! » هاتووچۆ و بزووتنی زمان لە توێی دێڕەکانی (کەتەرینە) دا بە نزیکترین شیعری نوێی سویدی، لە هونەری تابلۆکێشانی هاوکاتەوە، واتە تابلۆکێشانی ئەبستراکتیی ـ تەمومژاویی ـ سەیروسەمەرە ، دەناسرێ .

بەبێ ئەوەی پێویست بە پێناسەکردنی ئێستێتیکی ـ جوانناسیی ـ ژنانە بکات ، مرۆ دەوێرێ ئەوە رابگەیەنێ ، کە زمانی شیعرەکان ، زمانێکی تایبەتی ژنانەیە ، کە بێگومان لە ئەنجامی ئازادیی ژنەوە هاتۆتە کایەوە . هۆشمەندیی ئەم ژنە شاعیرەش لەو بوارەدا ، لەم شیعرەدا دەردەکەوێ کە لە 1980 دا ، لەژێر ئەم ناونیشانە فرەمانایەدا نووسیویتی : « خانووەکە ژنانەیە » شیعرەکە ئاوا دەستپێدەکا:

خانمێک
بە چاوە گەورەکانییەوە
لە شەو و رۆژەکانەوە
بێ تروکاندن ، بێ بزواندن
بە شووشە دڵڕەقە لاکێشەییەکاندا
دڕوانێ
کەچی ئەو خانمە لە ناخەوە دەلەرزێ
جووڵەی لێدەبڕێ ،
بەرز دەبێتەوە
هەڵمی لێ هەڵدەسێ .
ئەم خانمە هەموو شتێکی
لە چوارچێوەی داخراوا ، حەشارداوە .

دوادێر: «هەموو شتێکی لە چوارچێوەی داخراوا، حەشارداوە » رستەیەکی فرە مانایە ، نە تەنیا ئەو هەموو لە ـ ئامێزگرتنە ـ ، بەلکو ئەو گشت ـ داواکاریی و قووتدان و دەرگالەسرداخستنە ـ ش لەو فرە مانایەدا جێدەکاتەوە . (کەتەرینە فرۆستێنسۆن) یش وەک هەندێ لە نووسەرە ژنەکان، مەبەستێتی باسی ـ ژنێتیی بکا، کە بۆخۆی گرێیەکی دەروونییە. بە تایبەتی لە کۆمەڵە شیعری « ئەوی دی » دا هەستدەکرێ کە چۆن ئەو زمانە ژنانە ـ دەروون نەخۆشە ، بە

تۆپزیی، وەکو فیلمێکی بێ کەلکی ( بێرگمان ـ Bergman ) ، خۆی تێدەترنجێنێ. دوای بازدانم بەسەر «14» دێڕدا، هۆنراوەی « خانووەکە ژنانەیە » ئاوەها کۆتایی دێ:

**رۆژێکی سەهۆڵبەندانی خۆرەتاو**
**باڵدارێکی گەورە فڕی**
**رەشپۆشێک سەرەوژوور بۆ ناو چاوێک .**
**هاواری کرد :**
**وا من دەفڕم !**

**چاوەکان هەموویان دەرپەڕین**
**بەڵام هیچیان لە شووشەکە نەهاتنەدەر .**
**قیژەیەکی شێتیی و تووڕەیی**
**باڵدارەکە . تەنیا . دەیویست چاوەکانی خۆی ببینێ .**

**پاشان خامۆشیی گشت شتێکی تەنییەوە**
**نە هەڵهاتنێ ما**
**نە بەربوونەوەیێ .**

**سەهۆڵ لەسەر پشتی خانمەکە ئارامدەگرێ**
**پیاوان بە سەریدا رادەبوورن ، باڵدارەکانیش**
**ئەو خانمە لە نێوان شەو و رۆژەکانەوە دەڕوانێ**
**چاوە گەورەکانی لە هموو شوێنێکن**
**لە سکیدان ، لە سنگیدان**
**وەک ساوایەکی هەمیشە گەورە .**

**لەم شەوەدا ، یەکێ لە چاوە گەرمە ..**
**سوورهەڵگەڕاوەکانی دادەگیرسێنێ**
**منیش دەستی ئیشارەتی بۆ رادەوەشێنم و**
**تێی دەڕوانم**
**ئەویش بۆ من دەڕوانێ و**
**نیگاکەشی بەلامدا تێپەڕدەبێ .**

مرۆڤ ئەگەر ئەو هۆنراوەیە ـ وەک وێنەیەکی ژنانەی ئەبستراکت و سەرنجڕاکێش ، یان وەک موزیکی « Joy Division » ، بەوپەڕی « سینتاکس ـ Syntax ـ رستە داڕشتن » ێکی چالاک و دەست بەسەردا رۆیشتوو ، یان وەک هێمای زمانێکی ژنانە ، یاخود وەک رۆڵەـشیعری جیهانیی» شێتگیریی ـ Neurotish» (جیهانی سوید) ـ بخوێنێتەوە، ناتوانێ گومان لەوە بکا، کە خانمی ( فرۆستینینسۆن) بۆ ئەوە دەنووسێ: لە شتێک بگا ، شتێک دەربڕێ ، شتێک رابگەیەنێ . نەک بۆ ئەوەی کە دەیەوێ شیعر بنووسێ . رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ ، کە ئەو شیعر دەنووسێ .

هەمان پێویستیی دەربڕینێکی بلێسەدارانەی « تایبەتمەندیی ژنانە؟» لە (ئێڤا ستریۆم)یشدا بەدیدەکرێ . بەڵام هەڵچوونەتر ،تا رادەی کاریگەرییەک کە زۆر جاران ئازار و ژان لەگەڵ خویدا دێنێ. بەتایبەتی، لە یەکەم کۆمەڵە شیعریدا، «زینێلینێکی گرگرتوو ـ 1977 » « 10 » دا، ئەو خەسڵەتانەی کە لەتەک خەسڵەتەکانی (سیلڤیا پلاتس) دا یەکانگیر دەبنەوە، دەبنە خۆ بە دراماکردنێکی هیستیریایی، « هەروەها لە 78 پارچە شیعریشدا هونەرێکی داهێنەرانە» ی ترسناک و تۆقێنەر خۆی دەردەخا. لە « منداڵە بەردینەدا ـ Steinkind» دا هێندێک مەودا بەر چاو دەکەوێ، زێتر لە چەند رۆڵە ـشیعرێکی ژنانەدا ، کە دەربارەی کەسایەتیی ناو داستانان و رووداوی ـ بێ بنچینەـ هەڵبەستراوی مۆدێرن، دەدوێن. تا لێرەدا شیعری ( پاتریسیا هێرست ـPatricia Hearst) « 11» ، کە تا ئێستا بە سەرکەوتووترین « تاکە» شیعری خاتوو (ئێڤا ستریۆم ) دەناسرێ ، بەرجەستە بووە. دوا کۆمەڵە شیعری (ئەکرا ـ Akra )ش « 12 » بە گشتیی ، بە باشترین کۆمەڵە شیعری (ئێڤا) دێتە ژماردن ، کە پتر شیعری دەست بەسەردا رۆیشتوو و راستەوخۆی لە خۆگرتووە . وەلێ لە لایەکی دییەوە پەچە لەسەر ئەو خاڵە ترسناکانە لادەبا ، کە لە تێکنیکی شیعر نووسینی (ئێڤا ستریۆم) دا هەن: (ئێڤا) لە شێوازی فەرەنساوییدا، بە دووی، « زیادەرۆیی ـ Excess » دا دەگەڕێ ، دووی (جۆرج باتایللێ ـGeorges Bataille)و کەسانی دی دەکەوێ. چونکە شیعرەکانی (ئێڤا) باسی خواست و ئارەزووی « سۆراخکردن» دەکەن ، دەشێ کەمێک خەوشی زیدەرۆیی « پێشبینیی کردن » ، بەسەر خۆیاندا بێنن . شاعیری راستەقینە دەڵێ : من سۆراخی شت نامەم، من شت پەیدا دەکەم. بەشی سێیەم لە چوار بەشەکەی کۆمەڵە شیعری (ئەکرا) نێوی» سامان ، بەرداریی ، راپەڕین » ی بە خۆوەگرتووە ، کە بریتییە لە « موناجاتێکی بە هێز و پتر لە پێویست سەلێنەرانە» . بڕوانن لە لاپەڕە « 41 » دا چۆن دێتە گفتار:« دەمەوێ لە تێروتەسەلییدا، لە زنجیرە چیاکاندا، لە ناوچەی مۆنۆپۆل و قۆرخ کراوی تایبەتیی خۆمدا بژیم » .لە لاپەڕە « 43 » یشدا لە ژێر ناونیشانی « تارمایی رۆحی پاتایلە» دەڵێ:

**دەبێ دڕ بە بەرهەڵستکەران بدەم و**

**خۆم بگەیەنمە سەربەستیی .**

(ئێڤا ستریۆم دەکارێ ئەو بەرنامەیەی بخاتە کارەوە و بە ئەنجامی بگەیەنێ، وەلێ تەنیا کاتێ، کە دەست لە بەرنامەڕێژیی ئەو ئەنجامدانە بکێشێتەوە .

(ئولە هێسلەر)یش پرۆگرامێکی دیاری بەهێزی لە جوانناسییدا هەیە، وەلێ بێ زیادەڕۆیی لە ئێتیک ـ ڕەوشت ـ و گەشەکردنی کەسایەتیدا، وەک (ئێڤا ستریۆم): ئەم دەخوازێ ڕووناکبیریی و سۆز ـ کاریی، لە شیعرنووسینێکی دژواری زمخرەفە ـ ئاسادا کۆبکاتەوە، ئەم کارەی زۆر بالادەستانە و ـ بە کۆمەڵێکی پتر لە پێویست ، نهێنیشەوە ـ، لە « بزووتن لە جەستەکەی دیدا ـ 1979 » بە ئەنجام گەیاندووە. بۆ نموونەی لەوەش چاکتر، دڵنیاییەکی فراوانتر، لەمەڕ ستروکتوری کێش و زنجیرەی وێنە شیعرییەکان، بڕوانە « مەودای وشە ـ 1983 » . مرۆڤ، هەندێ جار شاعیرانی ڕووناکبیر و هەست و سۆز کەیلی دێرینەی دێتەوە یاد ، بە تایبەتی ( فۆلکە ئیساکسۆن و لارس گوستاڤسۆن). هەرچەندە شیعرەکانی (هێسلەر) خاوەنی خەسڵەتی تایبەتین، خاوەنی خەسڵەتی کەسایەتییەکی هەست و سۆزداری تایبەتی خۆیانن، کە بە تەواوی خۆیان سەلماندووە . (هێسلەر) هەر لە ئێستاوە بە شاعیرێکی گەورە دەژمێردرێ .

ئەوەی لە شیعری (هێسلەر) دا سەر دەسوڕمێنێ، یا هەندێ جار مرۆڤ تووشی بێزاریی دەکا، ئەو گشت پەراوێز و پەنجەبۆڕاکێشانە « پریڤات ـ Privat ـ شەخسیی» ە کولتورییە نییە، کە بەکاریان دێنێ، بەڵکو ئەو تەکنیکی زەخرەفەـکاریی و مونتاژەیە ، کە هێندە بلیمەتانە ، وەستایانە ، مامەڵەیان لەتەکدا دەکا، کە ئیدی مرۆڤ دوای خوێندنەوەی شیعرەکە، ناتوانێ بگەڕێتەوە سەرەتا و، پاشانیش کۆتایی شیعرەکە و لەوە بگات: کە ئەم، ـبۆ خاتری خوداـ چۆن چۆنی .. ئەم شیعرەی لەسەرتاوە هێناوە و بەرەو کوێ دەچێ؟. ئەمە تا رادەیەک شیعری «ئونیڤێرستی ئەمریکیی» یمان بیردێنێتەوە . لەگەڵ ئەوەشدا، هەست و سۆز لای (هێسلەر)، هەمیشە وەک ڕووناکبیرییەتییەکەی بە بڕشت و بایەخدارە. بڕوانە لاپەڕە « 68» . کۆمەڵە شیعری یەکەم، لە دووەم کۆپلە و دوا کۆپلەی شیعرێکدا ، باسی «بە پیانۆ لێدانی ـ باخ ـ Bach » دەکا. ئەو شیعرە ئاوا کۆتایی دێ :

**من تاریکیی ، پارچە پارچە لەیەک دەسووم**
**ڕوخساری ئەوانەی خۆشمدەوێن**
**وەک پریشکی بەردەئەستێ**
**دەردەپەڕێن .**

ئالێرەدا ڕیتوالیزمێکی ئەفسانەیی ساکار «Primitive» هەست پێ دەکرێ، بۆیە، لە شیعر نووسینی هۆشیاریانەی کولتوریی ئەم دواییەی (هێسلەر) دا بە چاکترین شیعر دادەنرێ. لە کۆمەڵە شیعری « مەودای وشە » دا شیعری ئاسانتریش هەن ، کە لەهەمان کاتدا وەک کۆمەڵە شیعری یەکەمی (هێسلەر) ، ئاڵۆز و دژوارە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ مرۆڤ لە شیعرەکان بگا، یا ڕەنگە مەسەلەکە تەنها ئەوە بێ کە من بۆ خۆم خەریکە لەگەڵ شیعرەکانی (هێسلەر دا رابێم، هەر وەک چۆن زووتریش بە شیعری (سڤێن ئەلفۆنس) ی شاعیری شێوەکاریی راهاتم،«بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆش لە شیعرەکانی هەڵبکرێنم».

گەمەکردنی (هێسلەر) لەتەک دوورخستنەوەی ڕوانگەی شیعرییدا، واتە ـدوورخستنەوەی ئەو دیمەنانەی کە بە کامێرای شیعر دەیان گرێـ، هێکجار سەرنجڕاکێشەرە، ئەمە بێگومان ڕاستەوخۆیی چێژ لێ وەرگرتنی شیعرەکان دەشارێتەوە. کاتێکیش کە (هێسلەر) لە هەموو کات ڕووناکترە ـ وەک لە شیعری پێش دوایینی کۆمەڵە شیعری «مەودای وشە» دا، لە شیعری «مەودای رەگەز» دا، مەبەست لە رەگەزی نێر و مێیە » ـ دەشێ مرۆڤ لە توانای پەیام راگەیاندنی ئەم شاعیرە بکەوێتە گومانەوە. وەک ئەوەی بڵێی بنەماکانی یەکنەگرتن ، وەک مێتۆد « وەسیلە » ڕێگە لە یادنەچوونەوەی چێژی خوێندنەوەی شیعرەکە بگرن، کە تەنیا لە ڕێگەی یەکێتییەوە ئەو یادنەچوونەوەیە مسۆگەردەکرێ .

( کێرکێگارد ـ Kierkegaard ) دەڵێ: «خاوێنیی دڵ لەوەوە فەراهەم دەبێ، کە بۆ خۆت گەرەکتبێ دڵ خاوێن بی».

فەرموو با بزانین (هێسلەر) لە لاپەڕە « 121» ی «مەودای چیرۆک» دا، لە یەکێک لە ڕیپلیکەکانی « Replik» قارەمانە ژنەکەی شیعرەکەیدا چی دەڵێ:

**وشە نەبوو بە گۆشت .**
**کاتێ وشە تێپەڕی و ڕۆشت**
**ئەوێ ، پێشتر گۆشتی لێ بوو**
**تۆ ئاوەها بە ناو مندا تێدەپەڕی .**
**نزمە هەورێ ، کە بە ناو درەختێکدا تێدەپەڕێ**
**فۆرمی درەختەکە هیچ ناگۆڕێ**
**بەڵام سیمایەکی تەڵخ بە جێدێڵێ .**
**ئەو کەڕووە سپییە جێدەمێنێ**
**کاتێ وشە دێتە مەیدان .. .**

ئەو چەند دێڕە، زیاد لە پێویست تێکنیکی زەخرەفەکاریی (هێسلەر) نیشاندەدا: بە درۆخستنەوەیەکی فەلسەفییانە « ژی نەشیاویی ـ Anti Paradox » ، « روونکردنەوەیەکی» بیۆلۆژیانە، بەراوردکردنی: ئەڤین و نائەمەکداریی، تێبینی کردنێکی شێوەکارییانە، وێنەیەکی ترسناکی ـ تۆقاندنی ـ پچڕپچڕ، نیشاندەدات، کە هەموویان گرێدراونەتەوە بە مەبەستەکەوە ، بە « وشە » وە، بێ کەموزیاد وەک « کنێکەکەی دایکم»، بەلام ناوەندی ئەمە هەموو بریتییە لە تکوولی کردن لەو « یەکێتییە». ئەوەی کە ئەرکی راستەقینەیی (هێسلەر) ـە ، ئەوەیە، کە دەیەوێ بیکاتە تەنگوچەلەمە بۆ خوێنەر، « شیعری بوون ، دەربارەی نەبوون» .

لێرەدا یەکگرتنەوەیەکی قوول ، لە نێوان (هێسلەر و ستیگ لارسۆن) دا، سەرهەلدەدا . دەشێ یەکگرتنەوەی هاو تەوەیی بێ با جیاوازی تەمەنیشیان « 11» سال بێ . « گۆشەگیرەکان ـ Autisterna » ، ناونیشانی یەکەم رۆمانی (ستیگ لارسۆن)ە کە لە 1979دا بلاوی کردۆتەوە . پێم وانییە ناوی ئەو رۆمانە هەروا بەڕێکەوت وەک وشەی « Artisterna»، واتە « هونەرمەندەکان » دێتە گوێ !! .

لە کۆمەلە شیعری « خولەکەکانی بەر لە نیگا ـ 1981 » دا ، هەر وەک لە شیعرێکی درێژیشدا لە کۆمەلە شیعری « دووەم گەشت » 1982 ، (ستیگ لارسۆن)یش، (هێسلەر) ئلسا گران و دژوارە، وەلێ ئەمیان بە شێوەیەکی تەواو جیاواز. (ستیک لارسۆن)یش لە ئالی هۆشیاریی کولتوریی و هۆشیاریی خۆییەوە، وەک (هێسلەر) وایە، وەلێ نەک بە شێوەیەکی نیشاندەرانە. لە راستیدا ئەم، لەناو ئەو « 12» شاعیرەدا، تاکە شاعیرە کە شیعری پاش ـمۆدێرنیتیی ـ پۆست ـ مۆدێرنستیی دەنووسێ: کلتور مۆزەخانەیەکە ئەو لە لایەک بە رەزامەندیتیی و، لە لایەکی دیشەوە پەژمووردە و هیوابڕاو بەناویا هاتوچۆ دەکا، هەرچی بوێ هەلیدەگرێ. ئەو لە (فۆرمولەکردنە نووک تیژە بەناوبانگەکەی « Faucault »: «مرۆڤ مردووە» دا) مالئاوایی لە «مرۆڤ» دەکا. وەلێ تەنها لە پێناوی ئەوەدا، کە سەرلەنوێ لە شێوازێکی دیدا تێهەلچێتەوە، شێوازی شیعر نووسینی « پاش ـ ئەزمە ـ پۆست کریس ـCrisis _ post poetry ». لە شیعری ( ئاوگورن ـ Auguren» « 13» دا دەلێ بە کپترین گوێچکەدا دەپەیڤین ». ئا لێرەدا«کولتور» و «چەلەمە» ، تا ئاستی هەراوهوریایەکی بەرز شۆڕبوونەتەوە، کە تیایدا (ستیگ لارسۆن)، بێ پێچ و پەنا ، ئەفسانە سپییەکەی بخاتە گەڕ. بەلێ شاعیر ئەمەی، بە پچڕپچڕییەکی جوان و مەبەست

گەیەنەرانە ئەنجامداوە. لەو کۆمەلە شیعرەیدا، هەندێ جار (نوڕێن)ێکی هێمن و لەسەرخۆ و زیاتریش شیعری «فینۆمینۆلۆگی ـیانەـ دیاردەگەرێتیی ـ یانە» ی فەرەنساویی دەبیستین.

« Du Bouchet , Dupin » .

کۆمەلە شیعرەکانی (ستیگ لارسۆن) تەواو نوێن، تەواو رەسەنن، ئەو، دەربارەی چەوساوە و بەشخوراوان، دەربارەی مەبەست و مانا، دەربارەی تا لێهاتن، دەنووسێ. «تا» ناونیشانی شیعرێکی نایابێتی، دووەمین شیعری «خولەکەکانی بەر لە نیگا»

«تــا»

**هیچ وشەیەک نییە**
**هیچ کەس نایەت**
**درەختەکانی ئەمبەر و ئەوبەری رێگاکە چاوەڕێن**
**هەرگیز نابوورن**
**بارانە ، لەوەدەچێ باران بێ .**
**شاگردانی قوتابخانەی کوێران**
**لە نیوەتاریکیی شەوێکی تەموزدا**
**خەمناکانە دەسووڕێنەوە**
**چرا لە چوار پەنجەرەدا داگیرساوە**

**ئەوەنەدەش سەعات**
**، تا ، یەک و پێتەبزوێنە کەسکەکان .**

**هەمیشە کاتی خەو بینین**
**زۆر سەختە گۆرانی چڕین**
**ئەو کاتانە زار لە سڕ بوونا**
**خۆی دەکاتەوە.**

ئەگەر چاو لەو بۆنە ـمناسەبەـ یە و ئەو بارودۆخە بلیمەتانەیەی ئەو شیعرە بقووچێنین ـ تێبینی بکە، لەو «12» شاعیرە ، تەنها بۆ (ستیگ لارسۆن) پرکێشیی دەکەم وشەی بلیمەت ـ Genial ـ بەکار بێنم « مرۆڤ دەبێ بلیمەت بێ، چی

چی؟» ـ ئەوا ئەو دوو دێرەی کۆتایی شیعرەکە وەسفێکی زۆر وردی چێژلێ وەرگرتنی خوێندنەوەی « گەشتی دووەم » ـە، من ئەو شیعرە درێژەم ، کە لە «16» بەشی « گۆرانی » و « 31 » لاپەرە پێکهاتووە، چەند جارێک خوێندۆتەوە، تا ئێستاش هەست بە گرژیی و سڕیی ویستیی ئاوێتەکردنی ستران و خەوبینین دەکەم. بەڵێ ئەم یەک خستنە، کە ئاواتی (ستیگ لارسۆن) ـە، تا بڵێی ئاواتێکی مەزن و پیرۆزە.

« دووەم گەشت ، وەک دووەمین گەشتەکەی ( ئۆدیسیوس ـ Odysseus ) وایە، تا بڵێی دوور و درێژ و بێ کۆتاییە، گەشتێکە بەناو کولتوورەکاندا، بەناو مەرگی کولتوورەکاندا، بەناو مەرگدا وەک « کولتوور» . بڕوانە لاپەرە «28»:

« مەرگ کەوتنە ناو ڕاستییەکە ، کە مرۆڤ پتر لە گشت شتێکی دی لێی دڵنیاترە ، / کەوتنە مەرگەوە / کەچی دی ناکرێ بەربەرەکانیی لەتەکدا بکەیت، بەناو شتەکاندا ڕەتدەبی ، یەکێک لە خۆت ، وەک ساوایەکی بەزۆر بێدەنگکراو / وەک نەبزووتن» .

شیعرە درێژەکەی (ستیگ لارسۆن) « میت ـ Myt» یە ، واتە باسێکی بێ بنچینەیە دەربارەی کۆمەڵگای پاش ـ مۆدێرنیستیی « Post - modernist».

ئەو گرژیی و سڕیی و چوونەوەیەکە ڕاستەوخۆ لە فۆرمی شیعرەکەدا دەدرەوشێتەوە، «ئەمە کەمێک سادەیەتیی ـ ستیگ لارسۆن ـ ی پۆشتەوپەرداخ دەگەیەنێ»: دێرە هێکجار درێژەکان، دەکرێن وەک « میت ـ Vers » بخوێندرێنەوە ، وەک شێوەیەکی فراوانکراوی هێکسامیتری هۆمێرۆسیی .

14 بەڵام چێتر وایە لە شێوەی پەخشاندا بخوێنرێنەوە ، ئەمە دەبێتە هۆی پەیدابوونی بەرەنگارییەک لای خوێنەر و خوێندنەوەی شیعرەکەی لا گرانتر دەکا، ڕەنگە ئەمە پاشماوەیەک بێ لە گرفتی بە شیعر نامۆبوونیی حەفتاکان ؟ .
بەهەرحاڵ ، پرۆسێسی کات ـ خایاندنی ئەم مەترەکارییە،

وا لە خوێنەر دەکا، لە خوێندنەوەدا هەڵوێستەیەکی تیارامان بکا، ئەگەر بە یەکجارەکیی نەچەقێ و گەرەکی بێ لەسەر خوێندنەوەکە بەردەوام بێ، ـ من بۆ خۆم خوێندنەوەی دەنگی بەرز و شێوە پەخشان پێشنیاز دەکەم، بەمەرجێ بەهۆی ئیجا ـ یەکێ کێشدارەوە، ڕستە درێژەکان لێک جوێ بکرێنەوە ـ ئەوا خوێنەر تێدەگا کە ئەمە تەنیا پۆزلێدانێکی ئەدەبیی ـ فەلسەفیی نییە. دەنا دیارە، کاتێکت زانی پاڵەوانی مێژینەی گرنگی «هۆمێرۆس» بە مشتێکی تەکنیکیانەی ـ خێکەرانە «Knockout» پشتی (ستیگ لارسۆن) ی مندالکارت بۆ لە زەوی دەدات.

بەڵام یاخیبوونی ـ ستیگ لارسۆن ـ( زاراوەی « خەباتکردن لە دژی باوکان» ـەکەی ـهارۆڵد بلووم ـ Haroid Bloom)، پێکەوە ـبێ لێکدابڕانـ جێگەی ڕێزلێنانن. ئیدی ئەوە شاعیرێکی سویدی پەیدابوو، کە شیعر لەسەر ئەوە نە نووسێ کە ئەو «شاعیرێکی سویدییە».

ئێستا ئیدی تێگەیشتین، (ستیگ لارسۆن) لەسەر چی دەنووسێ. جارێکی دی: لەسەر «تا» و بێدەنگیی، لەسەر چەوساوە و بەشخوراوان، یا با بزانین خۆی، لە لاپەرە «17» دا چ دەڵێ:

ئەو کاتە بوو هەستم بە ترس کرد و ، جیهانیش وەک ئەوسای من هاتبووە مەیدان / ئا لەو دۆخەدا کە هیچ پلانێک لە ئارادا نییە ، جگە لە بەردەقسلە کەمتەرخەمەکانی پەی پێنەبردن ، / ترس لە ناوەوەی ژیاندا نییە ، دەبێ من لەجێگەیەکی دی بم ، ئەوەتا ئاگرێک /لە ناخی هەموو دەنکە ڕووناکییەکدا دەگرێ .

بەڵێ ، بەهەرحاڵ ، ئەو شیعرانەی لەم وتارەدا لێیان دواین « شیعری هەشتاکانی سوید بوون » .ئەوانیش هەر وەک من « هەن و لەم جیهانەدان » .

**تێبینیی: لە ژمارەی داهاتوودا چەند نموونەیەکی شیعری ئەم دوانزە شاعیرە و کورتەیەکی ژیان و بەرهەمەکانیان بڵاودەکەینەوە**

## پـــەراوێــز:

ئەم وتارە لە ژمارە « 23 _ 22 » ی گۆڤاری Cafe Existens ی ساڵی دا بڵاوکراوەتەوە.

1. **ڕۆکی موزیکی** « Punk and new wave » :
ناوی جۆرێکە لە موزیکی پونکانەی ـ خونفس ـ ڕۆژئاوایی . « New wave » بە مانای « شەکانەوە یا لەرینەوەی نوێ » دێ . هەڵبەتە وشەی «خونفس» لەگەڵ وشەی « Punk » دا هاوسەنگ نایەتەوە . بەڵام عەرەب وەهای وەرگێراوە.

2. **هیپی ـ ئەنارکیزم** « Hippie _ Anarkism »

تورکیادا جێ بەجێ دەکرێت. بەندی ٦٣ دەوڵەتی عوسمانی پابەند دەکات بە جێ بەجێکردنی بڕیارەکانی ئەو کۆمیتانەی کە لە بەندی ٦٢ دا باسیان کراوە بۆ جێ بەجێکردنی ئۆتۆنۆمی و پاراستنی مافی ئاسورییە کلدانییەکان.

بەندی ٦٤ قەبارەی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد فراوانتر دەکات، بەڵام چەند مەرجێکی ناڕەوا دادەنێت وەکو.

(١-ئەگەر لەماوەی ساڵێکدا، لەدوای بەکارخستنی ئەم پەیماننامەیە، کوردەکانی ئەو ناوچانەی کە لە بەندی ٦٢ دا دیاریکراون داوایان لە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کرد کە زۆربەیان دیانەوێ لە تورکیا جیاببنەوە؛

٢-ئەگەر ئەنجومەن /کۆمەڵەی گەلان/ پێی وابوو کە ئەو خەڵکە دەتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن -توانای ئەو سەربەخۆییەیان هەیە؛

٣-ئەگەر ئەنجومەن پێشنیازی پێکهێنانی ئەوەی بۆکردن؛

٤-ئەوا تورکیا لەو کاتەوە پابەندە بە پەسەندکردنی ئەو پێشنیازەو دەبێت لەو ناوچانەدا دەست لە هەموو مافێکی هەڵبگرێت. دەستهەڵگرتنی تورکیاش بە پەیماننامەیێک لەگەڵ وڵاتە هاوپەیمانە سەرەکییەکاندا دیاری دەکرێت؛

٥-ئەگەر تورکیا دەستیهەڵگرت ئەوا وڵاتە هاوپەیمانە سەرەکییەکان دژی ئەوە نین کە کوردەکانی ئەو بەشەی کە لە ویلایەتی موسڵ دان بە ئارەزووی خۆیان بچنە پاڵ ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیە کوردییەوە) "٢"

ئەو هەموو مەرجە لەگەڵ حوکمی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا ناگونجێت، کە پرینسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووسی بۆ هەموو گەلان، بەبێ جیاوازی، دیاری کردووە، بەڵام لە سەردەمی خۆیدا دانپێدانانێکی یاسایی جیهانییە بە کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد، ئەگەر لە ژێر کۆنترۆڵی وڵاتانی تریشدابێت.

لەگەڵ ئەو دانپێدانانەشدا پەیماننامەی سیڤەر هاوکات دابەشکردنێکی تازەی کوردستان بوو؛ چونکە.

١-بە هیچ جۆرێک باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکات، کە کەوتبووە بەر سنووری ئێران؛

٢-بە هیچ جۆرێک باسی ئەو ناوچانەی ڕۆژئاوای کوردستان ناکات، کە فەرەنسایەکان داگیریان کردبوو، پاشتر بە سوریاوە لکێندرا؛

٣- بەندەکانی ٢٢، ٨٩، ٩٤ تایبەتن بە سنوورەکانی تورکیاو پێکهێنانی دەوڵەتی ئەرمینیاو سوریا و میسۆپۆتامیا، سنووری ئەو سێ دەوڵەتەش خاکی کوردستانی بەردەکەوێت، لە نێوان تورکیاو سوریاو میسۆپۆتامیاو ئێراندا"٣"

بەندی ٢٢ دەربارەی ئەو سنوورانەیە کە پێشتر سەر بە ئیمپراتۆری عوسمانی بوون، ئێستا دانیان پێدادەنرێت کە سەربەخۆین. بۆ ئەوەی بتوانن کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن، سیستمی ماندات بە سەر ئەو سنوورانەدا دا دەندرێت"٤".
دیارە سوریاو میسۆپۆتامیاش لەو سنوورانەن.

بەندی ٨٩، بە بڕیاڕی سەرۆکی ئەمریکاو بە ڕەزامەندی تورکیاو ئەرمینیاو وڵاتانی هاوپەیمان، سنووری نێوان تورکیاو ئەرمینیا لە ویلایەتی ئەرزرۆم و ترابزون و وان و تبلیسەوە دیاری دەکرێت"٥".

بەندی ٩٤، سوریاو میسۆپۆتامیا بەگوێرەی برگەی چوارەمی بەندی ٢٢ی دەستووری کۆمەڵەی گەلان وەکو دەوڵەتی سەربەخۆ دانیان پێدادەنرێت"٦".

سنوورەکانی ئەم وڵاتانەش کوردستانی پێوە لکێندراوە.

٤-بەندی ٢٧، سنووری نێوان تورکیا-سوریا، سوریا میسۆپۆتامیا دیاریدەکات"٧". وەکو پێشتر وتمان سنووری تورکیا لەگەڵ ئەو دوو وڵاتەدا، لە هەردوو لاوە کوردستان دەبڕێت و دەبێتە سێ بەش. هەر بۆیەش بەندی ٦٢ ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی دەکاتە چارەسەری مەسەلەی کورد. ئەگەر مەبەستی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی بەڕاستی هەبووە، بۆچی پەیماننامەی سیڤەر سنووری کوردستان بەم جۆرە دابەش دەکات و، درووستبوونی دەوڵەتێکی کوردیش لە ژێر کۆمەڵێک مەرجدا دیاری دەکات؟ کەچی کۆمەڵێک وڵاتی تر ڕاستەوخۆ ڕاگەیاندران کە سەربەخۆن. بۆیە بەڕاشکاوی دەڵێین کە سەرهەڵدانی ئەو وڵاتانە، بەو سنوورانەوە کە بۆیان دیاریکرابوو، پێوەلکاندنی هەر پارچەیێکی کوردستان بوو، ئەمەش ڕێگەی لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی گرت.

پرۆسەی دروستبوونی دەوڵەتی سوریاو میسۆپۆتامیا لە بەرژەوەندیی فەرەنساو بەریتانیاوە سەرچاوە هەڵدەگرێت. بەیاننامەی ئەنگلۆ-فەرەنسی لە ٨- ١١- ١٩١٨دا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت. لەم بەیاننامەیەدا هەردوو لا بڕیاردەدەن حکومەت و دەزگای بەڕێوەبردن لە سوریاو لە

میسۆپۆتامیادا، که له‌لایه‌ن وڵاته هاوپه‌یمانه‌کانه‌وه له چنگی ده‌وڵه‌تی عوسمانی ڕزگارکراون، پێک بێنن"٨".

پێویسته بڵێین که نه له‌و به‌یاننامه‌یه‌و نه له په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ردا، به په‌یڕه‌وی کۆمه‌ڵه‌ی گه‌لانیشه‌وه، ناوی عێراق نه‌هاتووه. ته‌نیا میسۆپۆتامیا نووسراوه. ئه‌مه‌ش ئه‌و ڕاستییه ڕوونده‌کاته‌وه که پێشتر له‌و ناوچه‌یه‌دا ده‌وڵه‌تێک، به‌و سنووره‌ی ئێستایه‌وه به‌ناوی عێراقه‌وه نه‌بووه. به‌ڵام له ١- ١١- ١٩١٨دا حکومه‌تی شێخ مه‌حموود، له خوارووی کوردستان، به ڕه‌سمی له‌لایه‌ن ئینگلیزه‌کانه‌وه ڕاگه‌یاندراو، شێخ مه‌حموودیش خۆی وه‌کو مه‌لیکی کوردستان ڕاگه‌یاند"٩".

هاوکات له‌گه‌ڵ دابه‌شکردنی کوردستاندا، په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ر مافی چاره‌نووسی کوردی له شێوه‌ی ئۆتۆنۆمی له چوارچێوه‌ی تورکیادا دیاری کرد، به‌ڵام کۆمه‌ڵێک مه‌رج بۆ دروستکردنی ده‌وڵه‌تی کوردی و یه‌کگرتنه‌وه‌ی باشوورو باکوری کوردستان دانران که جێ به‌جێکردنیان زه‌حمه‌ت بوون. هه‌ر خۆی په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ر نه‌که‌وته‌کار له‌به‌ر: ١-سیاسه‌تی کۆلۆنیالییانه‌ی فه‌ره‌نساو به‌ریتانیا له ناوچه‌که‌دا. ٢-سیاسه‌تی تورکیای که‌مالی و ڕووسیای سۆڤیه‌تی.

په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ر یه‌که‌مین به‌ڵگه‌نامه‌ی یاسایی نێوده‌وڵه‌تی بوو له مێژووی کورددا، که به‌و جۆره مه‌سه‌له‌که‌ی له پێوه‌ندی و یاسای نێوده‌وڵه‌تاندا دیاری کردبێت. په‌یماننامه، وه‌کو سه‌رچاوه‌یه‌کی گرنگی یاسای نێوده‌وڵه‌تان، خه‌سڵه‌تی ئیلزامی بۆ به‌شدارانی هه‌یه. به‌ڵام سیڤه‌ر ئه‌و خه‌سڵه‌ته ئیلزامییه‌ی وه‌رنه‌گرت، وه‌کو له‌مه‌ودوا باسی ده‌که‌ین. پرۆفیسۆر لازاریف باشی بۆچووه که ده‌ڵێت: (په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ر به‌ڵگه‌نامه‌یه‌کی له‌بارچوو بوو، مه‌سه‌له‌ی چاوپێداگێڕانه‌وه‌ی هه‌ر له ڕۆژی دوای ئیمزاکردنییه‌وه سه‌ری هه‌ڵدا)"١٠"

ویلیام ئیگلتن-یش پێی وایه که په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ر (هه‌ر له‌کاتی ئیمزاکردنییه‌وه به‌ڵگه‌نامه‌یه‌کی مردوو بوو، چونکه ده‌ستی مسته‌فا که‌مال مێژووی به جۆرێکی دیکه نووسییه‌وه. به‌گوێره‌ی په‌یماننامه‌ی لۆزانیش ئیتر کوردو ئه‌رمه‌ن جێگه‌یان له تورکیادا نه‌ما)"١١"

ڕووداوه‌کانی دوای سیڤه‌ریش ئه‌و ڕاستییانه‌یان جێگیرکرد که خستمانه ڕوو، هه‌ر وه‌کو له پشتی سیڤه‌ره‌وه ئینگلیزه‌کان پیلانی لکاندنی باشووری کوردستانیان به عێراقه‌وه ئاماده ده‌کرد. له ئه‌نجامی ئه‌م دابه‌شکردنه‌شدا گه‌لی کورد نه‌یتوانی بنه‌مایه‌کی ئابووری یه‌کگرتوو و بزوتنه‌وه‌یه‌کی ڕزگاریخوازانه‌ی یه‌کگرتوو پێک بێنێت، که هه‌تا ئه‌مڕۆش بوونه‌ته ته‌گه‌ره له‌به‌رده‌م چاره‌نووسی کورد خۆیدا.

پرۆفیسۆر که‌مال مه‌زهه‌ر، له کاره به‌نرخه‌کانیدا، زۆر به‌گرنگی باسی په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ری کردووه‌و ڕه‌خنه‌ی له سیاسه‌تی کۆلۆنیالانه‌ی ئینگلیزو فه‌ره‌نسا، به‌رامبه‌ر به مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وایه‌تیی کورد، گرتووه. د. که‌مال ڕوونی ده‌کاته‌وه که (ڕووداوو ئه‌نجامه‌کانی شه‌ڕی یه‌که‌م و چه‌ند هۆیه‌کی تر کارێکی وایان کرد مه‌سه‌له‌ی کورد له شانۆی ده‌وڵه‌تیدا زیاتر ده‌رکه‌وێ. دیاره سێ به‌نده‌که‌ی په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ر باشترین به‌ڵگه‌ی ئه‌و ڕاستی یه‌ن. هه‌ر ئه‌و به‌ندانه به جۆرێکی تایبه‌تی پلان و پیلانی ده‌وڵه‌ته گه‌وره‌کان به‌رامبه‌ر دوارۆژی کوردو وڵاته‌که‌یان ده‌خه‌نه ڕوو)"١٢". هه‌روا د. که‌مال ده‌ڵێت که له په‌یماننامه‌ی سیڤه‌ردا (باسی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان نه‌کراو، به‌رژه‌وه‌ندیی کورد له‌به‌رچاو نه‌گیراوه له پێکهێنانی ده‌وڵه‌تێکی یه‌کگرتووی کوردیدا)"١٣". سه‌رباری ئه‌وه‌ی که له‌مه‌وپێش شێخ عوبێدوڵڵای نه‌هری خه‌باتی بۆ ده‌وڵه‌تی کوردی کردووه، هاوپه‌یمانه‌کان مه‌رجی ڕه‌زامه‌ندییان بۆئه‌وه‌ی کوردی کوردستانی خواروو بده‌نه پاڵ ئه‌و ده‌وڵه‌ته کوردی یه‌ی (ئه‌گه‌ر دامه‌زرا!) که‌چی هه‌ر خۆشیان ڕێگای نوێنه‌ره‌کانی شێخ مه‌حموودیان نه‌دا که به‌ڵگه‌نامه‌ی پشتگیریی دانیشتوانی کوردستانی خوارووییان پێ بوو بۆ شه‌ریف پاشا له پاریس"١٤".

جگه له‌وه‌ی دانیشتوانی خوارووی کوردستان، به ڕابه‌رایه‌تی شێخ مه‌حموود، له‌گه‌ڵ نوێنه‌ری ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستاندا یاداشتنامه‌ی هاوبه‌شیان مۆرکرد له‌باره‌ی یه‌کگرتنی کوردو ده‌وڵه‌تی کوردییه‌وه، هه‌روه‌ها شه‌ریف پاشایان له کۆنگره‌ی پاریسدا به نوێنه‌ری گه‌لی کورد داناو پشتگیریی داخوازییه‌کانیان کرد. ئه‌وه‌بوو نوێنه‌رانی شێخ مه‌حموود، به داخوازییه‌کانی خواروو و ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستانه‌وه، له حه‌له‌ب له لایه‌ن ئینگلیزه‌کان و فه‌ره‌نسییه‌کانه‌وه ڕێگه‌یان لێ گیراو نه‌یانتوانی بگه‌نه کۆنگره‌ی پاریس"١٥".

هاوکات کۆمه‌ڵه‌ی کوردی له تورکیا پشتگیریی شه‌ریف پاشای ده‌کرد وه‌کو نوێنه‌ری گه‌لی کورد له کۆنگره‌که‌دا بۆ

ئەنارکیزم « فەوزەوی » ی هیپییەکان . هیپییەکان ئەو گروپەن کە لە رێگەی جل و بەرگ و سەر و سیما و رەفتاری سەیروسەمەرەوە ، بێزاریی خۆیان لە دژی کەپیتالیزم دەردەبڕن .

3 . **شیرینیی** « Confetti »

بەو شیرینی و گوڵ و کاغەزە رەنگاورەنگە دەوترێ کە لە زەماوەندا ، زاوا بەسەر بوکیدا هەڵدەدات بوکدا .

4 . **کەراکتێری ئیکۆنیی » ئیکۆن** ــ Ikon ــ یا ــ Ikono- grafi ــ واتە « ناوەرۆکی هونەرناسیی »

5 . « **کەشتی پاکیزە** »

باوە، کەشتی و پاپۆڕ بە زۆری بەناوی ژنانەوە ناو دەبرێن، لێرەدا مەبەست لەوە نییە کە کەشتییەکە بە ناوی ژنێکەوە ناونراوە، کە ناوی «پاکیزە» یە، بەڵکو وشەی «پاکیزە» بە مانا فارسییەکەی، واتە لەبری « العذراء » ی عەرەبی بەکار هاتووە.

6 . **ناوکە شیعر** Punkt _ lyrik :

مەبەست لەو شیعرانەیە کە لە دیاردەیەک یا رووداوێکی تایبەتیی دەدوێن .

7 . **رەوتە شیعر** Förloppslyrik :

مەبەست لەو شیعرانەیە کە دەربارەی پتر لە دیاردەیەک یا رووداوێک دەدوێن ، واتە لەسەر باسێک راناوەستن .

8 . «**ئێکسپرێسیۆنیزم** ــ Expressionism»: هونەری دەربڕین «التعبیریە».

9 . «**کەشتی ناو شووشە**»

لە هەندێ جێگادا «بەتایبەتی لەو بیرۆیانەدا کە بلیتی گەشت بە پاپۆر، یا کەشتی دەفرۆشن»

مرۆڤ لەناو شووشەیەکی بچووکدا «بوتل»، کەشتییەکی چارۆکەدار دەبینێ. جا بۆ ئەوەی کەشتییەکە لە دەمی شووشەکەوە بخرێتە ناو شووشەکەوە، دەبێ ستوونی چارۆکەکان بچەمێنرێتەوە، کە خرایە ناو شووشەکەوە، ئەو دەزوولەیەی بە ستوونەکەوە بەستراوە، رادەکێشرێ تا ستوونی چارۆکەکان راست ببێتەوە و ئیدی کەشتییەکە پێدەچێ ئامادەی بزووتن بێ.

10 . **زێپێلین** « Zeppelin »:

جۆرە باڵۆنێکی لەسەر لا درێژکۆلەیە ، کە بە هۆی مەکینەیەکەوە ، کار پێ کردن و ئاوێژتنی کۆنترۆڵ دەکرێ. بەناوی « Von Zep- pelin » ی داهێنەریەوە ناونراوە.

11 . **پاتریسیا هێرست** « Patricia Hearst »:

کچێکی ئەمێریکایی بوو، ئەندامێکی ئەکتیڤی ــ چالاکی ــ «سوپای رزگاریخوازی پێکەوە ژیان» بوو. لە بانک ــ برینێکدا دەگیرێ و حوکمی مردنی بەسەردا دەدرێت.

12 . **ئەکرا** ــ Akra:

کۆمەڵێ تاوێر و گاشەبەردی پاشماوەی کۆشکی «پۆسێیدۆن ــ Poseidon » ـە لە گریکلاند « یۆنان».

13 . **ئاوگورن** « Auguren »:

فالچی، یا دوارۆژخوێنەرەوەیەکی کۆنی رۆمییە.

14 . **هێکسامەتری هۆمیرۆس** :

یەکەیەکی پێوانەیە، درێژیی تێکست « نووسین » ی پێ دەپێودرێ . هێکسامەترێک بریتییە لە « 6 » پێ. بە ناوی « هۆمیرۆس » ی گریکییەوە ناونراوە.

# پەیماننامەی سیڤەر
# لە سیاسەت و یاسای نێودەوڵەتاندا

د. مارف عومەر گوڵ


**پێشەکی**

پەیماننامەی سیڤەر جێگایکی دیاری هەیە لە یاسای نێودەوڵەتاندا لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهاندا، چونکە وڵاتە سەرکەوتووەکانی جەنگ ویستیان بە گوێرەی ئەو پەیماننامەیە پاشماوەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی لە نێو خۆیاندا دابەش بکەن و، چارەنووسی ئەو گەلانەی لەژێر دەستی عوسمانییەکاندا بوون دیاری بکەن.

ئەوەی پەیوەندی بە گەلی کوردەوە هەیە، بەپێی ئەم پەیماننامەیە، بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا مەسەلەکەی وەکو بابەتی یاسای نێودەوڵەتان رەچاوکراو چارەسەری بۆ دانرا، جا ئەو چارەسەرە هەرچۆنێک بێت، ئەوا بەهۆی ناوەرۆکی پەیماننامەکەوە چاکتر دەگەینە ئەنجام وەکو لەم باسەدا دەیخەینەروو. ئەوەی زۆر گرنگ و مەبەستمانە ناوەرۆک و خەسڵەتی تەواوی ئەو بەندانەی سیڤەرە کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە، لەگەڵ حوکمی یاسایی پەیماننامەکەدا لە ساڵانی دوای سیڤەرەوە.

بۆ ئەوەی لە هەموو لایەنەکانی سیڤەر بەرامبەر بە گەلی کورد تێبگەین بە چاکمان زانی ئەم باسە بکەین بە سێ بەشەوە:

١– ناوەرۆکی ئەو بەندانەی کە پەیوەندییان بە گەلی کوردەوە هەیە.

٢– سیاسەتی وڵاتە گەورەکان دەربارەی مەسەلەی کورد.

٣– هێزی پەیماننامەی سیڤەر لە یاسای نێودەوڵەتاندا.


## بەشی یەکەم

پەیماننامەی سیڤەر لە ١٠– ٨– ١٩٢٠دا لە لایەن حکومەتی سوڵتانی تورکیا لە لایەک و بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، یابان، ئەرمینیای تاشناقەکان، بەلچیکا، یۆنان، پۆڵۆنیا، پورتوگال، رۆمانیا، سرب و کەروات، حیجازو چیکۆسلۆڤاکیا لە لایکی ترەوە، ئیمزاکرا.

ئەم پەیماننامەیە جێگایکی دیاری لە یاسای نێودەوڵەتاندا هەیە، چونکە هەڵوێستی سیاسیی و یاسایی وڵاتە سەرکەوتووەکانی جەنگی یەکەمی بەرامبەر بە تورکیای عوسمانی دیاریکرد. سیڤەر نەک تەنیا بەندەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ باسی کورد دەکات، بەڵکو چەند بەندیکی تریش بەبێ ناوهێنان کورد دەگرنەوە. ئەگەرچی مەسەلەی کورد لە بەشی سێیەمدا بابەتی ئەم سێ بەندەیەو چارەسەری بۆ داندراوە. لە هەمان کاتدا پەیماننامەی سیڤەر دابەشکردنێکی کۆلۆنیالییانەی کوردستانە. ئەگەر مەبەست لە دابەشکردنی کوردستان نەبووبێت بۆچی لە دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیاو میسۆپۆتامیادا کوردستان دابەشکراوەو سنوورەکە خوارووی کوردستانی لە باکوور دابڕیوە؟ دیارە بەندی ٢٧ باکووری کوردستانی لە چوارچێوەی تورکیادا دیاریکردووە، هەر بۆیەش بەندی ٦٢ ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو ناوچانە دیاری دەکات، کە بەگوێرەی بەندی ٢٧ سنووریان لەگەڵ سوریاو میسۆپۆتامیادا جیاکراوەتەوە، کە لە هەردوولاوە کوردستان دەبڕێت.

لە بەشی سێیەمدا جیابوونەوەی کوردستان لە تورکیا لەبەرچاو گیراوە، بەڵام لەژێر کۆمەڵێک مەرجی سەختدا. بۆ دیاریکردنی سنووری ئۆتۆنۆمیش دەبوایە کۆمیتەیکی هاوبەشی ئینگلیزی – فەرەنسایی – ئیتالیایی پێک بهاتایە، وەکو لەبەندی ٦٢ دا دیریکراوە:

(کۆمیتەی سێ قوڵی بەریتانی – فەرەنسایی – ئیتالیایی، کە دەبێت لە قوستەنتینییە بێت، لە ماوەی شەش مانگ لە دوای بەکارخستنی ئەم ڕێکەوتننامەیە دەکەوێتە کار بۆ جێ بەجێکردنی ئۆتۆنۆمییکی ناوخۆیی ئەو ناوچانەی بە رەگەز کوردن کە دەکەونە رۆژهەڵاتی فورات و خوارووی سنووری ئەرمینیا، باکوری سنووری تورکیا لەگەڵ سوریاو میسۆپۆتامیادا، بەگوێرەی ناوەرۆکی بەندی ٣، ٢ ، ٢٧. ئەگەر هەر ناکۆکیێک لەسەر هەر کێشەیێک هەبوو ئەوا ئەندامانی کۆمیتەکە وڵاتانی خۆیان ئاگادار دەکەنەوە) "١"

بە گوێرەی بەندی ٦٢ چارەنووسی کورد لە باکووری کوردستان، لەدوای جیاکردنەوەی لە ناوچەکانی تر، ئۆتۆنۆمی ناوخۆییە، کە لە چوارچێوەی

پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی"١٦". لە لایەکی ترەوە رابەری بزوتنەوەی خۆرهەڵاتی کوردستان، سمکۆی شوکاک، لە مانگی مای ١٩١٩دا سەید تەهای نەهری وەکو نوێنەری خۆی نارد بۆلای ئینگلیزەکان بە مەبەستی یەکگرتنی رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەو دەوڵەتە کوردییەی پاشەرۆژدا"١٧".

کەواتا داخوازی گەلی کورد لە باکوورو باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە سەردەمی کۆنگرەی پاریسدا -پێش سیڤەر- پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی بووە. ئەگەر وڵاتە گەورەکان مەبەستیان بوایە رێگە بۆ دروستبوونی ئەو دەوڵەتە خۆشکەن، ئەوا لە پەیماننامەی سیڤەردا یان لە گەلێ پەیماننامەی تردا، هەر هیچ نەبێ لەسەر کاغەزو بە بێ مەرجی هێندە سەخت دیارییان دەکرد، هەر وەکو چۆن بۆ وڵاتانی تریان دیاری کرد.

## بەشی دووەم:
## سیاسەتی وڵاتە گەورەکان دەربارەی مەسەلەی کورد

هەڵوێستی وڵاتە گەورەکان، پێش سیڤەرو لە سەردەمی سیڤەریشدا، هەڵوێستێکی لەگەڵ یەکدا گونجاو بووە، بەتایبەی هەڵوێستی بەریتانیا دەربارەی خوارووی کوردستان و لکاندنی بە عێراقەوە. بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش پشت بە بەڵگەنامەو روداوەکانی ئەو سەردەمە دەبەستین.

لە بەڵگەنامەیکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، ژمارە [FO 3 71/ 4193] لە ١٠-١-١٩٢٠دا هاتووە کە لە رێکەوتنی ٢٣- ١٢- ١٩١٩ لە نێوان لۆرد کێرزن-ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیاو سەرۆکی دایرەی سیاسی لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسایی دەربارەی مەسەلەی کورد گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە (هیچ چاودێرییەکی بەریتانی یان فەرەنسایی نەکرێت بەسەر سەرانسەری کوردستاندا، تەنیا چەند ناوچەیەکی کوردستانی خوارووی نەبێت)"١٨". ئەو هەڵوێستە لە پەیماننامەی سیڤەردا بە دابەشکردنی کوردستان جێگیر بووە، هەر وەکو ئەرنوڵد ویلسن وتوویەتی (دەبێ پشتگیری هیچ هەوڵێکی جوداخوازانەی کورد نەکەین، ئەوانەی لە ئێران و ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتی تورکدا دەژین، لە سەرمانە واز لە کوردەکانی دەرەوەی ویلایەتی موسڵ بێنین)"١٩".

سیاسەتی بەریتانیا لە گەلێک بەڵگەنامەدا دیاریکراوە. بەڵگەنامەی ژمارە [FO. 371- 5068]ی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، باسی گفتوگۆیەک دەکات کە رۆژی ١٣- ٤- ١٩٢٠دەربارەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، لەلایەن کاربەدەستانی ئینگلستانەوە کراوە. حاکمی گشتی بەریتانیا لە بەغدا، ئەرنوڵد ویلسن، دەربارەی خوارووی کوردستان وای پێشانداوە کە (هیچ کوردێکی وا نییە کە داوای ئەوە بکات و بڵێ نوێنەری هەموو خوارووی کوردستانەو بتوانێت بەناوی کوردەوە قسەو گفتوگۆ بکات)"٢٠".

ئەم هەڵوێستەی ئینگلیزەکان هەوڵدان بوو بۆ دابرینی ناوچەکانی کوردستان لە یەکتری و، پاشان لکاندنی خوارووی کوردستان بە عێراقەوە. ئەگەر لە پێش پەیماننامەی سیڤەردا هەڵوێستی ئینگلیزەکان بەم جۆرە بوویێت ئەوا چۆن ئەو هەموو مەرجانەی لە سیڤەردا بۆ کورد داندراون سەردەگرن!.

ئەم سیاسەتەی بەریتانیا، نەک هەر بە قسەو هەڵوێست، بەڵکو لە پراکتیکیشدا پەیرەو کراوە. بۆیە شێخ مەحموود ناچار بووە بکەوێتە شەرەوە، تا لە حوزەیرانی ١٩١٩دا، لە گەرمەی رۆژانی کۆنگرەی پاریسدا، بریندار کراوەو، پاشتر رەوانەی هیندستان کراوە"٢١".

ئینگلیزەکان رێگایان خۆشدەکرد تا لە کاتی دارشتنی پەیماننامەی سیڤەردا زیاتر بتوانن هەڵوێستی خۆیان جێگیربکەن. دوورخستنەوەی شێخ مەحموودیش بواری ئەوەی بۆ رەخساندن کە بە ئارەزووی خۆیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کۆلۆنیالیانەیان هەوڵ بدەن.

لە کۆنگرەی پاریسدا (١٨-١-١٩١٩ - ٢١-١-١٩٢٠) ویلسن، لە باسی دروستکردنی دەوڵەتی عێراقدا، پێشنیاری کرد کە بەگوێرەی سیاسەتی بەریتانیا پێویستە کوردستان بە عێراقەوە بلکێندرێ و، لەژێر چاودێری بەریتانیادا، ئۆتۆنۆمی هەبێت"٢٢". دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەر لە کۆنگرەی پاریسدا، واتا پێش سیڤەر، ئامانجی شۆڤێنیستانەی تورکیاو ئێران و فەیسەڵی مەلیکی دواتری عێراق، کۆلۆنیالکردنی کوردستان بوو. وەفدی تورکیا کوردی دەدایە پاڵ تورکیا. ئێرانییەکان کوردیان دەدایە پاڵ ئێران. فەیسەڵی(هێشتا هیچ و) مەلیکی عێراقی(هێشتا دروستنەکراو)یش بە دڵی ئینگلیزەکان کوردستانی دەدایە پاڵ

عێراق"٢٣".

لە ٩-٨-١٩١٩دا بەریتانیاو ئێران ڕێکەوتننامەیەکیان مۆرکرد. بە گوێرەی بەندی یەکەمی ئەو ڕێکەوتننامەیە بەریتانیا بەڵێنەکانی جارانی خۆی، سەبارەت بە پاراستنی سەرداریی و سەربەخۆیی ئێران دووپات کردەوە. ئەم ڕێکەوتننامەیە دەریدەخات کە بەریتانیا نایەوێت دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی دروست ببێت"٢٤". چونکە پاراستنی ئێران، بەو سنوورەو، واتا مانەوەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا.

سکرتێری وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بۆ کاروباری هیندوستان، لە تێلێگرافێکداکە ڕۆژی ٢٢-٨-١٩١٩بۆ نوێنەری حکومەتی بەریتانیا لە بەغدا ناردوویەتی، بە ئاشکرا مەبەست و سیاسەتی ئەو ڕۆژانەی بەریتانیا بەرامبەر بە کوردستان ڕووندەکاتەوە: (دەوڵەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا بە وردی لە مەسەلەی هێڵی شەمەندەفەری نێوان قزرابات و کفری و کەرکووکــی کۆلیوەتە، جگە لە سوودو پێویستیی بوونی ئەو هێڵە بۆ هەندێ مەبەستی تر، ئێمە لەبەر هەندێ هۆی ستراتیژی و بۆ دەستەمۆکردنی کوردەکانی خوارووی کوردستان داوای ئەوە دەکەین کە بە پەلە دەست بکرێ بە تەواوکردنی ئەو هێڵی شەمەندەفەرە). تێلێگرافەکە وای ڕوونکردۆتەوە کە کوردەکان دژایەتی ئینگلیز دەکەن بۆیە: (دروستکردن و تەواوکردنی ئەو هێڵی شەمەندەفەرە ستراتیژییە بۆ سەرکوتکردنی کوردەکان شتێکی زۆر گرنگ و پێویستە)"٢٥".

لە ٢٦-٨-١٩٢١دا بروسکەیەکی مەندوبی سامی لە عێراق بۆ وەزیری کۆلۆنی باسدەکات کە لە ڕۆژهەڵات و باکوورو باشووری کوردستان هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەدرێت. لە خاڵی نۆیەمی بروسکەکەدا هاتووە کە (بزوتنەوەی کورد بۆ سەربەخۆیی لە زیادبووندایەو پەلای بەریتانیادا دایدەشکێنن، ئەگەر ئەوەش بەردەوام بێت زووبێت یان درەنگ ناوچە کوردییەکان لە تورکیاو ئێران دادەبڕێن)"٢٦". ئەمەش ڕاستییەکی ترە کە گەلی کورد خۆی ویستوویەتی دەوڵەتی خۆی پێک بێنێت.

سیاسەتی بەریتانیا لە پاش سیڤەر هەر درێژەپێدانی هەمان سیاسەتی پێش سیڤەر بووە. ئەوەتا پێرس کۆکس، نوێنەری حکومەتی بەریتانیا لە بەغدا، لە دیسەمبەری ١٩٢٠دا، بە دوو مانگ دوای سیڤەر، پلانی پاشەڕۆژی عێراقی داناوەو بە تەواوی پەیماننامەکەی پشتگوێ خستووەو خوارووی کوردستانی بە بەشێک لە عێراق داناوە"٢٧".

پەیماننامەی سیڤەر تورکیای لە وڵاتێکی پانوپۆڕەوە بچووک کردبۆوە، بۆیە کەمالییەکان کەوتنە خۆو زۆر بە توندی لە هەوڵی دامەزراندنی تورکیای تازە دابوون و دژی سەربەخۆیی کورد بوون"٢٨".

حکومەتی ئەنقەرە بۆ ئەوەی جێ پێی خۆی زیاتر خۆش بکات، لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە شەرعییەتی تەواو پەیدا بکات و وڵاتانی تر دانی پێدابنێن. حکومەتی کەمالییەکان بۆ ئەوەی وەکو دەوڵەتێکی یاسایی ڕەوا جێگیربێت و پشتگیریی هەبێت لەگەڵ ڕوسیای سۆڤیەتیدا پەیوەندی پەیداکردو ڕێکەوتننامەیەکیان مۆرکرد. نامەیەکی (چیچیرین)، لە وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای سۆڤیەتی، لە ٢-٦-١٩٢٠دا بۆ ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی تورکیا ئەوە دەسەلمێنێت کە حکومەتی سۆڤیەتی لە پرینسیپە تازەکانی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی تازەی تورکیا، بە تایبەتیش لە سەربەخۆیی تورکیاو سنوورەکەی، پشتگیری دەکات"٢٩". دیارە ئەو سنوورەی کە ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی تورکیا، بۆ تورکیای داناوە، باکووری کوردستانیشی لەگەڵ دایە. ئەم دانپێدانانەی کە لە نامەکەی چیچیریندا هاتووە ئەوە دەگەیەنێت کە باکووری کوردستانیان بە بەشێک لە تورکیا داناوەو، کوردیان بە گەلێکی سەربەخۆ دانەناوە.

لە ١٦-٣-١٩٢١دا تورکیاو ڕوسیای سۆڤیەتی ڕێکەوتننامەیەکیان ئیمزاکردووە"٣٠". ڕێکەوتننامەکە ماف و ئەرکی تازە بۆ سوێندکتەکانی (لایەنە بەشدارەکانی) دیاری دەکات، کە هەردوولا پابەندن بە جێ بەجێ کردنییەوە. ئەم ڕێکەوتننامەیە لە لایەک ڕەتکردنەوەی پەیماننامەی سیڤەرە، لە لایەکی ترەوە دانپێدانانە بە سنووری تورکیا، بە باکووری کوردستانیشەوە. [لە بەشی سێیەمدا باسی ئەم ڕێکەوتننامەیە دەکەین].

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو بەڵگەنامانەی باس لە مەسەلەی کورد دەکەن، یان کورد دەگرنەوە، پێش هەموو شتێک بەرژەوەندیی وڵاتە بەشدارەکانی ئەو بەڵگەنامانە لەبەرچاو گیراوە، بە تایبەتی مەسەلەی کورد لە پەیماننامەی سیڤەردا، پەیوەندی بە نەوت و سامانی کوردستانەوە هەیە، نەک بەرژەوەندی گەلی کورد. ئەم ڕاستییەش چاکتر ڕوون بۆوە کاتێک لەسەر ویلایەتی موسڵ کێشە لە نێوان بەریتانیاو تورکیادا

دروست بوو. هەڵویستی بەریتانیا هەر زوو دیاربوو، بە تایبەتی ساڵی ١٩١٨ کاتێک داوای یەکخستنی ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان خرایە بەر دەستی حاکمی گشتی بەریتانی، ویلسن، ئەویش ڕەفزی کردەوە"٣١". ئەمەش ڕاستییەکی ترە کە وڵاتە کۆلۆنیالەکان یەکگرتنی کوردیان نەدەویست. پەیماننامەی سیڤەریش بەو مەبەستە بووە تا پێگەی سیاسیی و ئابووریی خۆیان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بچەسپێنن.

* * *

لێرەدا پێویستە ئاگاداری سیاسەتی ئەو وڵاتانە بین لە ماوەی نێوان (سیڤەر ١٠-٨-١٩٢٠ تا لۆزان ٢٤-٧-١٩٢٣). پێش پەیماننامەی لۆزان بەریتانیاو فەرەنسا چەند ڕێکەوتننامەیەکیان بەستووە، کە بەهۆیانەوە سنووری کوردستانیان دابەشکردووەو بە وڵاتانی تریانەوە لکاندوون. بەریتانیا سەرگەرمی دروستکردنی عێراق بوو، ئەویش لەسەر بڕیاری کۆنفرانسی سان-ڕیمۆ لە ٢٥-٤-١٩٢٠ دا، کە ماندات(ئینتیداب)ی بەریتانیای بەسەر فەلەستین و میسۆپۆتامیاداو، ماندانی فەرەنسای بەسەر سوریادا سەپاند"٣٢".

مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٢٠ بە سەرپەرشتی نوێنەری بەریتانیا، پیرس کۆکس، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق پێکهات."٣٣" بەڵام چوار مانگ دوای پەیماننامەی سیڤەر، لە ٢٣-١٢-١٩٢٠ دا لە پاریس پەیماننامەی ئەنگلۆ- فەرەنسی ئیمزاکرا. بە گوێرەی ئەو پەیماننامەیە سنووری ژێردەسەلاتی ماندانی هەردوولا لە عێراق و سوریا دیاریکراو لەیەکتری جیاکرایەوە. لەو ڕۆژەشەوە کوردستانی سوریا دەستپێدەکات، چونکە سنووری سوریا بەشێک لە خاکی کوردستانی پێوە لکێندرا"٣٤".

پێشتر وتمان کە لە پەیماننامەی سیڤەردا ئەو ناوچانە ی کوردستان، کە لە ژێر کۆنترۆلی فەرەنسییەکاندا بوون و دواتر بە سوریاوە لکێندران باس نەکراون، ئەم پەیماننامەیە جارێکی تر ڕاستی ئەم قسەیەمان دەسەلمێنێت.

لە ١٢-٣-١٩٢١ دا، لە کۆنفرانسی قاهیرەدا، بە پێشنیاری ونستۆن چەرچڵ و ڕاوێژکارانی، فەیسەڵ بە مەلیکی عێراق داندرا. هەر لەوێشدا کێشەی خوارووی کوردستان وا چارەسەرکرا کە بە عێراقەوە بلکێندرێت"٣٥". کەواتا تەنیا چوار مانگ دوای سیڤەر، فەرەنساو بەریتانیا سنووری نێوان سوریاو عێراقیان بەجۆرێک دیاریکرد کە بەشێک لە خاکی کوردستان داببڕن و بیخەنە سەر سوریا. حەوت مانگیش دوای سیڤەر، لە کۆنفرانسی قاهیرەدا، بڕیاری لکاندنی خوارووی کوردستان بە عێراقەوە درا. لە بیرمان نەچێت کە پێش سیڤەر، لە کۆنفرانسی پاریسدا، فەیسەڵ خوارووی کوردستانی دەدایە پاڵ ئەو دەوڵەتەی بەنیازبوون دروستی بکەن(عێراق)، هەروا لەبیرمان نەچێت کە لە بەندی (٦٤)ی پەیماننامەی سیڤەردا دەڵێ : ئەگەر لە ماوەی ساڵێکدا کوردەکان ویستیان جیاببنەوە...تاد کەواتا پێش سیڤەر نەخشەی لکاندنی خوارووی کوردستان لە ئارادا بووە. هەروا پێش کۆتایی ئەو ساڵەی کە سیڤەر دانابوو، فەرەنساو بەریتانیا پێشتر چۆنیان ویستبوو هەر ئەوەیان کرد.

لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە ١١-٧-١٩٢١ دا، بە بەشداربوونی نوێنەری بەریتانیا، فەیسەڵ بە مەلیکی عێراق هەڵبژێردرا. هەر لە وێشدا بەریتانیا ڕایگەیاند کە کوردەکان ئازادن لە بەشداربوون یان نەبوون لە هەڵبژاردندا. لە هەمان کاتدا حکومەتی عێراق ڕایگەیاند کە پێی خۆشە کوردەکان خۆیان لە لەشی عێراق جیانەکەنەوە"٣٦" لە ٢٠-١٠-١٩٢١ دا فەرەنساو تورکیای کەمالی پەیماننامەیەکیان بەست، بەمەش فەرەنسا سیڤەری ڕەتکردەوەو دانی بە حکومەتی ئەنقەرە داناو دوویاتی لکاندنی خۆرئاوای کوردستانی بە سوریاوە کردەوە"٣٧". ئەم پەیماننامەیەی، پەیماننامەی ئەنگلۆ- فەرەنسی لە ٢٣-١٢-١٩٢٠ دا سنووری سوریایان، بە پارچەیەک لە کوردستانەوە، جێگیرکرد.

کەواتا ئەم دوو پەیماننامەیە ماف و ئەرک (ئیلتیزامات)ی تازەیان بۆ دوو لایەنی پەیماننامەی سیڤەر هێنایە ئاراوە، کە لە ناوەڕۆکی سیڤەر جیاوازن. ئەم کارانە ڕەتکردنەوەی یاسایی پەیامانامەی سیڤەرن. فەرەنسا، کە لە گەڵ حکومەتی سوڵتاندالایەنێکی سیڤەر بوو، ئەم پەیماننامە نوێیەی لەگەڵ حکومەتی ئەنقەرەدا بەست و ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوون بۆ دەوڵەتی سوریای دابینکردن. ئەم کارەش خۆی لە خۆیدا: ١-خۆکشانەوەبوو لە پەیماننامەی سیڤەر، ٢-دانپێدانان بوو بە حکومەتی ئەنقەرە، واتا ڕەتکردنەوەی حکومەتی سوڵتان بوو.

لە کۆتایی ١٩٢٢ دا حکومەتی عێراق و بەریتانیا بە ڕەسمی ڕایان گەیاند کە ڕێگە بە دروستکردنی حکومەتێکی کوردی دەدەن لە چوارچێوەی

عێراقدا"٣٨". ئەم بەیاننامەیەی حکومەتی بەریتانیاو عێراق، هەرچەندە دانپێدانانە بە مەسەلەی کورد، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە مەسەلەی خوارووی کوردستانی بە مەسەلەی ناوخۆی عێراق داناو لە باکووری کوردستانی دابڕی، ئیتر لەو ڕۆژەوە کێشەی نەتەوەیی گەلی باشووری کوردستان هەر بە ئاڵۆزی مایەوە.

لە ئەنجامدا دەڵێین کە سیاسەتی وڵاتە گەورەکان و وڵاتانی ناوچەکە، هەر لە سەرەتاوە، هەوڵی دابەشکردن و لکاندنی کوردستان بووە. ئەم سیاسەتەشیان بەهۆی گەلێک ڕێکەوتننامەو کرداری سیاسی بە ئەنجام گەیاندووە، کە لێ کوردیان توشی دابەشکردن و ژێردەستی کردووە.

[لە ژمارەی داهاتوودا دوا بەشی ئەم باسە بڵاودەکەینەوە].

## پەراوێزەکان:

١- بەیماننامەی سیڤەر، بڕوانە: سیڤەرو لۆزان، یو. ف. کلوچینکەف، ئە. ف. سەبەنین، مۆسکو ١٩٢٧ لا٢٤ (بە زمانی ڕووسی).

٢- هـ. س. لا ٢٥

٣- م. س. لازەریف، ئیمپریالیزم و مەسەلەی کورد ١٩١٧- ١٩٢٣، مۆسکو، ١٩٨٩، لا ١٨٨ (بە زمانی ڕووسی).

٤- بەیماننامەی سیڤەر: سیڤەرو لۆزان، لا١٢٧

٥- هـ. س. لا ٣١

٦- هـ. س. لا ٣٢

٧- هـ. س. لا ١٥-١٦

٨- بەیاننامەی ئەنگلۆ- فەرەنسی ١٩١٨. بڕوانە: ئە. م. مێنتیشەشڤیللی، عێراق لە سالانی ماندانی ئینگلیزدا، مۆسکو، ١٩٦٩، لا ٢٤٩ (بە زمانی ڕووسی).

٩- جەمال نەبەز، دۆزی ناسیۆنالی کورد، سوێد، ١٩٨٥، لا ١٤. هەروا بڕوانە: ڕەفیق حیلمی، یاداشت، بەشی یەکەم، سەقز، لا ٦٠-٦١. م. ڕ. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، لەندەن، ١٩٩٠، لا ٤٠٨

١٠- م. س. لازەریف، هـ. س. لا ١٩٢

١١- ویلیام اغلتن الابن، جمهوریه مهاباد، ترجمه وتعلیق: جرجیس فتح الله المحامي، بیروت، ١٩٧٢، ص٣١

١٢- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، بەغدا، ١٩٧٥، لا ١٦٩

١٣- کەمال مەزهەر ئەحمەد، بزوتنەوەی ڕزگاری- نەتەوایەتی لە کوردستانی عێراقدا ١٩١٨- ١٩٣٢، باکۆ، ١٩٦٧، لا ٢٤ (بە زمانی ڕووسی).

١٤- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرنجێکی نوێ بەرامبەر پەیمانی سیڤەرو مەسەلەی کورد، گۆڤاری برایەتی، بەغدا، ژمارە ٧ی ساڵی ١٩٧٠، لا ١٥-١٩

١٥- م. ڕ. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و.. بەرگی دووەم، لەندەن ١٩٩١، لا ١٢-١٣

١٦- د. ولید حمدي، الکرد وکردستان في الوثائق البریطانیه، لندن، ١٩٩٢، ص١٨٢-١٨٣

١٧- پی ڕەش، العراق دوله بالعنف، لندن، ص١١

١٨- د. ولید حمدي الکرد وکردستان ص٩٢

١٩- پی ڕەش، العراق دولة بالعنف ص١١

٢٠- م. ڕ. هاوار، هـ. س. بەرگی دووەم، لا٢٩٧-٣٠٠

٢١- جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، کوردی لە ئەڵمانییەوە کردوویە بە کوردی، سوێد ١٩٨٥، لا ١٤٤

٢٢- م. ڕ. هاوار، هـ. س. بەرگی دووەم لا ٣٣

٢٣- سەیوان عەلی ڕەزا، سیاسەتی بەریتانیای گەورە لە کوردستاندا، کورتەی نامەی دوکتۆرا، لینینگراد ١٩٩١ لا ١٢ (بەزمانی ڕووسی)

٢٤- د. ولید حمدي، الکرد وکردستان ص٧٧

٢٥- م. ڕ. هاوار، هـ. س، بەرگی دووەم، لا ١٦٢

٢٦- د. ولید حمدي، م. س. ص١٣١-١٣٢

٢٧- م. ڕ. هاوار، معاهده سیفر، مجله الثقافه الکردیه، لندن ١٩٩٠، العدد٢ ص١٠١

٢٨-سالح محمد امین، کوردو عەجەم، مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران١٩٩٢لا٢٤٤-٢٤٥

٢٩- سیاسەتی نێودەوڵەتان لە تازەترین سەردەمدا لە ڕێکەوتننامە و یاداشت و بەیاننامەکاندا، بەشی سێیەم، مۆسکو ١٩٢٨ ٢٦٧-٢٧ (بە زمانی ڕووسی).

٣٠- هـ. س، لا٩٤

٣١- سالح محمد امین، کوردو عەجەم، لا ٣٧٢، هەروەها: ڕەفیق حیلمی، یاداشت، بەشی یەکەم، لا٩٤

٣٢- کەمال مەزهەر ئەحمەد، بزوتنەوەی ڕزگاری- نەتەوایەتی، هـ. س، لا ٢٩

٣٣- الدکتور غسان عطیه، العراق- نشاه الدوله، لندن ١٩٨٨ ص ٤٦٤

٣٤- م. س. لازەریف، ئیمپریالیزم و مەسەلەی کورد لا٢٤٧

٣٥- اغد ودیمقراطي وحرمان شعب حتی من حق الحلم؟، منشورات الاتحاد الوطني الکوردستاني، مرکز ئەرکی نوێ ١٩٨٩ ص٢٤٦

٣٦- ڕەفیق حیلمی، یاداشت، بەگی دووەم لا ٤٦٤، هەروەها: اغد ودیمقراطي وحرمان شعب حتی من حق الحلم؟ ص ٢٤٧

٣٧- م. س. لازەریف، هـ. س. لا٢٥١

٣٨- جەمال نەبەز، دۆزی ناسیۆنالی کورد لا١٥٧، هەروەها: د. ولید حمدي، ن. م. ص١٦٠

# ژن له ڕۆژهه‌ڵاتی کۆن و خوێندنه‌وه‌یه‌کی ئارکیۆلۆژیایی قورئان

نه‌زه‌ند به‌گیخانی

## به‌شی دووه‌م: ستاتوی ژن دوای سه‌رهه‌ڵدانی ئایینه یه‌کخوداییه‌کان

### ٣- ژن له ئیسلامدا

#### پێشه‌کی

مرۆڤی کۆن پێش سه‌رهه‌ڵدانی ئایینه یه‌کخوداییه‌کانیش، ژیانی ئایینی هه‌بووه و باوه‌ڕی به هێزێکی په‌نهان و مه‌زن هێناوه، هه‌روه‌ها یاسا و کۆدی داڕشتووه و سیسته‌می ژیانی کۆمه‌ڵگه‌ی ڕێکخستووه و به‌ڕێوه بردووه. له به‌شی یه‌که‌می لێکۆڵینه‌وه‌که‌مان، باسی ستاتوی ژنمان له کۆد و یاسای میلله‌تانی میزۆپۆتامیا، له پێش سه‌رهه‌ڵدانی ئایینیه یه‌کخوداییه‌کانکرد. له به‌شی دووه‌م هاتینه سه‌ر باسی ستاتوی ژن دوای سه‌رهه‌ڵدانی ئایینه یه‌کخوداییه‌کان و لقی یه‌که‌می ئه‌و به‌شه‌مان ته‌رخان کرد بۆ یه‌که‌م ئایینی یه‌کخودایی، ئایینی جووله‌که. ئێستا یه‌کسه‌ر دێینه سه‌ر باسی ئیسلام، واته به‌سه‌ر قۆناغی ئایینی مه‌سیحیدا باز ده‌ده‌ین، ئه‌مه‌ش له‌به‌ر چه‌ند هۆیه‌ک: ئایینه یه‌کخوداییه‌کان هه‌رسێکیان یه‌ک بنچینه‌یان هه‌یه؛ ئیسلام له‌به‌ر مه‌سه‌له‌ی جوگرافی و مێژوویی زیاتر له ئایینی جووله‌که نزیکه. ئه‌مه مانای وانیه خاڵی پێکچوون له نێوان ئایینی مه‌سیحی و ئیسلامدا نیه؛ ئێمه له‌م باسه نامانه‌وێ بکه‌وینه ناو بواری به‌راوردکاریی ئایینیه‌وه، به‌ڵکو مه‌به‌ستمان خوێندنه‌وه‌یه‌کی ئارکیۆلۆژیایی قورئانه که به ڕای من په‌یوه‌ندی ڕاسته‌وخۆی له‌گه‌ڵ ته‌ورات زیاتره وه‌ک له ئینجیل و ئینجیلیش له سه‌ر بنچینه‌ی یه‌که‌م کتێبی پیرۆز داڕێژراوه.

بۆ ئه‌م به‌شه، به پله‌ی یه‌که‌م پشتمان به کتێبی پیرۆزی موسڵمانان، قورئان به‌ستووه. قورئان پێکهاتووی هه‌موو ئه‌و سوووره‌تانه‌یه که بۆ ماوه‌ی بیست و دوو ساڵ موحه‌ممه‌د وه‌کو وته‌ی خودا ده‌یانڵێته‌وه و لایه‌نگره‌کانی له‌به‌ری ده‌که‌ن و ده‌یگوازنه‌وه تا خه‌لیفه عوسمانی کوڕی عه‌ففان، سێیه‌م خه‌لیفه‌ی ڕاشدی، کۆیان ده‌کاته‌وه و ده‌یاننووسێته‌وه.

گومانی تێدا نیه که زمانی قورئان تا بڵێی چڕ و ئاڵۆزه، بۆ ئه‌وه‌ی باشتر بچمه ناو ئه‌و شاکاره، پشتم به کۆمه‌ڵێک تێکستی جیاجیا و وه‌رگێڕدراوی قورئان به‌ستووه. جگه له تێکسته عه‌ره‌بیه‌که، دووه‌رگێڕدراوی فه‌ره‌نسیم به‌کارهێناوه: دونیس ماسۆن و کازیمیرسکی[1]. له هه‌مان کات، سوودم له وه‌رگێڕانه کوردیه‌که‌ی قورئان وه‌رگرتووه که له لایه‌ن عه‌بدوللا ڤارلی - یه‌وه وه‌رگێڕدراوه و به‌م دواییه له تورکیا چاپکراوه. وه‌رگێڕانه‌که بۆ سه‌ر زاراوه‌ی کرمانجیه و به هه‌ردوو ڕێنووسی عه‌ره‌بی و لاتینی داڕێژراوه، تێکسته عه‌ره‌بیه‌که‌شی له‌گه‌ڵ بڵاوکراوه‌ته‌وه[2]. له نووسینی ئه‌م بابه‌ته به پێویستم زانی ئه‌و نموونانه‌ی که له قورئان وه‌رمگرتوون به کوردی بیاننووسمه‌وه، له‌م کاره‌دا، هه‌وڵم داوه به پێی توانا له واتاکه نزیک ببمه‌وه و هونه‌ری وه‌رگێڕانم له‌به‌رچاو نه‌گرتووه. له ته‌ک هه‌ر نموونه‌یه‌ک ژماره‌ی ئایه‌ت و ناوی سووره‌ت و به‌شه‌که‌م ده‌ستنیشان کردووه، وه‌ک: «ئایه‌تی ١، سووره‌تی ژن، ٤»». بۆ نزیکبوونه‌وه له واتای ئایه‌ته‌کان، سوودم له ته‌فسیره ئایابه‌که‌ی ته‌به‌ریش وه‌رگرتووه.

---

١. وه‌رگێڕانه‌که‌ی کازیمیرسکی، ئه‌گه‌رچی موحه‌ممه‌د ئه‌رغون پێشه‌کی بۆ نووسیوه و کرۆنۆلۆژیای بۆ کردووه، له ڕێکخستنی ژماره‌ی ئایه‌ته‌کان هه‌ڵه‌ی تیایه.بڕوانه:
- Le Coran, traduit par Kasimirski, Chronologie et Préface par Mohammed Arkoun, GF Flammarion, 1970.
- Denise Masson, Essai d'interprétation du Coran inimitable, Dar Al-Kitab Al-Lubnani, Beyrouth; édition Gallimard, Bibliothèque La pléiade, 1967.

٢. بڕوانه: Kuran a Pîroz û Arsa Wêye Bilind, amedekar: Abdullah Varli, Istanbul, 1994.

## ٣- ژن لە ئیسلامدا

موحەممەد لە ناو ئەو ئاو و هەوایەی سەردەمی جاهیلی کە لە بەشی رابردوو باسمان کرد، لە ساڵی ٥٧١ی زایینی لە هۆزی هاشم لە دایک دەبێ. هەر لە سەرەتای ژیانیەوە، باوکی کۆچی دوایی دەکات و لە تەمەنی دەساڵیش دایکی دەمرێت. لە تەمەنی هەرزەکاریەوە خەریکی بازرگانی دەبێت و لەگەڵ ئەو کاروانانەی کە بەرەو شام و ئێران و میزۆپۆتامیا دەچن، هاتوچۆ دەکات. لەو ماوەیەدا موحەممەد کاروباری بازرگانی بێوەژنێکی دەوڵەمەندی قورەیشی، خەدیجەی کچی خوەیلد، بەڕێوە دەبات. خەدیجە تەمەنی چل[3] ساڵ دەبێت و کەسایەتی موحەممەدی زۆر بە دڵ دەبێت، بە تایبەتی لە رووی دەستپاکی و راستگۆییەوە کە ئەوکات لە دوورگەی عەرەبی دەگمەن بووە، بۆیە داوا لە موحەممەد دەکات ببێت بە مێردی، موحەممەدیش رازی دەبێت. لە تەمەنی چل ساڵیدا، لە کاتێکدا موحەممەد لە کێوی حەڕا، خەریکی رامان و گۆشەگیرییە، پەیامی بۆ دێتە خوار. ئەم پەیامە ئەوەندە کاری لێدەکات کە بە راکردن بەرەو ماڵەوە دەچێتەوە و بە خەدیجە دەڵێت «وابزانم شێت دەبم». کاتێ بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، خەدیجەی ژیر و خاوەن ئەزموون دڵی دەداتەوە و دڵنیای دەکات لەوەی کە ئەمە پەیامی خوایە و نیشانەی بوونە بە پێغەمبەر.

ئیسلام تەنها ئایین نیە، بەڵکو لە هەمان کاتدا، سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوریە؛ جگە لە مەودا رۆحیەکەی، قورئان بریتیە لە کۆمەڵێک یاسا و فەرمان و پەیڕەو. (لە ناو هەرسێ ئایینی یەکخودایی، ئیسلام تاکە ئایینێکە لەیەک کاتدا دین و شارستانیەت و کەلتور و مۆدێلی ژیانی رۆژانەیە)[4]. لە سیستەمی ئیسلامیدا، یاسا و رەفتار دوو شتی سەربەخۆ نین، بەڵکو تێکەڵ کراون: یاسا پشت بە رەفتار دەبەستێ و رەفتاریش بە یاسا پشتقایە. قورئان قسە لەسەر هەموو شتێک دەکات، هەروەکو ئیمام خومەینی دەڵێ: (هەموو ئەو شتانەی پەیوەندیان بە مرۆڤ و کۆمەڵەوە هەیە، ئیسلام باسی لێوە کردوون)[5]. گرفتی مرۆڤی موسڵمان لێرەدا دەست پێدەکات: مادام هەموو شتێکی تایبەت بە مرۆڤ و کۆمەڵ لە قورئان گوزارەی لێکرابێ و قورئانیش وتەی خودا بێ، کەواتە گۆڕان پێویست و گرنگ نیە و تەنانەت ترسناکیشە. مرۆڤی موسڵمان هۆشیاریی زەمەنی نیە و باوەڕی خودایی هەموو ژیانی پڕکردۆتەوە. هەروەکو فاتیمە مێرنیسی دەڵێ: (موسڵمانەکان تووشی «دەردی ئێستا» هاتوون)[6]. واتە مرۆڤی موسڵمان لە ئێستادا ناژێت، نەک لەبەرئەوەی لێی هەڵدێت، بەڵکو (لە ئێستادا دەژێت وەکو حەزێک لە مەرگ، حەز لە غایب بوون، حەز لە بوون لە دونیایەکی تر)[7]. بۆیە مرۆڤی موسڵمان پێشکەوتنە زانستیەکان بە ئاسانی هەرس ناکات و بۆ ژیانی ئێستای روو لە رابردوو دەکات، (هیوا و ئارەزووەکانی تێدا دەخوێنێتەوە، دەیەوێ زانست و عەقلانیەت و پێشکەوتنی لێ هەڵێنجێ. واتە هەموو ئەو شتانەی ناتوانێ لە ئێستادا بیانگاتێ، لە رابردوو بە دوایاندا دەگەڕێ)[8].

ئایینەکان هەموویان یەک ناوەڕۆکیان هەیە، بەڵام هیچ کامیان وەکو ئیسلام یاسا و رەفتاریان تێکەڵ بەیەک نەکردووە و نەیانکردووە بە مۆدێلی ژیان.

---

٣. بە رای هەندێ مێژوونووس تەمەنی خەدیجە لە چل ساڵ کەمتر بووە، چونکە لە ماوەی پانزە ساڵی ژیانی لەگەڵ موحەممەد حەوت منداڵی بووە. ئاشکرایە کە بە شێوەیەکی گشتی لە دوای چل و پێنج ساڵی، مەحەکی «بێنوێژی» ژن دەوەستێ و ناتوانێ چیتر منداڵ دروست بکات. بێگومان ئەمڕۆ بە هۆی پێشکەوتنی زانستی، ئەم بارە گۆڕدراوە.

٤. Attilio Godio René Pelletier, Femme d'Islam ou le sexe interdit, Paris, Denoel/Gauthier, 1980, P. 8.

٥. Principes philisophiques, sociaux et religieux de l'Ayatollah Khomeiny, ed. libre hallier, Paris, 1979.

٦. Fatima Mernissi, le harem politique, albin michel, 1987, P. 23.

٧. Ibid, P. 23

٨. محمد عبدالجابر، نحن والتراث، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء و دار الطليعة، بيروت، ١٩٨٠، ص٢٢.

گوناه یەکێکە لەو چەمکانەی لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایینە یەکخوداییەکان لکێنرا بە ژن و لە قالبی ئەخلاقییەوە خرایە قالبی دادگاییەوە. هەروەکو پێشتر ووتمان، لە تەورات گوناه یەکسانە بە هەڵە و لادانە لە فەرمانی خودا (حەوا لە فەرمانی خودا دەردەچێت و سێوەکە دەخوات و ئادەمیش تەفرە دەدات و ئەویش دەیخوات). ئەم لادانە لە فەرمانی خودا ناڕێکی لە پەیوەندیی نێوان مەردوم و خودا دروست دەکات، بۆیە خودا مرۆڤ سزا دەدات. لە قورئاندا ئەم گوناهە بنچینەییە نەخراوەتە پاڵ ژنەوە، بەڵکو ژن و پیاو (ئادەم و حەوا) هەردووکیان هەڵدەخەڵەتێنرێن و پێکەوە سێوەکە دەخۆن: (ووتمان ئەی ئادەم تۆ و ژنەکەت لە بەهەشت نیشتەجێ بن و بە ئاشتی بە ئارەزووی خۆتان لە میوەکانی بخۆن و لەم درەختە نزیک مەکەونەوە ئەگینا دەچنە ریزی ستەمکارانەوە. شەیتان زەڵلەی پێبردن و لەم خۆشییەی کە پێشوو تێیدا بوون بێبەری کردن، ووتمان دابەزن، ئێوە یەک دەبن بە دوژمنی ئەویتر...) «ئایەتی ٣٤-٣٧، سورەتی مانگا، ٢». هەروەکو دەبینین، شەیتان لەیەک کاتدا زەڵلە بە ئادەم و حەوا دەبات و هەردووکیان پێکڕا سێوەکە دەخۆن، لێرە ژن ئەو وێنە فریودەر و هەڵخەڵەتێنەرەی نیە کە لە تەورات بینیمان. لە سورەتی ئەلئەعراف، بەشی هەشتەم، ئایەتی بیستیش دەڵێ: (شەیتان وەسوەسەی خستە ناخیان) و دواتریش دەڵێ: (شەیتان نیغرای کردن)، واتە ئادەم و حەوا پێکڕا گوناهبارن بەرامبەر بە خودا، قورئان دیاری نەکردووە کامیان پێش کامیان سێوەکەی خواردووە و هانی ئەویدیکەی داوە بیخوات. هێزی خراپە «شەیتان» لە ناو مرۆڤ (ژن و پیاو) بەرجەستەیە و هەردووکیان تاوانبارن. خودا هەردووکیان سزا دەدات و دایاندەبەزێنێتە سەر زەوی «بڕوانە هەمان سوورەت، ئایەتی ٢٤». ئەگەرچی لە قورئان یەکەم گوناه راستەوخۆ نەدراوەتە پاڵ حەوا، بەڵام ئادەم نزیکترە لە خودا و زانایە و داوای لێبوردن دەکات: (ئادەم لە خودای خۆیەوە فێری پاڕانەوە بوو، داوای لێبوردنی کرد، خوداش لێی خۆش بوو چونکە خودا لێبوردەیە و میهرەبانە) «ئایەتی ٣٧، سوورەتی مانگا، ٢». پەیوەندی پیاو لەگەڵ خودا بە هەمان شێوەی یەکەم کتێبی پیرۆز، پەیوەندیەکی راستەوخۆ و پتەوە و ژن جێگای تیا نابێتەوە. سەرەتا کە خودا فەرمان دەدات لە بەهەشت نیشتەجێ بن، راستەوخۆ ووتەکانی ئاراستەی ئادەم دەکات و ژن وەک کەسی دووەمی نادیار گوزارەی لێکراوە: (خۆت و ژنەکەت لێی نیشتەجێ بن) « ئایەتی ٣٦، سورەتی مانگا، ٢». ئاشکرایە کە قورئان بە هەمان شێوازی تەورات دانەڕێژراوە و درێژەدادڕی تێدا نیە و زیاتر شاعیریە. لە قورئاندا راستەوخۆ نەووتراوە حەوا گوناهبارترە لە ئادەم و سزای ئەو زیاترە، بەڵام بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ هەست بە هەمان چەمکی تەورات دەکرێت. بۆچی تەنها ئادەم داوای لێبوردن دەکات و خوداش لێی خۆش دەبێت؟ ژن زانا نیە و وانەکانی خودا فێر نەبووە، چونکە خودای خۆی نیە و بە هەمان چەشنی ئادەم لێی نزیک نیە.

دەربارەی خەڵقکردن، بە پێی قورئان، خودا مرۆڤی لە یەک کەس دروست کردووە: (ئەی خەڵکینە پشت بە خودای خۆتان ببەستن کە لە یەک گیان خەڵقی کردوون...) «ئایەتی ١، سوورەتی ژن، ٤»؛ بە هەمان شێوەی تەورات، خودا سەرەتا پیاوی خەڵقکردووە، پاشان لەم پیاوە ژنی دروستکردووە و لە جووتبوونی هەردووکیان پیاو و ژنێکی زۆر دەبن: (لەم گیانە ژنەکەی دروستکرد و لە هەردووکیان پیاو و ژنێکی زۆر بوون) «ئایەتی ١، سوورەتی ژن، ٤». بە پێی ئایینە یەکخوداییەکان، ژن لە پیاو بووە و پیاویش دەستکردی راستەوخۆی خودایە. واتە پیاو ئیماژی خودایە و ژنیش تەنها سێبەری ئەم ئیماژەیە. پێغەمبەرەکان کە هەموویان پیاو بوون مەودای نێوان پیاو و خودایان کەمکردۆتەوە؛ مرۆڤ لە یەکگرتنی دوو جەمسەر، دوو لایەن دروست دەبێت: ژن و پیاو، لە کردەی خەڵقکردنی خودایی، پێغەمبەرەکان ژنیان لە دەرەوەی بوون داناوە و خۆیان (نێر) و ئیماژی خۆیان (خودا) بە هۆکاری سەرەکی خەڵقکردن داناوە. هەموو پیاوێک لە ژن دەبێت و هیچ کامێکیان لە کردەی خەڵقکردن بەدەر نین، هەردووکیان تەواوکەری یەکترین. ئەمە راستیەکی زانستیە و ئایینە یەکخوداییەکان هەرسێکیان هەوڵیان داوە لێی لابدەن و پێچەوانەکەی بسەلمێنن، واتە ئایینەکان ژنیان لە کردەی خەڵقکردن بە پاسیڤ (بێجووڵە و ناچالاک)، پیاویش بە ئاکتیڤ (چالاک و بزێو) داناوە. بە پێی ئایینە

یەکخوداییەکان ژن جەمسەری سێیەمی بوونیش نیە، بەڵکو لە دەرەوەی بازنەی بوونە و لاوەکیانەتەک راستەوخۆ خەڵقکراوە: ژن پەیوەندی لەگەڵ خودا پەیوەندییەکی لاوەکیە و بۆ گەیشتن بە خودا دەبێت بەناو پیاودا تێپەڕێت. کەواتە بە پێی ئایینە یەکخوداییەکان ژن هی پیاوە و پیاویش هی خودا: پیاو کڕنووش بۆ خوداکەی دەبات و لە فەرمانەکانی دەرناچێت، ژنیش کڕنووش بۆ پیاو دەبات و دەبێ لە فەرمانەکانیلانەداتوملکەچی بێت. بەم جۆرە سیستەمێکی قوچەکی (هەرەمی) لەگەڵئایینە یەکخوداییەکان دروست بوو؛ پیاو خودای ژنە لەسەر زەوی. لەسەر بنچینەی ئەم بۆچوونە خودای موسڵمانان دەفەرموێت: (پیاوان مافیان بەسەر ژنانەوە هەیە[9] لەبەر ئەوەی خودا هەندێکی بەسەر هەندێکدا پەسەندکردوون) «ئایەتی ٣٤، سوورەتی ژن، ٤». ئەم پایە بەرزییەی پیاو لە چاو ژن لەوانەیە تەنها لە رووی ئابوورییەوە بێت کە دواتر لە هەمان ئایەت دەیسەلمێنێت: (لەبەرئەوەی پیاو نەفەقەی ژن دەکێشێ). بە پێی ئایەتی ٢٢٨ی دووەم سوورەت (سوورەتی مانگا)، بەرزی پیاو لە چاو ژن شێوەیەکی گشتی وەردەگرێت، چونکە (پیاوان پلەیەکیان بەسەر ژنانەوە هەیە). بە رای هەندێ لە ئیسلامناسەکان، پێغەمبەر لەم رووەوە کاریگەرییەکی زۆری عومەری کوڕی خەتتابی لەسەر بووە. عومەر ناسراو بووە بەوەی لایەنگیرێکی مەزنی ئەو پیاوانە بووە کە بانگاشەی پایە بەرزی نێریان کردووە و دژی یەکسانی نێوان ژن و پیاو بوون. هەروەکو لە بەشەکانی پێشوو وتمان، دانیشتوانی مەدینە لە چاو دانیشتوانی مەککەئاشتیخوازترو پێشکەوتووتر بوون، کاتێ عومەر دەگاتە مەدینە سەری لە رەفتاری ژن و پیاوان دەسوڕمێ و دەڵێ: (ئێمەی قورەیشی بەسەر ژنەکانماندا زاڵین، کە گەیشتینە مەدینە سەیرمان کرد ئەنسارەکان (لایەنگیرەکانی پێغەمبەر لە مەدینە) رێگا بە

٩. ووشەی «قوامون» کە لەم ئایەتەدا بەکارهاتووە، بە زۆر شێوە وەرگێڕدراوە و لێکدراوەتەوە؛ هەندێک بە «بەرزتر» وەریانگێڕاوە: (پیاو لە ژنان بەرزترن)، من لێرە (پیاوان مافیان بەسەر ژنانەوە هەیە) بە باشتر دەزانم، ئەگەرچی لە هەردوو حاڵەت واتاکە ئاشکرایە.

ژنەکانیان دەدەن زاڵ بن بەسەریان؛ ژنانی ئێمەش کەوتنە ژێر کاریگەریان)[10]. پێغەمبەر کە هەروەکو تەبەری دەڵێ ناسراو بووە بە نەرم و نیانی و هێمنی لەگەڵ خەڵک و بەتایبەتی لەگەڵ ژن، لەو ئایەتانەی کەلەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن کاریگەری عومەری لەسەر بووە. عومەر دژی سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی ژن بووە و تەنانەت هێزیشی لە دژیان بەکارهێناوە[11]. بەم جۆرە بە رای مێژوونووسە ئیسلامەکان، عومەر دژی «سوورەتی ژن» بووە کە گوایە بە کاریگەری أم سلمی کە لایەنگیری جەماوەری ژنان بوو، دارێژراوە. بۆیە بە پێغەمبەر دەڵێ ژنان دژی مێردەکانیان هەڵدەگەڕێنەوە؛ ئایەتی ٣٤ ی سوورەتی ژن دوورتر دەڕوات و دەڵێ: (ئەگەر دەترسن ژنەکانتان گوێڕایەڵیتان «نشوزهن» نەکەن، ئامۆژگاریان بکەن، لەگەڵیان مەخەون و لێیان بدەن. ئەگەر هاتنە سەر رێی راست چیتر هانا مەبەنە بەر هێز). بەمجۆرە خودای موسڵمانان ماف دەداتە پیاوان لە کاتی هەڵگەڕانەوە و گوێڕایەڵینەکردنی ژنان هێزیان لە دژ بەکاربهێنن. بە رای هەندێ ووشەی «نشوزهن» کە هەندێک بە مانای خیانەتکردن لێکیان داوەتەوە، واتە کاتێک ژن داواکاری پیاو بەرپەرچ دەداتەوە لەگەڵی جووت نەبێ، واتە گوێڕایەڵی نەکات و ملکەچی نەبێت. بە گوێرەی ئەم ئایەتە لێدان لە ئیسلام بەشەرعی رەوایە، چونکە بە پێی قورئان ژن کێڵگەی پیاوە و پیاو مافی هەیە بە ئارەزووی خۆی بەکاریبهێنێ: (ژنەکانتان کێڵگەی ئێوەن و بە ئارەزووی خۆتان بچوونە ناویەوە) «ئایەتی ٢٢٣، سوورەتی مانگا، ٢». ئەم ئایەتە کە لێکدانەوەی هەمەجۆری لە ناو ئیسلامەکان دروست کرد، ماف دەدات بە پیاوان لە کاری سێکسی سەرپشک بن و بڕیار لە دەست ئەواندا بێت. دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئایەتە هەندێک رایان بۆ ئەوە چوو کە مافیان هەیە لە پشت و لە پێش بچنە

١٠. صحيح البخاري، جلد ٢، ص٢٥٨.

١١. ئبن الهشام لە «السيرةالنبوية» دەگێڕێتەوە کە پێش ئەوەی عومەر بێت بە ئیسلام، کاتێ دەیبیستێ حەفسەی خوشکی بۆتە ئیسلام و خەڵک گزدەکاتەوە و هانیان دەدات بۆ هاتنە سەر ئەو ئایینە نوێیە، لێیدەدات. هەروەها ئبن السعد لە «الطبقات» دەگێڕێتەوە کە جارێک عومەر شەقازللەیەکی بەهێز لە جەسیلەی ژنی کە لە ئەنسارەکان بوو، دەدات.

ناو ژنەکانیانەوە. ئەم ئایەتە بووە شوێنی گفتوگۆ و لێکدانەوەی هەمجۆر کە تەبەریش سێ سەدە دواتر نەیتوانیوە ڕۆشنایی بخاتە سەر. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە خودا مافی داوەتە پیاو تا لە کردەی سێکسی، هەروەکو لە کردەی سیاسی خاوەن بڕیار و دەسەڵاتی بێت؛ ژن دەبێت سەر بۆ فەرمانەکانی دانەوێنێت و ناشێت گفتوگۆی لەسەر بکات یا گوێڕایەڵی نەکات. ئایەتی ١٢٩ی سوورەتی ژن دادوەرانەتر لە کێشەی نێوان و ژن و مێرد دەدوێ و دەڵێ ئەگەر ژن لە مێردەکەی بترسێ و هەست بکات لەگەڵی ناحەوێتەوە، ئەوە هەردوولا دەتوانن پێکرا ڕێککەون و ئاشتی ڕابگرن، ئەگەر نا، ئەوە بە ڕەزامەندی هەردوولا دەتوانن لەیەکتری جیابنەوە.

لە قورئاندا ژن کۆمەڵێک ئەرک و مافی هەیە. ئەگەر ستاتوی ژن لە دوورگەی عەرەبی پێش ئیسلام بێنینەوە یاد خۆمان، دەبینین ئەوکات ژن هیچ مافێکی لە میرات گرتن و شاهێدی نەبوو. زیندەبەچاڵکردنی کچ یەکێک بووە لە دیاردە هەرە نامرۆڤایەتی و باوەکانی ئەو سەردەم. هاتنی ئیسلام وەکو شۆڕشێک وابوو کە کۆمەڵێک ریفۆرمی دروست کرد و گۆڕانی بەرپاکرد. یەکەم کاری شۆڕشگێڕی پێغەمبەر نەهێشتنی پەیڕەوی زیندەبەچاڵکردن بوو. بڕوانە (ئایەتی ١٤٠، سوورەتی الانعام، بەشی ٨) هەروەها (ئایەتی ٥٨ـ ٥٩، سوورەتی ڕۆشنایی).

هەروەکو ووتمان، ژن لە دوورگەی عەرەبی پێش ئیسلامدا، چەشنی وولاغ و کەلوپەل بە میرات دەگیرا و مافی شاهێدی نەبوو. یەکێ لە ژنەکانی پێغەمبەر «أم سلمى» کە هەروەکو موحەممەد سەر بە خێزانێکی ئەرستۆکراتی قورەیشی بوو، خاوەن عەقڵ و کەسایەتیەکی بەهێز بوو و لایەنگیری جەماوەری ژنان بوو، هەروەکو چۆن عومەر لایەنگیری جەماوەری پیاوان بوو، ڕۆژێک لە پێغەمبەر دەپرسێ: (بۆچی قورئان تەنها باسی پیاوان دەکات و ئێمەی ژن ناومان تێدا نەهاتووە؟)[12]. ماوەیەک دوای ئەوە سوورەتێک بە ناوی (سوورەتی ژن) دادەبەزێ کە تیایدا بەشێک لە ئەرک و مافەکانی ژن ڕووونکراون. لەم سوورەتەدا پێغەمبەر ئەوە پیشان دەدات کە ئیمان و خواپەرستی نەک ڕەگەزی نێر و

١٢. تفسير الطبري، جلد ٢٢، ص ١٠ف . م ص٢٦٠.

مێ، بنچینەی هەڵسەنگاندنی مرۆڤن لە لای خودا. بە پێی ئەم سوورەتە ژن نەک نابێ چیتر بە میرات بگیرێ، بەڵکو مافی میراتگرتنیشی پێدەدرێ: (پیاوان مافیان هەیە بەشێک بگرن لەوەی کە دایک و باوک و خزم جێی دەهێڵن، ژنانیش مافیان هەیە بەشێک بگرن لەوەی کە دایک و باوک و خزم جێی دەهێڵن) «ئایەتی ٧، سوورەتی ژن، ٤». ئەم ئایەتە نارەزایییەکی زۆری لە مەیانی پیاوان بەرپا کرد و (کاری بۆمبێکی هەبوو لە ناو پیاوانی مەدینە کە بۆ یەکەم جار خۆیان لە ئاکۆکی لەگەڵ خوای موسڵماناندادۆزییەوە)[13]. نارەزایی پیاوان دەگاتە ڕادەیەک کە پێغەمبەر بڕیار دەدات: (کوڕ مافی دوو کچ وەردەگرێ)، ئەگەر کوڕیشی نەبوو: (ئەگەر تەنها کچی هەبێ و ژمارەیان لە دوو زیاتر بوو، سێیەکیان بەردەکەوێ. ئەگەر تەنها کچێکی هەبوو ئەوە نیوەی بەردەکەوێ. دایک و باوکی مردووش هەریەکەیان شەشیەکیان بەردەکەوێ ئەگەر کوڕێکی هەبوو. بەڵام ئەگەر منداڵی لە پاش بەجێ نەمابێ، ئەوە دایکەکە سێییەکی بەردەکەوێ) «ئایەتی ١١، سوورەتی ژن». پیاوان دەنگ هەڵدەبڕن و بەهانەی ئەوە دەدۆزنەوە کە (ژن کارناکات و پارە پەیدا ناکات، چۆن دەبێت میرات بگرێ وەکو پیاو کە بەدرێژایی ژیانی کاردەکات و پارە پەیدا دەکات)[14]. ئایەتی ٥ کاتێ دەڵێ (ئەو موڵکەی کە خودا پێی داون مەیدەن بە «السفهاء») هەر لەسەردەمی پێغەمبەرەوە لێکدانەوەی جیا جیا لەناو پیاوان دروست دەکات و دەڵێن مەبەست لە «السفهاء» ڕەگەزی مێیە. تەبەری لە تەفسیرە نایابەکەی ئەم خاڵە روون دەکاتەوە و بە پشتبەستن بە ڕێزمانی عەرەبی دەریدەخات کە مەبەست لە «السفهاء» هەموو ئەو کەسانەن لە نێر و مێ کە ماڵ بەفیڕۆ دەدەن. لە هەمان سوورەت، لە ئایەتی نۆزدە قورئان دژی ئەو نەریتە دەوەستێت کە ماف دەدات بە پیاوان ژن بە میرات بگرن و دەڵێ: (ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هەیە، شیاو نیە بۆتان ژن بە زۆر بە میرات بگرن، ڕێگای شووکردنیان لێ مەگرن بە نیازی ئەوەی هەندێک لەوەی کە پێتان دابوون بیگێڕنەوە مەگەر

١٣. Le harem politique, op. cit, P. 152

١٤. تفسير الطبري، جلد ٩، ص٢٥٥.

کارێکی خراپیان کردبێ) «ئایەتی ١٩، سوورەتی ژن، ٤». هەر لە هەمان ئایەت، دەربارەی پەیڕەوکردنی یاسا کۆنەکانی جاهیلی، وەکو بەمیراتگرتنی ژردایک، قورئان دەڵێ: (مافتان نیە ژن بە میرات بگرن) «ئایەتی ١٩، سوورەتی ژن، ٤»، هەروەها (ئەوانەی ماڵی هەتیوان بەزۆر دەخۆن، ئاگر دەخەنە ناخی خۆیان) «ئایەتی ١٠، سوورەتی ژن، ٤».

پێغەمبەر کە بۆ بازرگانی هاتوچۆی میزۆپۆتامیا و شامی دەکرد و شێوازێکی دیکەی ژیان و رێکخستنی کۆمەڵگای دەدیت، بەناوی ئایینەوە کە بۆ ئەوکات شیاو بوو، ویستی جووڵە و گۆڕان بخاتە ناو کۆمەڵگا، واتە پێغەمبەر، هەرچەندە نەیتوانی بە شێوەیەکی رادیکالی یاسا باوەکان بگۆڕێت، بەڵام خواستی ریفۆرم وگۆڕانی تێدابوو. ئەم ریفۆرمانە بۆ ئەوکات و شوێن شۆڕشێکی مەزن بوون، بەڵام بەناوی یاسا ئاسمانیەکانەوە درکێنران و چەسپێنران؛ واتە وەکو وتەی خودا پەیڕەو کران و گوێزرانەوە و بە یاسای مرۆڤ لەقەڵەم نەدران. یاساکانی مرۆڤ، هەروەکو مۆنتسکیو دەڵێ (دەستکردەی هەموو ئەو رووداوانەن کە بەرپا دەبن و پاشان گۆڕانیان بەسەردادێت، بەمەرجێ خواستی مرۆڤیش بگۆڕێ، بەڵام یاسا ئاسمانیەکان بە پێچەوانەوە هەرگیز گۆڕانیان بەسەردا نایەت)[١٥]. گرفتی مرۆڤی موسڵمان لەوەدایە کە یاساکانی قورئان بەئاسمانی دادەنێت و دژی هەموو جۆرە گۆڕانکاریەکە؛ واتە مرۆڤی موسڵمان بۆ ئاسمانیەتیی یاساکان دەژی نەک بۆ چاککردن و پێشخستنی باری خۆی لەسەر زەوی و رێکردن لەگەڵ کات.

لە مەسەلەی فرەژنی کە پێش ئیسلام شێوازێکی دیاریکراوی نەبوو، پێغەمبەر کە خۆی
بە شێوەیەکی شەرعی خاوەنی یانزە ژن بوو[١٦]، چوار ژنی بۆ هەر پیاوێک دیاریکردووە: (ئەگەر دەترسن لەوەی دادوەر بن لە بەرامبەر هەتیوان، ژن کەم بهێنن، دوو، سێ، چوار، بەڵام ئەگەر دەترسن لەوەی دادوەر بن، تەنها یەک ژن یان کۆیلەیەک بهێنن، بەمە زیاتر دادوەر دەبن) «ئایەتی ٣، سوورەتی ژن، ٤». لەم ئایەتە پێغەمبەر زۆر بە تەنگ دادوەری و یەکسانیەوەیە؛ بەڵام ئایا لە دابەشکردنی سۆز و خۆشەویستی لە نێوان کۆمەڵێک ژن، دادوەری و یەکسانی رادەگیرێت؟ ئایا دەتوانرێت رێگا لە رق و دڵپیسی بگیرێت؟ ئەم دادوەریەی لێرە باسی لێوە دەکرێت، شتێکی مەحاڵە. ئایەتی ١٢٩ی سوورەتی ژن دان بەو راستیە دەهێنێت و دەڵێ (هەرگیز ناتوانن لە نێوان ژنەکانتان دادوەر بن ئەگەر زۆریش بە تەنگ ئەوەوە بن). تەنانەت پێغەمبەر خۆیشی نەیتوانیوە بە یەکسانی ژنەکانی خۆش بوێت؛ کاتێک پێغەمبەر أم سلمی دەخوازێت، عائیشە کە ژنی پەسەندکراوی بووە، رقی هەڵدەسێت و دڵی پیس دەبێت. ژنەکانی دیکەشی رقیان لە عائیشە بۆتەوە، فەهمی مەنسور دەگێڕێتەوە: (جارێک ژنەکانی پێغەمبەر فاتیمەی کچی رادەسپێرن تا لای باوکی بۆیان بپاڕێتەوە. فاتیمە دەچێتە لای و پێی دەڵێ: ژنەکانت منیان ناردۆتە لات تا داوات لێبکەم لەگەڵ عائیشە چۆن دەجوڵێیەوە، لەگەڵ ئەوانیش ئاوا رەفتار بکەیت)[١٧]. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە پێغەمبەر لە عەلی کوڕی ئەبی تالیبی ئامۆزای کە مێردی فاتیمەی کچی بوو، قەدەغەی کردبوو ژن بەسەر فاتیمە بهێنێت. ئەم قەدەغە کردنە لەوانەیە بۆ مەبەستی هێشتنەوەی پاکی بنەماڵەکە بێت، بەڵام ئەمە لێکدانەوەیەکی دیکەش هەڵدەگرێت: لەوانەیە پێغەمبەر درکی بە ئەشکەنجەی ژنی هەوێندار کردبێ و نەیویستبێ فاتیمەی کچی کە زۆری خۆشویستووە بکەوێتە ناو ئەم ئالەبارییەوە. ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێت کە قورئان وتەی خودایە و فەرمانەکانیش گوزارە لە یاسا ئاسمانیەکان دەکەن، ئەوە مرۆڤ هەموویان لەبەردەم یاسا ئاسمانیەکان یەکسانن، بۆ دەبێ لادان لە هەندێ یاسای خودایی بۆ هەندێ

١٥. Montesquieu, de l'esprit des lois, vol 2, GF flammarion, paris, 1979, P. 178.

١٦. ژمارەی ژنەکانی محەمەد زۆر موبالەغەی تێداکراوە، بەپێی هەندێ سەرچاوەی زانستی، پێغەمبەر بەشەرعی یانزە ژنی هەبووە و لەگەڵ دوو کنیزەکیش ژیاوە. بڕوانە:
Morsy Magali , les femmes du Prophète, mercure de France, 1989, PP. 11-13.

١٧. Fahmy Mansour, la condition de la femme dans la tradition et l'évolution de l'islamisme, thèse pour la doctorat, Paris, librairie félix alcan, 1913, PP. 17-18.

کەس ڕەوا بێت؟

مافی دارایی ژن لە کاتی شووکردن و تەڵاقدان لە قورئاندا زۆر پەنجەی خراوەتە سەر. پیاو کە ژن دەهێنێ دەبێ مارەیی[18] بدات بە ژنەکەی، ئەم مارەییە موڵکی ژنە و پیاو مافی نیە بیخوات؛ ئەگەر تەڵاقیشی بدات یا ژنی بەسەر

مافی نیە بیخوات؛ ئەگەر تەڵاقیشی بدات یا ژنی بەسەر بهێنێت، دەبێ ژنەکە مارەییەکەی لەگەڵ خۆی ببات: (ئەگەر ویستتان ژنێکی دیکە بهێنن و مارەیی «قنطار»یکتان دابوو بە ژنی یەکەم، هیچ لە مارەییەکەی کەمەکەنەوە) «ئایەتی ٢٠، سوورەتی ژن، ٤».

بە پێی قورئان تەڵاقدان[19] مافی تەواوی پیاوانە و ژن هیچ دەسەڵاتێکی تێدا نیە. دوای سێ جار وتنی «تەڵاقم کەوێ» پیاو مافی هەیە مارەیی لە دەست ژنەکەی بنێت و ڕەوانەیماڵی باوکی بکاتەوە. ئەگەر تەنها دووجار ئەم وتەیە بدرکێنێ، ئەوە مافی هەیە یان بیهێڵێتەوە یان ڕەوانەی ماڵی باوکی بکاتەوە: (تەڵاق دەشێت دووجار بووترێت، یان دەیهێڵیەوە یان دەینێریەوە، ئەگەر ناردتەوە نابێ هیچی لێبگێڕنەوە لەوەی کە پێتان دابوو) «ئایەتی ٢٢٩، سوورەتی مانگا، ٢». بەڵام ئەگەر سێ جار بووترێت و پاشان پیاوەکە پەشیمان بێتەوە، ئەوە دەبێ ژنەکە لە پیاوێکی دیکە مارە بکرێت و تەڵاق بدرێتەوە، ئینجا لە پیاوی یەکەم مارە بکرێتەوە. ژن لە مەسەلەی تەڵاقدان وەکو کۆیلە یان نێچیر چاوەڕێی میهرەبانی و دڵنەرمی پیاوە؛ پیاو بە ئارەزووی خۆی دەتوانێ تەڵاقی بدات و بیهێنێتەوە، بە بێ ئەوەی ڕای ئەو حسێبی بۆ بکرێ، هەموو ئەوەی قورئان وەکو بەرژەوەندی ژن

---

١٨. مارەیی «مهر» و بە عیبریش «mahor» وشەیەکی سامیە و واتای «کڕین» دەگەیەنێ. لە تەورات هەروەکو لە بەشی ڕابردوودا ووتمان، «مهر» بریتیە لە فرۆشتنی تەواوی کچ: باوک یان پارە وەردەگرێت، یان دەبێ کڕیار «داواکەری کچەکە» کاری بۆ بکات. سیستەمی مارەیی پێش سەرهەڵدانی ئایینە یەکخوداییەکانیش هەبووە؛ بە پێی گشت کۆد و یاسا کۆمەڵایەتیەکانی پێش سەرهەڵدان و دوای سەرهەڵدانی ئایینە یەکخوداییەکان، سیستەمی مارەیی بریتی بووە لە بەخشینی ستاتویەکی یاسایی بە ژنخوازی. ئەم کۆدە پەیوەندی بە باری ئابووری ئەوسای ژنەوە هەبووە؛ بە شێوەیەکی گشتی، ژن لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ نەبووە و بۆ گوزەران پشتی بە پیاو بەستووە. سیستەمی مارەیی لە سەر ڕوانینی پیاو وەکو دەسەڵاتدار و باڵا بەرامبەر بە ژن وەکو بێچارە و لاواز و بندەسەڵات هەڵچنراوە. ئەمە بیری پیاوە بۆ ژن؛ دەتوانین بڵێین سیستەمی مارەیی بریتیە لە بەژەبهاتنەوەی پیاو بە ژن کە بە مشەخۆر و پەککەوتە سەیری کردووە، بەم سیستەمە پیاو لە لایەک ئازادی ژنی تەسک کردۆتەوە، لە لایەکی دیکەش، لە ئەنجامی تەسککردنەوەی ئازادییەکەی پەرەی بە بندەسەڵاتی و مشەخۆری ژن داوە. لەوانەیە ئەم یاسایە بۆ هەزار و سێ سەد ساڵ پێش ئێستا زۆر شیاو و لەبار بوو بێت؛ پێشان ژن کاری نەدەکرد و ستاتوی ئابووری خۆی نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتنە شارستانیەکان لە سەرانسەری جیهان و بە پلەی جیا جیا، ژن کاردەکات و تا ڕادەیەکی زۆر خاوەن ستاتویەکی ئابووریی سەربەخۆیە. ڕازیبوونی بەم یاسا کۆنەی هەزاران ساڵ پێش ئێستا، واتە ڕازیبوون بە خۆبەکەمبینی و ژێردەستەیی. ئەگەر ئەم یاسایە یاسای پیاو بێت و ڕوانینی پیاو بۆ ژن دەربخات، ئەمڕۆ ژن خۆی سەرەکی پراکتیک کردنی و درێژەی پێدەدەن. ئەگەر ژن قەناعەت بە خۆی بهێنێت کە مرۆڤێکی کامڵ و سەربەخۆیە و بۆ ئەوە لەگەڵ پیاو ناژیت تا پیاوەکە گوزەران و داوڕۆژی دابین بکات و ئەویش بیبێتە پاشکۆی، بەڵکو پێکەوە ژیانی لەگەڵ پیاو پێویستیەکی تەواو مرۆڤایەتیە و ناچێتە ناو قالبی کۆد و یاساوە، ئەوە داوای مارەیی ناکات و لە کۆنتراکتی مارەبڕینیش دەیسڕێتەوە. پێویستی پێکەوە ژیانی ژن و پیاو، پێویستیەکی سروشتی و تەواو مرۆڤایەتیە، خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و ڕێزنان لە ئازادی یەکتری بنچینەی ئەم پێکەوە ژیانە دادەڕێژن، نەک پاشکۆیی و مشەخۆری لایەنێک لەسەر لایەنی دووەم، یا ترسی پشتگوێخستن و وازلێهێنان. بەربەرچدانەوەی مارەیی بۆ بەرژەوەندی ژن و پیاو و تێرکردنی پێویستیە سروشتیەکان لەسەر بنچینەیەکی مرۆڤایەتی، تەنها بە ژن دەکرێ، ئەمەش پێویستی بە ووریابوونەوە و هۆشیاری ژنان هەیە.

١٩. هەرچەندە لە قورئان وشەی «الطلاق» بەکارهاتووە، بەڵام ئەم تەڵاقدانە لەبەرئەوەی مافی تەواوی پیاوە، یەک لایەیە و لە کۆمەڵگای شارستانی ناچێتە قالبی یاساییەوە. واتە تەڵاقدان بە پێی ئیسلام لە ماڵەوە و لە لایەن پیاو بڕیاری تەواوی لەسەر دەدرێت، بە پرۆسەیەکی یاسایی تێناپەڕێت و ژن تیایدا هیچ ڕۆڵێکی نیە و چاوەڕێی بەزەیی مێردەکەیەتی، ئەوە زیاتر بە «وازلێهێنان» یان «فڕێدان و پشتگوێخستن» دادەنرێت. لە ڕۆژئاوا تەڵاقی ئیسلامی بە «repudiation» وەرگێڕدراوە کە مانای وازلێهێنان و پشتگوێخستن دەگەیەنێ.

«repudiation» جیاوازە لە «divorce»، ئەمەی دووەمیان واتای تەڵاق دەگەیەنێ و خاسیەتێکی شارستانی و یاسایی هەیە و ماف دەداتە ژنیش پیاو تەڵاق بدات. هەرچەندە بە پێی ئایینی مەسیحی تەڵاقدان قەدەغەیە، بەڵام مرۆڤی مەسیحی هەوڵی داوە لە پێویستیەکانی سەردەم بگات و لەگەڵ ئێستایدا خۆی بگونجێنێ، بۆیە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگا مەسیحیەکان پەیڕەو دەکرێت و لە کۆدی دەوڵەتیش تۆمار کراوە.

بیری لێکردۆتەوە بریتییە لە لایەنی ئابووری (مارەیی پێدان)[٢٠].

لە ئایەتی ١٢٨، ١٢٩، ١٣٠دا قورئان بە شێوەیەکی دادوەرانەتر باسی جیابوونەوە دەکات کە پەیوەستە بە ڕەزامەندی هەردوولا و تێنگەیشتن: (ئەگەر ژنێک لە مێردەکەی سڵ بکاتەوە و بترسێ دەستدرێژی بکاتە سەر، خراپ نیە لە نێوان خۆیان ڕێککەون، ئاشتی خێرەدارە) «ئایەتی ١٢٨، سوورەتی ژن، ٤». ئەم ئایەتە دژی توندوتیژیی نێوان ژن و پیاوە و داوای هەوڵدان بۆ لەیەکتری گەیشتن و ڕێککەوتن دەکات. لە یەک لە وەرگێڕانە فەرەنسیەکە، لە ژێر ئەم ئایەتە تێبینی ئەوە کراوە کە مەبەست لە «ڕێککەوتن» ئەوەیە ژن واز لە بەشێک لە مارەییەکەی بهێنێت لە بەرامبەر ئەوەی مێردەکە وازی لێبهێنێ[٢١]. هەروەها لە ئایەتی ١٣٠ دەڵێ: (ئەگەر لە یەکتری جیابوونەوە، خودا کەرەمی خۆیان پێدەبەخشێ)، بەو مانایەی خودا گوزەرانیان دابین دەکات و لە برسان نامرن.

ژنی تەڵاقدراو پێش ئەوەی شوو بکاتەوە دەبێ سێ مانگ دوای تەڵاق چاوەڕێ بکات. ئەمەش بۆ ئەوەیە تا بزانرێت ئایا سکی پڕە یا نە: (ژنانی تەڵاقدراو دەبێ سێ دەورە چاوەڕێ بکەن و مافیان نیە ئەوەی خودا لە ڕەحمیان خەڵقی کردووە

---

٢٠. شایانی باسە کە پێغەمبەر لە ژیانیدا ژنی تەڵاق نەداوە. ئەو مەرجەی کە داشیناوە: (ئەگەر تەڵاقی دا، ناتوانێت بیهێنێتەوە تا لە پیاوێکی دیکە مارە نەکرێت) «ئایەتی ٢٣٠، سوورەتی مانگا، ٢» دەشێت هەوڵێک بێت بۆ کەمکردنەوەی ڕادەی تەڵاقدان. پیاوی عەرەب و ڕۆژهەڵاتی ئەم مەرجەی بە زەحمەت پێ قەبووڵ دەکرێ، ئەگەر ڕووداوی لەمجۆرە ڕوویدات ئەوە مەلا و پیاوە ئایینیەکان، واتە نێر، بە شێوەیەکی یاسایی ژنەکە لە پیاوێکی دیکە (زۆرجار ئەم پیاوە خزمە یان ئاسیاوێکی شوێنی بڕوایە) مارە دەکەن و بە بێ ئەوەی شوو لەگەڵ پیاوەکە بەسەر ببات، بەیانی بە ڕەسمی تەڵاق دەدرێت و مێردی یەکەم مارەی دەکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە مارەکردنە لە قورئاندا قسەی لەسەر نەکراوە، بەڵام لەبەرئەوەی لە بەرژەوەندی پیاوە، مەلا و پیاوانی ئایینی قەبوڵی دەکەن و بەناوی ئیسلامەوە پەیڕەوی دەکەن.

٢١. بڕوانە: Le Coran; traduit par Kasimirski, chronologie et préface par Mohammed Arkoun, flammarion, 1970.

بیشارنەوە) «ئایەتی ٢٢٨، سوورەتی مانگا، ٢». لەم ماوەیەدا، مێرد مافی تەواوی هەیە ژنەکەی بهێنێتەوە. ئەگەر ژنێک خوازبێنی کرابێ و پێش گواستنەوە و دیاریکردنی مارەیی، پیاوەکە وازی لێبهێنێ، ئەوە پیاوەکە هیچ ئەرکێکی بەرامبەر بەم ژنە ناکەوێتە سەر شان، بەڵام ئەگەر مارەییەکەی دیاریکرابێ، ئەوە نیوەی ئەم مارەییە بۆ ژنەکەی دەبێت «بڕوانە ئایەتی ٢٣٦، سوورەتی مانگا، ٢».

کاتێ ژن مێردی دەمرێت دەبێ چوارمانگ و دە ڕۆژ چاوەڕێ بکات و دوای ئەم ماوەیە ئازادە و دەتوانێ شوو بکاتەوە. ئازادی بێوەژن لە ئازادی کچ زیاترە و پیاو دەتوانێ ڕاستەوخۆ لەگەڵیا قسە بکات و خوازبێنی بکات، «بڕوانە ئایەتی ٢٣٥، سوورەتی مانگا، ٢». دوای مردنی مێرد، بێوەژن مافی هەیە بۆ ماوەی ساڵێک لەماڵی مێردەکەی بمێنێتەوە (بێگومان مەبەست ئەو ژنانەیە کە منداڵیان لە مێردەکە نەبووە) و نابێ دەربکرێن. ئەگەر ژنێکی بێ منداڵ بمرێت، نیوەی سامانەکەی بۆ مێردەکەی دەبێت، (ئەگەر منداڵ[٢٢] لە پاش خۆیان جێبهێڵن، تەنها مافی چارێکیتان هەیە) «ئایەتی ١٢، سوورەتی ژن، ٤». ژن دوای مردنی مێردەکەی، ئەگەر منداڵی نەبێ، چارەگێکی بەردەکەوێ، ئەگەر منداڵیشی هەبێت، هەشتیەکی بەردەکەوێ: (ژنان مافی چارەگێکیان هەیە لەوەی کە ئێوە بۆیان جێدەهێڵن ئەگەر منداڵتان نەبێ. ئەگەر منداڵتان هەبێ، ژنان هەشتییەکیان بەردەکەوێ پاش وەسیەت کردن یا قەرزدانەوە) «ئایەتی ١٢، سوورەتی ژن، ٤». ئەگەر ژن یا پیاو، پاش مردن، دایک و باوک یا منداڵیان لە پاش بەجێنەمێنێ و خوشک و برایان هەبێ، ئەوە هەریەک لەو خوشک و برایە بە یەکسانی شەشیەکیان بەردەکەوێ، ئەگەر ژمارەیان زیاتر بوو، ئەوە پاش وەسیەت و قەرزدانەوە، سێیەکیان بەردەکەوێ. بڕوانە «ئایەتی ١٢، سوورەتی ژن، ٤».

---

٢٢. زمانی قورئان، وەکو زمانی کتێبە پیرۆزەکانی دیکە، زمانی نێرە و ئاراستەی نێر کراوە. لەم ئایەتە وشەی «ولد» بەکارهاتووە کە بە منداڵ بۆ زمانانی دیکە وەرگێڕدراوە. من ناسەرێنت لەم لێکۆڵینەوەیە بچمە ناو خوێندنەوەی زمانەوانی قورئان کە باسێکی چڕە و لێکدانەوەی تایبەت هەڵدەگرێت.

له قورئاندا ژنخوازی له نێوان ئەندامانی هاوخوێن «خوشک و برا و دایک و کچ» تەنانەت لەگەڵ دایکی شیریش، حەرامە [٢٣]: (دایک و کچ و خوشک و پوور و کچی برا و کچی خوشک و ئەو دایکانەی شیریان پێداون و خوشکی شیریتان و خەسو و کچی ژنەکانتان لێتان حەرامن) «ئایەتی ٢٣، سوورەتی ژن، ٤». هەروەها پیاو مافی نیە دوو خوشک لە یەک کاتدا بکات بە ژنی خۆی، لە دوا بەشی ئەم ئایەتەدا دەڵێ: (تەنها ئەگەر پێشتر روویدابێ) «ئایەتی ٢٣، سوورەتی ژن،٤»، واتە ئەگەر پێش هاتنی ئیسلام روویدابێ. ژنی بەمێرد بە هەمان شێوە لە پیاوێکی دیکە حەرامکراوە، مەگەر ئەم ژنە کۆیلە بێت: (ژنی بەمێردتان لێ حەرامە، تەنها مەگەر کۆیلەتان بێت، لە دەرەوەی ئەمە، خودا لەسەرتان دەنووسێ بە سامانتان ژنی ئازاد مارە بکەن) «ئایەتی ٢٤، سوورەتی ژن، ٤». بەڵام ئەوانەی پارەی مارەکردنی ژنی ئازادیان نیە، قورئان رێگای پێداون کۆیلەی خوداپەرست بهێنن: (ئەوانەی ناتوانن ژنی ئازاد و موسڵمان «المؤمنات» بهێنن، دەتوانن کۆیلەی باوەڕدار بهێنن) «ئایەتی ٢٥، سوورەتی ژن». هەرچەندە قورئان دەڵێ: (مارەییان بدەنێ) بەڵام ژنی ئازاد گرانترە لە ژنی کۆیلە؛ ژنی کۆیلە لە رووی یاساییەوە مافی لە مافی ژنی ئازاد کەمترە. ئەم ماف کەمیە واتە کەمی پایەی کۆمەڵایەتی. ژنی ئازاد بە شێوەیەکی یاسایی و بە گرانتر دەکڕدرێ، بەڵام ژنی کۆیلە بە شێوەیەکی یاسایی داگیردەکرێ، جیاوازی نێوانیان تەنها لە لۆژیکی باوی کۆمەڵگا نەخۆشەکان هەستی پێدەکرێ، ئەگینا لە حەقیقەتدا هەردووکیان خاوەنی خۆیان نین و تێگەیشتنیان بۆ خۆیان و بۆ کۆمەڵ ناتەواوە، بە شێوەیەکی یاسایی موڵکی پیاون و ئارەزووی پیاو تێردەکەن. بە پێی ئەو لۆژیکە، ئەگەر ژنی کۆیلەی بەمێرد زینا بکات، سزاکەی نیو ئەوەندەی سزای ژنی ئازادە[٢٤]: (ئەگەر کارێکی خراپیان کرد، سزاکەیان نیو ئەوەندەی ژنی ئازاد دەبێ) «ئایەتی ٢٥، سوورەتی ژن، ٤». لە ئایەتی ٣٠ و ٣١ی سوورەتی ئەلئەحزاب، جیاوازی چینایەتی زەقتر دیارە: ژنانی پێغەمبەر لە چاو ژنانی دیکەی موسڵمان گوناهیان بۆ بە دوو دەژمێردرێ و چاکەخوازیشان بە هەمان شێوە بۆ بە دوو دەژمێردرێ، «بڕوانە ئایەتی ٣٠، ٣١-٣٢، سوورەتی ئەلئەحزاب، ٣٣». دەربارەی سزادانی ژنی ئازاد، ئایەتی ١٥ لە سوورەتی ژندا دەڵێ: (ئەگەر ژنەکانتان کارێکی خراپ «فاحشە» یان کرد، دەبێ چوار شاهێد لە نێوانتان هەبێ، ئەگەر شاهێدیان لەسەردا، ئەوە لە ماڵ بەند دەکرێت تا مردن) «ئایەتی ١٥، سوورەتی ژن، ٤». لێرە مەبەست لە کاری خراپ«فاحشە» زیناکردن نیە، چونکە قورئان لە شوێنێکی دیکە «الزاني و الزانية» بەکاردەهێنێ: لە ئایەتی دووی سوورەتی رۆشنایی، بەشی ٢٤ دا دەڵێ: (ئەو ژن و پیاوانەی زینا دەکەن سەد جەڵدیان لێدەن و رەحمیان پێ مەکەن). بە پێی ئەم ئایەتە دەبێ ژن و پیاو (الزاني والزانية) وەکو یەک سزا بدرێن، بەڵام لەبەرئەوەی پیاوان دەسەڵاتدار و خاوەن هێزن، لێپرسینەوەیان لەسەر نیە. لە

---

٢٣. هیچ سەرچاوەیەک باسی ئەوە ناکات کە ئەم جۆرە ژنخوازیە لە دوورگەی عەرەبی پێش ئیسلامدا پەیڕەو کراوە، بەڵام هەروەکو پێشتر بینیمان، لە ئێران و هەروەها لە نێوان خانەوادەی فیرعەونەکانی میسری کۆن پەیڕەو کراوە.

٢٤. ئەم دیاردەیە ئاستێکی چینایەتی وەرگرتووە و بە درێژایی سەدەکان گواستراوەتەوە و تا ئەمڕۆش لە زۆربەی وڵاتانی موسڵماندا لەوانە کوردستانیش، ژنی چینی باڵا لە ژنی چینی نزمتر حسێبیان زیاتر بۆ دەکرێ و بە پێی لۆژیکی باوی کۆمەڵایەتی خاوەن پایەیەکی بەرزترن. هەر ئەوانیش زیاتر بە تەنگ واتای شەرەفەوەن و زیاتر خۆیان لەناو بازنەی نەریت و فشارە کۆمەڵایەتیەکان بەند دەکەن. کەواتە کەمتر ئازادن و شانازیش بە «شەرەف»ی خێزانەکەیانەوە کە لەسەر حسێبی بەندکردن و چەوسانەوەی ئەوان هەڵهێنراوە، دەکەن. ئەم ژنە نەریتپەرستانە هیچ سوودێک بەدی ناکەن لە بەرگریکردن لە مافەکانیان، چونکە وا دەزانن لە زۆر رووەوە خراپێدرارن.
چەمکی شەرەف لە لای موسڵمانان زۆر ئاڵۆزە، بەیبی دۆرۆتی لەم رووەوە دەڵێ: (گرێی شەرەف/عەیب رازییەکە تیایدا ژنان یاری ستراتیژیەتی پیاوانن بۆ مەزنکردنی شەرەفەکەیان. پیاو چەند بتوانێ زیاتر مێیەکانی دەوروبەری بەند بکات و پەیوەندییان لەگەڵجیهانی دەرەوە تەسک بکاتەوە، ئەوەندە شەرەفی زیاتر دەبێ) بڕوانە: Dorothy Ann Bybee, Muslim pcasant women of the Middle-East: their sources and uses of power, PH.D, indiana university, 1978, PP. 175_176.

هیچ وڵاتێکی ئیسلامی پیاو لەسەر زینا سزا نادرێت و تاوانەکە هەردەم دەخرێتە پاڵ ژن، کەواتە پیاو لە شەریعەت لادەدات و یاساکان لە بەرژەوەندی خۆی و دژی بەرژەوەندی «ئەویتر» دەخاتە کار. شەریعەت هەروەکو چۆن لە ڕەسەندا یاسای نێرە «یاسای دەسەڵاتدار»، بەقەد ئەوە پەیڕەو کراوە کە لە خزمەتی نێر بمێنێتەوە. هەر لەم سوورەتەدا دەڵێ: (ئەوانەی ژنی داوێنپاک تاوانبار دەکەن بە بێ بوونی چوار شاهێد، هەشتا جەلدیان لێدەن و شاهێدیان تا هەتایە قەبوڵ مەکەن) «ئایەتی ٤، سوورەتی ڕۆشنایی،
٢٤»[٢٥]. لە قورئاندا پەنجە خراوەتە سەر ئەوەی کە تەنانەت ئەگەر مێردیش ژنی خۆی تاوانبار بکات و شاهێدی نەبێت، ئەوە دەبێ چوار جار سوێند بە خودا بخوات کە ڕاستی دەڵێت: (ئەو پیاوانەی ژنەکانیان تاوانبار دەکەن و لە خۆیان زیاتر هیچ شاهێدیان نیە، دەبێ چوار جار بە خودا سوێند بخۆن کە ڕاستی دەڵێن و پێنجەم جاریش تا خودا نەفرینیان لێبکات ئەگەر لە درۆزنان بن) «ئایەتی ٨، سوورەتی ڕۆشنایی». لێرەدا پیاو خراوەتە بەردەم ویژدانی خۆی و ترسی لە خودا، ئەگەر ژنەکەش چوار جار سوێند بخوات کە مێردەکەی درۆ دەکات، ئەوە لێی خۆش دەبن. لە ئایەتی ١٣ ی هەمان سوورەت دەڵێ: (ئەگەر چوار شاهێد هەبێت زۆرباشە، ئەگەر چوار شاهێد نەبوو، ئەمانە لە لای خودا بە درۆزن دەناسرێن). بەرای هەندێ لەمێژوونووسانی وەک تەبەری و بوخاری، ئەم ئایەتە لە ئەنجامی تاوانبارکردنی عائیشەی ژنی پێغەمبەر دارێژراوە، بۆیە دژی بوختان و گواستنەوەی قسەی ئەم و ئەو بە بێ سەرچاوەیەکی ڕاست دەوەستێ و دەڵێ: (بە دەمی خۆتان شتێک دەڵێنەوە و بڵاوی دەکەنەوە کە هیچ ئاگاتان لێ نیە و وا دەزانن گرنگ نیە، ئەمە لە لای خودا گەورەیە) «ئایەتی ١٥، سوورەتی ڕۆشنایی، ٤». هەروەها لە ئایەتی ١٩ بەردەوام دەبێ دەڵێ: (ئەوانەی حەز دەکەن بوختان بۆ موسڵمانان بڵاوبکەنەوە، لەم دونیایە و لە دونیای دووەمیش سزایەکی گەورە دەدرێن. خودا دەزانێ و ئێوە نازانن). ئەم ئایەتە سایکۆلۆژیای ئەمڕۆی مرۆڤی موسڵمان بەرپەرچ دەداتەوە کە لەسەر درۆ و تەڵەکەبازی و بوختان و تاوانبارکردنی بێ بەڵگە هەڵچنراوە.

یەکێک لە دیاردەکانی کۆمەڵگای عەرەبی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام کۆیلایەتی بوو؛ سەرداره خاوەن کۆیلەکان بە ئارەزووی خۆیان کۆیلەیان بەکاردەهێنا و تەنانەت کاری سۆزانیشیان بە کچەکان دەکرد. کۆیلایەتی بەندە بە باری کۆمەڵایەتی و ئابووری؛ ئیسلام دان بە بوونی دوو چین دادەنێت: ئازاد و کۆیلە. لە سوورەتی ڕۆشنایی قورئان هەوڵ دەدات ستاتوی ژنی کۆیلە بگۆڕێت و بەرەو باشتری ببات: (هانی کچە کۆیلەکانتان مەدەن سۆزانی بکەن) «ئایەتی ٣٣،

٢٥. لە قورئاندا، مەسەلەی شاهێد هەبوون لەم جۆرە تاوانبارکردنانە زۆر پێی لەسەر داگیراوە، بەڵام لای هەموومان ئاشکرایە کە ئەمڕۆ و بە درێژایی مێژووی ئیسلامیش، ئەم لایەنەی قورئان پشتگوێ خراوە. لە سایکۆلۆژیای نێر لە جیهان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵات بەتایبەتی، مێ هەردەم شوێنی گومان و ترس بووە و بۆیە نێر بە هەموو جۆرێک هەوڵی داوە جیهان و ژیانی تەسک بکاتەوە، بیکاتە پاشکۆی خۆی و مافەکانی تەتک بکات. هەرلەم سایکۆلۆژیەتەوە، ئەمڕۆ لە وڵاتانی ئیسلامی نێر مافی داوەتە خۆی لەسەر بچوکترین گومان، یان تەنها لەسەر بەند و باوێنک، بە بێ لێپرسینەوەی دادگا، فەرمانی کوشتنی لەسەر ژن، کچ تەنانەت دایکیشی بدات. دادگاش یاساکانی نێر بەرجەستە دەکات کە ئەم جۆرە تاوانانە بە ڕەوا دەزانێت و پشتگیریان لێدەکات. لە کۆدی ستاتوی تاکی عێراقی پیاو مافی هەیە لەسەر مەسەلەی شەرەف دایک، کچ، خوشکی بکوژێت. لەژێر پەردەی ئەم یاسایە هەزارەها کچ و ژنی بێتاوان بە ناوی بەرگری لە شەرەف کوژراون و خێزانەکەیان نەک هەر تەنها مافی ئەوەوە پرسە دابنێن، بەڵکو لەبەردەم خەڵک خۆی سەربەرز وشەرەفمەند بینیوە و شانازی بەم تاوانە کردووە. ئەمە یەکێکە لە خاڵەکانی یاسا دارێژراوەکانی سیستەمێکی فاشی و دیکتاتۆر، کە سیستەمی ڕژێمی بەعسە؛ بەڵام کوردە بەناو دیموکراتخوازەکانی کوردستانی باشوور، دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و دیاریکردنی حکومەت، هەمان کۆدی ستاتوی تاکی عێراقیان بە بێ هیچ دەستکارییەک، کردە بنچینەی پرۆسێسی دادوەریان. ئەندامە ژنەکانی پەرلەمانی کوردستان داوای هەندێ گۆڕانیان لە چەند خاڵێکی کۆدی عێراقی کرد، وەک: نەهێشتنی فرەژنی، یەکسانی لە میرات گرتن، ماف دان بە ژن بۆ تەڵاقدان، سزادانی مێرد بە هەمان شێوەی ژن لە کاتی زیناکردن، لەگەڵ دیاریکردنی تەمەنی شووکردن لە ١٨ ساڵی. ئەم داوایە لە لایەن گشت ڕێکخراوانیژنانی کوردستان و هەروەها لە لایەن ١٥ هەزار ژنەوە لە کوردستان ئیمزا کرا و پێشکەش بە پەرلەمان کرا، بەڵام پەرلەمەنتێرە ئیسلامخوازەکان قەبوڵیان نەکرد.

سووره‌تی رۆشنایی». هه‌ندێ مێژوونووسی وه‌ک بن حه‌جار له‌ کتێبی «الاصابة في تمييز الاصحابة» دا باسی ئه‌وه‌ ده‌کات که‌ ئه‌م ئایه‌ته‌ له‌ ئه‌نجامی رووداوێک دارێژراوه‌: گوایه‌ ئومه‌یه‌ و موسه‌یکا که‌ دوو کچه‌ کۆیله‌ی عه‌بدوللای کوڕی عوبای بوون، دێنه‌ لای پێغه‌مبه‌ر و گله‌یی ئه‌وه‌ له‌ عه‌بدوللا ده‌که‌ن که‌ (ده‌یه‌وێ کاری سۆزانیان پێبکات)[٢٦]، دوای ماوه‌یه‌ک ئه‌م ئایه‌ته‌ داده‌رێژرێ. به‌ رای فاتیمه‌ مێرنیسی له‌م ئایه‌ته‌وه‌ ده‌گه‌ینه‌ ئه‌و ئه‌نجامه‌ی که‌ (ده‌زگایه‌کی سۆزانی له‌ مه‌دینه‌ هه‌بووه‌)[٢٧]. هه‌بوونی ئه‌م جۆره‌ ده‌زگایه‌ بۆته‌ هۆی ئه‌وه‌ی زۆر جار ژن له‌ رێگا و بان و ناو کۆلان تووشی ده‌ستدرێژی بن. بۆ جیاکردنه‌وه‌ی ژنانی ئازاد و موسلمان له‌ ژنی کۆیله‌ و سۆزانی، پێغه‌مبه‌ر له‌ ئایه‌تی ٥٩ی سووره‌تی ئه‌لئه‌حزابدا داوا له‌ کچ و ژنانی موسلمانان ده‌کات خۆیان داپۆشن تا بناسرێنه‌وه‌ و ده‌ستدرێژیان نه‌کرێته‌ سه‌ر: (ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر به‌ ژن و کچه‌کانت و به‌ ژنانی موسلمانان بلێ «جلباب» بپۆشن، ئاوا چێتره‌ تا خۆیان بناسێنن و ده‌ستدرێژیان نه‌کرێته‌ سه‌ر) «ئایه‌تی ٥٩، سووره‌تی ئه‌لئه‌حزاب، ٣٣» له‌ فه‌رهه‌نگی عه‌ره‌بی ووشه‌ی «جلباب» زۆر واتا ده‌گه‌یه‌نێت؛ له‌ «لسان العرب» جلباب بریتییه‌ له‌ پارچه‌ قوماشێکی گه‌وره‌ که‌ ژن به‌خۆیانی داده‌ن، یان پارچه‌ قوماشێکی بچووک که‌ وه‌کو سه‌رپۆش سه‌ر و پرچیان پێداده‌پۆشن. له‌ هه‌مان فه‌رهه‌نگ جلباب بریتییه‌ له‌ چه‌ند پارچه‌ جل و به‌رگێکی وه‌کو کراس و شاڵ و هتد. هه‌ر چۆنێک بێت پێغه‌مبه‌ر داوای کردووه‌ کچ و ژنانی موسلمانان به‌ پۆشاک جیاواز بن له‌ کۆیله‌ و سۆزانییه‌کان[٢٨]. که‌واته‌ خۆداپۆشین وه‌ڵامێک بووه‌ بۆ دیارده‌ی دوژمنکاری و ده‌ستدرێژیکردن. به‌ڵام له‌ هه‌مان کات، هه‌روه‌کو فاتیمه‌ مێرنیسی ده‌ڵێ سه‌رپۆش «حجاب» ئاوێنه‌ی ئه‌م ده‌ستدرێژیکردنه‌یه‌ و (ره‌نگدانه‌وه‌ی ئه‌و دوژمنکارییه‌یه‌ که‌ ده‌یسه‌لمێنێ له‌شی ژن «عورة» یه‌، واته‌ رووتییه‌، لاوازه‌ و توانای به‌رگریکردنی نییه‌) فاتیمه‌ مێرنیسی به‌رده‌وام ده‌بێ و ده‌ڵێ (له‌ راستیدا سه‌رپۆش «حجاب» ی ژنان به‌و شێوه‌یه‌ی که‌ مه‌دینه‌ له‌ گه‌رمه‌ی شه‌ڕی ناوخۆیی پێناسه‌ی ده‌کات، دانهێنانه‌ به‌وه‌ی که‌ زیناکردن له‌ شه‌قامدا ره‌وا بووه‌)[٢٩]. به‌ پێی ئه‌م ئایه‌ته‌ ژنان دابه‌ش ده‌بن بۆ دوو کاتیگۆری: کاتیگۆری ژنی ئازاد که‌ به‌ «حجاب» جیاده‌کرانه‌وه‌ و «حجاب» پارێزگاری ده‌کردن له‌ ده‌ستدرێژی، له‌گه‌ڵ کاتیگۆری ژنی نائازاد که‌ ده‌ستدرێژیکردنه‌ سه‌ریان ره‌وا بوو، واته‌ کاتیگۆری چاکه‌ و خراپه‌. له‌ لۆژیکی سه‌رپۆش که‌ خودای موسلمانان به‌ پێویستی ده‌زانێ بۆ جیاکردنه‌وه‌ی چاکه‌ و خراپه‌، یاسای توند و تیژی خێڵایه‌تی جێگای عه‌قڵی موسلمانان ده‌گرێته‌وه‌)[٣٠]. ئیسلام نه‌یتوانیوه‌ زاڵ بێ به‌سه‌ر نه‌ریته‌ باوه‌کانی پێش خۆی، بۆیه‌ هه‌ندێ جار ده‌یه‌وێ ته‌نها پراکتیکیان ته‌سک بکاته‌وه‌، له‌ جیاتی هه‌وڵدان بۆ گۆڕینیستره‌کتوره‌ خێڵه‌کییه‌کان، به‌م ئایه‌ته‌ قورئان دان به‌م بیر و ره‌فتارانه‌ ده‌نێت و له‌ جیاتی بێنرخکردنیان سه‌ریان بۆ داده‌نوێنێ، هه‌وڵی خۆپاراستن ده‌دات، ئه‌مه‌ش به‌ داپۆشینی ژنان. هه‌روه‌کو گێرمێن تیلۆن ده‌ڵێ دیارده‌ی سه‌رپۆش و حه‌ره‌م له‌ دڵپیسی پیاوه‌وه‌ هاتووه‌ (دڵپیسیش په‌یوه‌ندییه‌کی زۆری به‌ باوه‌ڕی ئایینییه‌وه‌ هه‌یه‌)[٣١]. دوای چوارده‌ سه‌ده‌، ئه‌م عه‌قڵییه‌ته‌ ئه‌مڕۆ له‌ هه‌موو کاتێک زیاتر خۆی سه‌پاندووه‌ و سه‌رپۆش وه‌کو نیشانه‌ی ناسنامه‌ی ئیسلامی به‌کارده‌هێنرێ. له‌ ئایه‌تی ٣٢ و ٣٣ ی ئه‌لئه‌حزابدا، خودا راسته‌وخۆ له‌گه‌ڵ ژنه‌کانی پێغه‌مبه‌ر ده‌دوێ و پێیان راده‌گه‌یه‌نێ که‌ ئه‌وان له‌ ژنی دیکه‌ جیان و ده‌بێ زۆر ئاگاداری خۆیان بن: (ئه‌ی ژنانی پێغه‌مبه‌ر ئێوه‌ وه‌ک هه‌ر ژنێک نین، ئه‌گه‌ر خوداپه‌روه‌رن له‌ ئاخاوتنه‌کانتاندا زۆر نه‌رمی پیشان مه‌ده‌ن، ئه‌وه‌ک ئه‌و که‌سه‌ی ئه‌خۆشییه‌کی له‌ دڵدا بێ دڵی بچێته‌ سه‌رتان)، هه‌ر بۆیه‌ داوایان لێده‌کات له‌ ماڵ دابنیشن و خوداپه‌رستی بکه‌ن «ئایه‌تی ٣٣، سووره‌تی ئه‌لئه‌حزاب، ٣٣».

ئایه‌تی ٣١ ی سووره‌تی رۆشنایی ده‌ڵێ: (به‌ ژنانی موسلمانان «المؤمنات» بلێ نیگایان داگرن و پاکیزه‌یی خۆیان بپارێزن و زینه‌تی خۆیان ده‌رنه‌خه‌ن ته‌نها ئه‌وه‌ی که‌ به‌ ده‌ره‌وه‌یه‌ و سنگیان داپۆشن و زینه‌تیان ته‌نها بۆ مێرد و باوک یا باوکی مێرد یا کوڕ و زڕکوڕ و برا و برازا یا

Le harem politique, op. cit. P. 229.٢٧

٢٨. هه‌روه‌کو له‌ به‌شی یه‌که‌م ده‌رباره‌ی ژن له‌ مێزۆپۆتامیا باسمان کرد، ئه‌م جۆره‌ پراکتیکه‌ ئه‌وکاتیش هه‌بووه‌، ئاشورییه‌کان بۆ هه‌مان مه‌به‌ست، واته‌ بۆ جیاکردنه‌وه‌ی ژنی ئازاد و سۆزانی سه‌رپۆشیان به‌کارده‌هێنا.

Le harem politique, op. cit. P. 231 .٢٩

خوشکەزا یا کۆیلە و خزمەتکارەکانیان، یا کۆیلەی نێر کە لەشی ژن ناناسێ، یا کوڕی نابالق والأ بکەن) « ئایەتی ٣١، سوورەتی رۆشنایی». ئەم یاسایە ژنی بەساڵاچوو ناگرێتەوە، لە ئایەتی ٦٠ی هەمان سوورەت دەڵێ: (گلەیی لەو ژنانە ناکرێ کە چیتر منداڵیان نابێ و ناتوانن شوو بکەن، با سەرپۆشیان دانێن بەمەرجێ زینەتی خۆیان دەرنەخەن) ئایەتی ٦٠، سوورەتی رۆشنایی، بەشی ٢٤». ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە لە هیچ کام لەم ئایەتانە راستەوخۆ باسی ئەوە نەکراوە کە دەبێ ژن روو «دەم و چاو»یان داپۆشن. ئەگەر سەرپۆش پۆشین بە پلەی یەکەم بۆ جیاکردنەوەی ژنی ئازاد و موسڵمانان بێت لە ژنی کۆیلە و سۆزانی، ئەوە پارچە قوماشێکی رەمزی بەسە بۆ ئەم جیاکردنەوەیە و پاراستنیان لە دەستدرێژی. لە ئایەتی ٥٩ی ئەلئەحزابدا کە دەڵێ: (با سەرپۆشیان داگرن)، لەوانەیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەبەست داپۆشینی دەموچاو بێت. ئەم داپۆشینە بە پێی خوو نەریتی ئەو میللەتانەی دواتر بوون بە موسڵمان، هەمەجۆرە و دەگۆڕێت. بەڵام لە سایکۆلۆژیای پیاوی ئەوکات و ئێستاش، ئەم مەسەلەیە بەندە بە داپۆشینی ژن بۆ پاراستنی پیاو لە گوناه و هەڵە کە لە رێگای خودا لایاندەدا. پیاو کە ژن تەنها وەکو سێکس، وەکو ئەندامێکی سێکسی ببینێ، ئەوە بە بینینی ژن دەورووژێ و ناتوانێ بەسەرخۆیدا زاڵ بێت. واتە ئەم ئایەتانە لاوازی و ترسی پیاو پیشان دەدەن، بە داپۆشین و بەندکردنی ژن پیاو دەتوانێ پەیامی خۆی بگەیەنێ و خۆی لە خراپەکاری بپارێزێ. نەک هەر تەنها بینینی ژن بۆتە هۆی وورووژاندنی پیاو، بەڵکو تەقەی پێی و گوڵاویشی ئەو رۆلەیان بینیوە، بۆیە پێغەمبەر فەرمان دەردەکات: (پێیان بڵێ پێیەکانیان لە زەوی نەکوتن تا زینەتی شاراوەیان پیشان بدەن) «ئایەتی ٣١، سوورەتی. رۆشنایی».بەمجۆرە لە سایکۆلۆژیای پیاو ژن هەردەم ترسناک بووە و نێر هەوڵی داوە لە رێگای کۆد و یاساکان ژیانی بچووک بکاتەوە و مافەکانی پێشێل بکات. زۆر شت هەن لە قورئان نەووتراون، مەلا و پیاوانی ئایینی بە ناوی ئیسلام سەپاندوویانەو بەدرێژای مێژووی ئیسلام پەیرەویانکردووە. بۆ نموونە، نەچوونە مزگەوت بۆ ژن لە قورئان پەنجەی بۆ رانەکێشراوە.

هەندێ لە مێژوونووسان دەڵێن لەسەردەمی پێغەمبەر ژن مافیان هەبووە بچن بۆ مزگەوت، تەنانەت لەسەرەتای دەرکەوتنی ئیسلام، خەدیجەی ژنی پێغەمبەر لەگەڵ پێغەمبەر و هاوڕێکانی لە مزگەوت نوێژی کردووە. لە ئایەتی ٣٣ی سوورەتی ئەلئەحزاب کاتێ بە ژنەکانی پێغەمبەر دەڵێ: (لە ماڵی خۆتان دانیشن و خوداپەرستی بکەن) تا رادەیەک گوزارە لەوە دەکات کە ژن نابێت بچێتە مزگەوتەوە. شتێک ئاشکرایە کە بە درێژایی مێژوو، لەبەر مەسەلەی مەمک، پیاو ژنی بە پیس لەقەڵەم داوە، ئەم دیاردەیە یەکێک لەو هۆیانە پێکدەهێنێ کە پیاو ژنی وەکو مرۆڤێکی کامڵ نەبینیوە و بە نیوە مرۆڤ سەیری کردووە و لەسەر ئەم بنچینەیەش لە دارشتنی یاسا رەفتاری لەگەڵ کردووە.

### ئەنجام

رۆژهەڵات بێشکەی شارستانیەت و ئایینەکانە. مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە لەبەردەم نهێنیەکانی بوون و مەرگ نیگەران بووە. دیاردەکان مەودایەکی میتافیزیکیان وەرگرتووە و مرۆڤی ئەو سەردەم بە دوای سامبۆل و شیکردنەوەی ئەم بوون و نهێنیانە وێڵ بووە. ئایینەکان گوزارەن لەو مەودا رۆحی و میتافیزیکیە و دڵنیاییان خستۆتە ناخی مرۆڤەوە. بەڵام جگە لەم مەودا میتافیزیکیە، مرۆڤ بە ئایین هەوڵی رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی خۆی داوە و یاسا و کۆدی دارشتووە و پەیڕەوی کردوون.

مرۆڤی کۆن هێزی خەیاڵی خۆی لە داستان و ئەفسانەکان بەرجەستە دەکرد، لە سروشت و گەردوون هێزێکی میتافیزیکی بەدی دەکرد و باوەڕی بە کۆمەڵێک خوداوەند هەبوو. بە رای ئەوان، خوداوەندەکان ژیانیان بە مرۆڤ بەخشیوە تا مرۆڤ لە ماوەی ژیانیدا خزمەتیان بکات. ئایینە

یەکخودایییەکان، بە پشتبەستن بە داستان و ئەفسانەکانی پێش خۆیان، چەمکی یەکخودایییان داهێنا و پەیوەندییەکانی مرۆڤیان خستە چوارچێوەیەکی ئایینی ئاسمانییەوە. پەیوەندییەکی ئۆرگانی لە نێوان میتۆلۆژیای مێزۆپۆتامی و ئایینە یەکخودایییەکان بە ئاسانی هەستی پێدەکرێ. (ئەگەر مێزۆپۆتامییەکان وەڵامی پرسیارە گەورەکانیان ئامادە کردبێ و دابێتەوە، ئیسرائیلییەکان واتایان گۆڕیوە و دەستکاریان کردووە)[٣٢]. هەروەکو لە پێشەکیدا ووتمان، پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ خوداکانی لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوری و ئەڤینداری جیاناکرێنەوە، ئایینەکان لەم کاریگەرییانەی ژیانی پێش خۆیان و سەردەمەکەیان خاڵی نین.

ئایینە یەکخودایییەکان هەرسێکیان تێکهەڵکێشن و یەک بنچینەیان هەیە. کۆد و یاساکانیش بە پێی ئایینە یەکخودایییەکان، ئاسمانین و یاسا ئاسمانییەکانیش بە باوەڕی مرۆڤی خوداپەرست و ئۆرتۆدۆکس، شایانی گۆڕانکاری نین و لەسەرەوەی دەسەڵاتی مەردومن.[٣٣] ئەگەر مرۆڤی مەسیحی و جوولەکە، بە کاریگەری کۆمەڵێک هۆکاری مێژوویی و زانستی، توانیبێتی خۆی لەگەڵ ڕۆحی سەردەمەکەی بگونجێنێ و یاسا ئاسمانییەکان بە پێی بارودۆخی سەردەم پەیڕەو بکات، ئەوە مرۆڤی موسڵمان، بە پێچەوانەوە، بۆ ژیانی ئێستای دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و دەیەوێ عەقلانییەت و زانست و پێشکەوتن لە ڕابردوو هەڵبهێنجێ.

لە ڕۆژهەڵات هەردەم چەمکی زاڵیی پیاو بەسەر ژن باو بووە؛ نرخی پیاو بە پلەی یەکەم دێت و ئایینە یەکخودایییەکانیش ئەو چەمکەیان خستە قالبێکی بەرجەستە و لەناو کەنیسە و دێر و مزگەوت کردیانن بە ئاسمانی. بۆیە بەپێی ئەم ئایینانە پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو سروشتی نین و وەکو پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدار و کۆیلە وان. ژن لە چاو پیاو، بە درێژایی مێژوو لە ناو کۆد و یاساکان ستاتویەکی نزمتری هەبووە. لەسەر ئەم بنچینەیە، ژن لە

Initiation à l'Orient Ancien, op. cit., P. 31. .٣٢

هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کەلتوری مافی لە مافی پیاو کەمتر بووە. نزمی ستاتوی ژن لە چاو پیاو بەندە بە هێز و دەسەڵات. ژن لەبەر مەسەلەی سکپڕیی و مەمکی مانگانە نەیتوانیوە هەمان کاری فیزیکی پیاو بکات یان لە جەنگدا بەشدار بێت؛ ڕوانینی پیاو بۆ ژن لەسەر بنچینەی هێز نەک بنچینەی مرۆڤایەتی، هەڵچنراوە. بەڵام ژن ژیان دەبەخشێت و پەرە بە مرۆڤایەتی دەدات، پیاو درکی بە مەزنی و هێزی مرۆڤایەتی ژن کردووە، لەبەر مەسەلەی بەرهەمەکانی و هێز، ئەم درک پێکردنە ترسی لەناو ڕواندووە، بۆیە هەردەم هەوڵی داوەجیهانی ژن بچووک بکاتەوە و لە کۆد و یاساکان مافەکانی پێشێل بکات.

هیچ ئایینێک لە ئایینێکی دیکە پێشکەوتووتر یا دواکەوتووتر نییە، بێگومان جیاوازی هەیە لە ئاستی ڕۆحانی و زەمینەیی ئایینەکان، بەڵام ئەم جیاوازیانە بەرزی ئایینێک بەسەر ئەویتر ناگەیەنن. ئەگەر ئەمڕۆ مرۆڤی موسڵمان لە چاو سەردەمەکەی دواکەوتووتر بێتە بەرچاو، ئەمە پەیوەندی بە کۆمەڵێک هۆکاری مێژوویییەوە هەیە کە وای لە مرۆڤی موسڵمان کردووە لەگەڵ خود و سەردەمەکەی نامۆ بێت.

گۆڕان و چاککردنی یاسا ئاسمانییەکان نرخی خودا و پێغەمبەر کەم ناکەنەوە، بەڵکو بواری خۆگونجان لەگەڵ ڕۆحی سەردەم و پێشخستنی مرۆڤ دەپارێزن. پێغەمبەر تا ڕادەیەکی زۆر توانی لە کۆن دابڕێت و ئێستایەکی نوێ دابهێنێت، ئەو ئێستایەی پێغەمبەر بۆ ئەو کات و شوێن نوێ بوو، بەڵام بۆ ئێستا ڕابردووە. مرۆڤی موسڵمان بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ سەردەمەکەی، پێویستی بەوە هەیە سەرلەنوێ یاسا ئاسمانییەکانی سەر بە ئایینەکەی بهێنێتە خوارەوە و خوێندنەوەیەکی تازە و مۆدێرن بۆ شەریعەت دابهێنێ تا شەریعەت بکات بە ئاوێنەی گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و شارستانیەتەکانی سەردەمەکەی، نەک سەردەمی ڕابردوو.

### سەرچاوەکان


١. Azrié Abed, l'Epopée de Gilgamesh, Berg international, Paris, 1979.

٢. Beauvoir Simone de, Le Deuxième Sexe, Galimard, Paris, 1967.

٣. Bottéro Jean, Initiation à l'Orient Ancien, Seuil, Paris, 1992.

٤. Bottéro Jean, Naissance du Dieu, Gallimard, Paris, 1992.

٥. Bybée Dorothy Ann, Muslim Peasant Women of the Middle-East: Their Sources and Uses of Power, PH.D, Indiana University, 1978.

٦. Fares Bachir, l'Honneur chez les Arabes Avant l'Islam, librairie d'Amérique et d'Orient, Adrien Maisonneauve, 1932.

٧. Ghirsman Roman, l'Iran des Origines à l'Islam, Albin Michel, Paris, 1976.

٨. Godo Attilio- Pelletier René, Femme d'Islam ou le Sexe Interdit, Denoel/Gauthier, paris, 1980.

٩. Henninger. J, La Société Bédouine Ancienne, Université de Rome, 1959.

١٠. Huart Clément, l'Iran Antique, Elam et Perse et la Civilisation Iranienne, Albin Michel, Paris, 1952.

١١. Kalisky René, l'Islam, Origine et Essor du Monde Arabe, Marabout, 1987.

١٢. Khomeiny Ayatollah, Principes Philosophiques, Sociaux et religieux de l'Ayatollah Khomeiny, ed. Libre Hallier, Paris, 1979.

١٣. Kramer Samuel Noah, l'Histoire commence à Sumer,Arthaud, Paris,1975.

١٤. Kramer Samuel Noah, Le Marraige Sacrée, Berg International, Paris, 1983.

١٥. Lawrence. T. E, Les Sept Piliers de la Sagesse, Gallimard, Paris, 1992.

١٦. Magali Morsy, Les Femmes du prophète, Mercure de France, Paris, 1989.

١٧. Mansour Fahmy, La Condition de la Femme dans la Tradition et l'Evolution de l'Islamisme, Thèse pour Doctorat, librairie Félix Alcan, paris, 1913.

١٨. Mernissi Fatima, Le Harem Politique, Albin Michel, Paris, 1987.

١٩. Mernissi Fatima, Sexe Idéologie Islam, Tierce, Paris, 1983.

٢٠. Montesquieu, De l'Esprit des Lois, GF Flammarion, Paris, 1979

٢١. Nougier Louis-René, Histoire mondiale de la femme, Vol. I, Nouvelle librairei de la France, Paris,1965.

٢٢. Stern Gertrude, marriage in Early Islam, The Royal Asiatic society, London, 1939.

٢٣. Strabon, Géographie, tom. VIII-XI, traduit par Françoios Lasserre, Société d'édition (les Belles Lettres), Paris, 1975.

٢٤. Taillon Germaine, Le Harem et les Cousins, Seuil, Paris, 1966.

٢٥. Yasmina Nawal, Les femmes dans l'Islam, la Brèche, Paris, 1980.





**سەرچاوە عەرەبییەکان**

١. الطبري، تفسير القرآن الكريم، بيروت، ١٩٨٣.
٢. صحيح البخاري، المطبعة البهية المصرية، ١٩٢٨.
٣. عبدالجابر محمد، نحن والتراث، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء و دار الطليعة، بيروت، ١٩٨٠.

جگە لەمانە، بە درێژایی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە، سوودم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە:

١. القرآن الكريم بالرسم العثماني، مؤسسة علوم القرآن، دمشق، الطبعة العاشرة، ١٤٠٧هـ.
٢. Kuran a Pîroz û Arsa Wêye Bilind, amedekar: Abdullah Varli, Istanbul, 1994.
٣. Le Coran, Traduit par Kasimiski, Chronologie et Préface par Mohammed Arkoun, GF Flammarion, 1970.
٤. Masson Denise, Essai d'interprétation du Coran inimitable, Dar Al-Kitab Al-Lubnani, Beyrouth; édition Gallimard, Bibliothèque La Pléiade, 1967.
٥. The living Bible: paraphrased, tyndale House Publishers, Wheaten, illinois, USA edition, 1971.

# پەڕەیەکی کۆن

# Ein altes Blatt, Franz Kafka

## فرانس کافکا

ڕەحیم بەهرامزادە
لە ئەڵمانییەوە کردوویە بە کوردی



وادیارە کەمتەرخەمییەکی زۆر بۆ پاراستنی نیشتمانی ئێمە کرابێت. ئێمە تا ئێستا سەری خۆمان بە شتی واوە نەیەشاندووەو، چاوێکمان بە سەرکردەکانی خۆماندا نە خشاندۆتەوە. بەڵام ڕووداوەکانی ئەم دواییانە زۆر پەرۆشمان دەکەن.

من دوکانێکی پینەدۆزیم لە گۆرەپانێک بەرامبەری کۆشکی پاشا هەیە. تاریک و ڕوونی بەیان، هێشتا دوکانەکەم نەکردۆتەوە، تاقمێک چەکدار دەست بەسەر تەواوی کۆڵانەکانی ئەم ناوەدا دەگرن. ئەمانە سەربازەکانی خۆمان نین، بەڵکو کۆچەرەکانی باکوورن. نازانم ئەمانە چۆن خۆیان گەیاندۆتە پایتەخت، کە لە سنوورەکانەوە یەکجار دوورە. بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەوا لێرەن و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکەن. ئەمانە خۆیان بە تیژکردنی تیر، سوونی شمشێرو ڕاهێنانی ئەسپەکانیانەوە خەریک دەکەن. ئەو گۆڕەپانەی کە بەردەوام بە خاوێنی ڕادەگیرا کردوویانەتە تەویلەیەکی تەواو. هەوڵدانی ئێمە، بۆ ئەوەی جار جار لە دوکانەکانمانەوە سەر بێنینە دەرەوەو بەردەرگاکانمان خاوێن کەینەوە، کەم بە ئاکام دەگات و لەوانەیە لە داهاتوودا هەر نەشکرێت. سەرەڕای ئەم زەحمەتە خۆڕاییە مەترسی ئەوەش هەیە کە ببین بەژێر پێ و پەلاماری ئەسپە وەحشی و قەمچییەکانیانەوە.

لەگەڵ ئەم کۆچەرانەدا ناکرێ بدوێیت، ئەمانە زمانی ئێمە نازانن و بۆخۆشیان هیچ زمانێکیان نییە. یەکتری بە گورەو هەرا تێدەگەیەنن. بۆیە لە گورە زیاتر هیچی دی نابیستی. شێوەی ژیان و دامودەزگایی ئێمە بۆ ئەوان بێگانەو نامۆیەو سەرنجیان ڕاناکێشێت، بۆیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت بە ئیشارە لەگەڵیان بدوێین ڕووی خۆیان وەردەگێڕن. خۆ ئەگەر شەویلکەت لەجێچێ و پیلت دەرێ تێت ناگەن و تێت ناگەن. جار جاریش نێوچەوان تێکدەنێن و چاودەردەپەڕێنن و کەف هەڵدەخرێنن، بەڵام بەم کردەوانە نە شتێک دەڵێن و نە دەیانەوێ کەسیش بترسێنن، بەڵکو هەر خوو پیشەیان وایە. هەر شتێکیشیان پێویست بێت هەڵیدەگرن، ناشکرێ بڵێی ئەمە زەبروزەنگە، کە دەست بۆ شتێک دێنن دەبێت بکشێیتەوەو هەوشاریان بدەیتە دەست. ئەوان چەند شتێکی باشیان لە دوکانەکەی منیش هەڵگرتووە بەڵام، کە خۆم لەگەڵ کابرای قەساب بەراورد دەکەم زۆر ناڕازی نیم، هەر کە گۆشت گەیشتە دوکانەکەی پەلاماری دەدەن و کەلاکەکان پچڕ پچڕدەکەن. تەنانەت ئەسپەکانیشیان خوێن خۆرن. زۆر جار لەگەڵ ئەسپەکەی هەر یەکەیان لە سەرێکەوە خەریکی خواردنی یەک پارچە گۆشتن. قەسابەکە ناوێرێت گۆشت نەکرێت. ئێمە حاڵی ئەو دەزانین و پارەی بۆ کۆدەکەینەوە. ئەمانە ئەگەر گۆشت نەخۆن کەس نازانێت چی لە کەللەیان دەدات!. لەم ماوەیەدا قەسابەکە بیری لەوە کردەوەکە سەربڕین و کەولکردن کەلکیان نییەو، گایەکی بە ساغی هێنا بۆ دوکانەکەی. بەڵام ئەو نابێ قەت کاری لەم جۆرە دووپات بکاتەوە. من سەعاتێک زیاتر لە پشتەوەی دوکانەکەم لەسەر زەوی ڕاکشام و هەرچی شڕوشاتاڵ هەبوو بەسەر خۆمدا دا بۆئەوەی گوێم لە بۆڕاندنی گایەکە نەبێت، کە کۆچەرەکان لە هەموو لایەکەوە کەوتبوونە سەری و بە زیندوویی لەتوکوتیان دەکرد. پاش ئەوەی بێدەنگی ئەو ناوەی داگرت بە ئەسپایی هاتمە دەرەوەو، چاوم بە کۆچەرەکان کەوت کە لە دەوری کەلاکەکە، وەک سەرخۆشی دەوری کوپەی شەڕاب پاڵکەوتبوون. لەو دەمەدا پێموایە پاشا بوو، کە لەبەر ئەو پەنجەرەیەی بەسەر گۆڕەپانەکەیدا دەڕوانی، تەماشای ڕووداوەکانی بەردەم کۆشکی دەکرد، لە کاتی ئاساییدا ئەو پێی بەم لایەدا نایەت و هەمیشە لە دیوەکانی ناو کۆشکدا ژیان بەسەردەبات. بەڵام ئەم جارە خۆی بوو کە سەیری ئەم وەزعەی دەکرد.

ئێمە لە خۆمان دەپرسین ئەم بارو دۆخە چی لێدێت؟ ئەم بارە گرانەو ئەم ئێش و ئازارە تاکەی بەردەوام دەبێت؟ کۆشکی پاشا ئەوانەی کێشاوەتە ئێرە، بەڵام وا دیارە نایەوێت وەدەریان بنێت. دەروازەکانی کۆشک هەر داخراون. پاسەوانەکانی کۆشک، کە جاران لە جموجۆڵ دابوون و دەرو ژووریان دەکرد، ئێستا لە پشت شیشە ئاسنەکانی دەروازەی کۆشک ئێشکدەگرن. ڕزگارکردنی نیشتمان کەوتۆتە ئەستۆی ئێمەی کاسبکارو سەنعەتکار، بەڵام ئێمە لەو پلەیەدا نین و، ئەوەی ڕاستی بێت زەحمەتیشمان نەکێشاوە بەو پلەیە بگەین، لێکحاڵی نەبوونێکی بچووک ئێمە بە قوڕدا دەبات.

# منداڵانی کوردستان زیندۆیانی کارەساتی مرۆڤکرد

دوکتۆر عەبدولباقی ئەحمەد

## پێشەکی

هەر چەندە کاریگەری ئازاری دەروونی لەسەر منال لە کۆنەوە ( فرۆید ١٤٣) و لەم نزیکانەشدا (تێر ١٩٩١) دیاریکراوە، بەلام تائێستا کەس بە تەواوی نازانێ ئایا چ روداوێک لەوی تر کاری خراپتر لە مندال دەکات. هەروا جێگای پرسیارە کە ئایا بۆچی هەندێک مندال بە سەلامەتی لە روداوی گەلەک ناخۆش دەربازدەبن، کەچی هەندێکی تر هەر لە بەر روداوێکی بچۆک تۆشی نەخۆشیی دەروونی دەبن.

نەخۆشییێکی دەروونی بەناوی Post-traumatic stress disorder (PTSD) کە بە کوردی دەبێتە (تێکچونی توندیی پاش کارەست) لەسالی ١٩٨٠ لە ئەمریکا بو یەکەم جار ناونرا (APA١٩٨٠). لە سالی ١٩٨٧ ئاشکرا بو کە ئەم نەخۆشیە توشی مندالیش دێت. لەو روداوانەی کە تا ئێستا دیارکراون کە دەتوانن مندال توشی ئەم نەخۆشیە بکەن ئەمانەن: شەڕ، کارەساتی سروشتی، لێدانی مندال، تەعدای جنسی، چەوسانەوەی سیاسی، ئەشکەنجە، لێقەومانی ترافیک، بینینی کوشتن و بریندارکردن، بینینی سوتان و خرابکردن و گەف و گوڕی مردن. زۆر کاریکەری جیاواز لێرەدا رۆل دەبینن؛ وەکو تەمەنی منال لەکاتی توشبون، پلەی پێگەیشتنی ئەقل، چونیەتی گوزەران لە روداوەکانی پێشو، نزیکیی دایک و باوک و دەسەلاتیان لە کاتی روداوەکەدا و پلەی نەخۆشی و قورسایی روداوەکە (ئەحمەد ١٩٩٣).

لەسالانی دواییدا لێکولینەوەی زانستی لە ئیسرائیل (رولف ١٩٨٢)، لوبنان (رائیدە ١٩٨٦)، ئیرلەندای ژورو (گیلز ١٩٨٩)، فەلەستین (مەحجوب ١٩٨٩)و ئەفریقیای خوارو (داوەز ١٩٩١) ئاشکرای کرد کە شەڕی درێژخایەن و توندوتیژیی رێکخراو کاریگەری زۆر خراپ و درێژخایەنیان بۆسەر مندال دەبێت.

لە کوردستاندا، کە زیاتر لە ( ٧٠ ) سالە گەلەکەی لە ژێر زورداریی رژێمەکانی عیراق و ئیران و تورکیا و سوریا دا دەژیت و، گەورەترین میللەتی بێ دەولەت لەرووی زەمین بەردەوام شەڕی مان و نەمان دەکات. لە ژێر هەمو رەنگەکانی زورداری و چەوساندنەوەو هەولدانی قڕکردن (جینوساید) ئەم میللەتە ستراتیژیی رەنگاو رەنگی دروست کردوە بو مانەوەو زیندوبونەوەی منال و نەوەکانی (چالیاند ١٩٨٠). تا ئێستا چاکی و خرابیی ئەم رەنگی ژیانە لەسەر کومەلگای کوردستان نەکەوتوتە ژێر لێکولینەوەیێکی زانستیی پێویست.

## منالانی بێ دایکوباوک

یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم ژیارە زۆربوونی ژمارەی منالی بێ دایک وباوکە. هەرچەندە تا ئێستا سەرژمێرینکی تەواو دەربارەی ئەم مەسەلەیە لە کوردستان نەکراوە بەلام دوای دروستبونی (هەرێمی هێمن) لە کوردستانی عیراقدا دیاردەی(فینومینی) منالی بێ دایک وباوک لە کوردستان وەک پروبلێمێکی جددی کەوتە بەرچاوی رێکخراوە مرۆڤایەتییە نێونەتەوەییەکان. وەک بیرکردنەوەیێکی رۆژئاوایی بو چارەسەرکردنی ئەم فینومینە دامەزراندنی سێوەخانە (مەیتەم orphanage) لە کوردستانیش دەستی پێکرد، بەبێ ئەوەی لێکولینەوەیێک بکرێت کە ئایا ئەم شێوەچارەسەرکرنە لەگەل کومەلگای کوردستان دەگونجێ یان نە. هەر بو ئەم مەبەستە گرۆپێکی منالانی سێوەخانەکانی سلێمانی و دهۆک لە گەل ئەوەندە منالی بێ دایک و باوک کە بە پێی نەریت وکولتوری کوردی خەلک بەخێویان دەکردن بەراوردکران. لە هاوینی سالی ١٩٩٢ دابەپێی مێتۆدێکی زانستیی نێونەتەوەیی پێگەیشتن وگیروگرفتی هەست ورەفتاری ئەم منالانە پیشەکران. دوای سالێک جارێکی تر ئەو منالانە بینرانەوە. ئەنجامەکان لە تابلوی ١(Table 1) پیشان دەدرێن.

## تراجیدیای کۆڕەو

یەکەم لێکولینەوەی زانستی دەربارەی کارتێکردنی کارەسات لەسەر منالانی کوردستان لە دوای کۆڕەوی سالی ١٩٩١دەستپێکرا (ئەحمەد ١٩٩٢). زیاد

Table.1 Means of Symptom Scores and PTSD Frequencies in percents among the Orphans in Kurdistan. Total number of subjects - 20 children/ category. Age 6-18 years.

| Category | Index | 1 Year | PTSD |
|---|---|---|---|
| ORPHANAGES | 7.9 | 12.95 | 50% |
| FOSTERHOMES | 13.6 | 6.3 | 30% |

تابلۆ ١. ڕێژەی نیشانە (سیمپتۆم) لە سەرەتا (Index) و دوای یەک ساڵ (١ year) لەگەڵ ڕادەی نەخۆشیی (PTSD) لە ناو منالانی بێ دایک و باوک لە کوردستانی عیراق. بەراوردی ئەوانەی لەسێوەخانە (orphanages) لەگەڵ ئەوانەی خەڵک بەخێویان دەکەن (fosterhomes).

لە ٩٠٪ ی خەڵکی کوردستانی باشور (کوردستانی عیراق) ماڵ و جێگایان بەجێ هێشت و بەرەو سنورەکانی تورکیا و ئێران ڕایان کرد. ترسی چەکی کیمیایی یەکێک لە هۆیە سەرەکیەکانی ئەم ڕاکردنەبوو. لە سەر سنوری تورکیا و عێراق گرۆپێکی منالی ٦-١٨ ساڵی دەربارەی کارتێکردنی کارەساتەکە فەحسکران (نەخشەی کوردستان و نیشانکردنی جێگای کەمپەکانی سنور).

زۆربەی منالان نیشانەی نارەحەتی دەروونییان پێوە دیاربوو. ئەنجامەکانی سەرەتایی ئەم لێکۆلینەیە لە کۆنفرانسێکی نێونەتەویی لە پایتەختی شیلی (سانتیاگو) لە مانگی ١١ی ١٩٩٢ پێشکەش کران، هەرچەندە نەخۆشیی دەروونی (PTSD) لەناو ئەم منالانەدا کەم بوو، بەلام منالەکان دوای یەک ساڵ و دوو ساڵیش هەر نیشانەی نەخۆشییان پێوەدیاربوو (Fig.1).







ڕەسمی ١ (Fig. 1):
ڕێژەی نیشانەی نارەحەتیی دەروونی گشتی (NON-PTSD) و نەخۆشیی PTSD (PTSD-related symptoms) لە سەر منداڵانی ٦-١٨ ساڵی لە کوردستانی عیراق ٢ مانگ، ٤ مانگ، ١ ساڵ و دوو ساڵ دوای کارەساتی کۆڕەوی ١٩٩١. ژمارەی گشتیی نیشانە = ٢٠.

## ئەنفال

لە ساڵانی دوایی ١٩٧٠ و ساڵانی ١٩٨٠دا شەڕی زۆرداری دژی کورد لە عیراق گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە ناوی شەڕی جینۆسایدی لێ بدرێ (میدل ئیست ووچ ١٩٩٣). لە شوباتی ١٩٨٨ ڕژێمی عیراق بڕیاری ئەنفالی دەرکرد بۆ لەناوبردنی هەمو شێوەیەکی ژیان لە هەرێمەکانی ڕزگارکراوی کوردستانی باشوردا. منداڵ ، کە زیاتر لە ٦٠٪ ی کۆمەڵگای کوردستان پێکدێنێت، هەردەم گەورەترین قوربانی ئەم جۆرە کارەساتانە بووە (ئەمنستی ١٩٩٠). پاش بڕیاری ئەنفال بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستان زیادی کرد و لە بۆردمانی (هەڵەبجە) لە ١٦ی ئاداری ١٩٨٨ دا گەیشتە لوتکە. ئەنفالی یەکەم لە ئادار-نیسانی ١٩٨٨ لە گەرمیان و هەرێمەکانی تر لە پارێزگاکانی

کەرکووک و سلێمانی جێ بەجێ کرا. لە ماوەی چەند هەفتەدا ٧٢٨ گوند روخێندران (باوکی کاوە ١٩٩٠). ئەنفالی دووەم لە مانگی ئابی ١٩٨٨ دەستپێکرا و هەرێمێکی ٢٠ هەزار کیلومێتری لە پارێزگاکانی مۆسل و دهۆک و هەولێر گرتەوە (کالبریت ١٩٩١). زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس لە سنوری تورکیا تێپەڕبوون و لە سێ کەمپی سەرەکی وەکو دەستبەسەر لە تورکیا وەرگیران (ئەحمەد ١٩٨٩). کەس بەتەواوی نازانێ چەند کەس لەم کارەساتەدا کوژران، ژمارەی ٢٠٠-٣٠٠ هەزار باس کراوە (کالبریت ١٩٩١). لەوانەی کە بە ساخی کەوتنە دەستی لەشکەری رژیم زیاتر لە ١٨٢ هەزار کەسیان تا ئێستاش بزرن (ئەنجومەنی کوردستانی ئیراق ١٩٩٢). لە نێوانی سالی ١٩٨٧- ١٩٩٠دا ٣٩٠٠ گوند کاول کران. گوندەکان لەگەل زەوی تەخت کران و دارو باریان سوتێندران و کانی و روبار مینرێژ کران و ئاویان لێ وشک کرد (باوکی کاوە ١٩٩٠).

## کەمپەکانی "سمود" و "جەژنیکان"

لە هاوینی ١٩٩٣ لەسەر داوای پرۆژەی سوێدی بو پێشخستنی کوردستان (پرۆژەی قەندیل) لێکولینەوەیکم لەناو دانیشتوانی کەمپی (سمود) لە کەلار و کەمپی (جەژنیکان) لە هەولێر پێکهێنا. زوربەی دانیشتوانی ئەم دوو کەمپە زیندووەکانی ئەنفال بوون. لە هەرکەمپێک ٢٠ مالم دەستنیشان کرد و لە هەر مالێک، بەشێوەیێکی پەیرەوکراو (ستەندەرد)، بەلای کەمەوە مندالێک و گەورەێک فەحس کران. بەم شێوەیەکارەساتەکە باس کرا:

ئەو خێزانانەی دەکەوتنە دەستی سەربازەکان بە زیلی عەسکەری دەگوازرانەوە بو هەندێک قەلای تایبەتی لە دهوک و کەرکووک. لەوێ هەر مرۆیەکی نێر تەمەنی لە ١٠ سال زیاتربوو لە خێزانەکەی جیادەکرایەوە، تا ئێستاش چارەنوسیان نەدیارە. زوربەی خێزانەکانی هەردوو کەمپەکانی سمود و جەژنیکان ئەم جیاکردنەوە و ونکردنەی پیاوەکان بە ناخوشترین لێقەومانی هەمو کارەساتەکە دادەنا.

"یاسین تەمەنی ١٣سا لە. ئێستاش هەموو شەوێ خەونی بەترس دەربارەی ئەو رۆداوەدەبینێت، کاتێک پێش ٥ سال ە باوکی لە خێزانەکەیان جیا کرایەوە. ێنستاش قیژەی باوکی لەگوێچکیدا دەنگ دەداتەوە کە لە ژێر ئەشکەنجەدا هاواری دەکرد بەر لەوەی هەر بە یەکجاری ونی بکەن".

دوای ئەوەی کە پیاوەکان جیا دەکرانەوە خێزانەکان لە زیندانەکانی (نوگرە سەلمان) لە باشوری عێراق و (توپزاوا- دبس) لە باشوری روژئاوای کەرکوک و (سەلامیە) لە باشوری موسل و چەند جێگایێکی تر لە بیابانی ناوەراست و باشوری ئیراق کۆدەکرانەوە. زیندانەکان لەناو کەمپی سەربازی دوور لە ژیانی شارستانی دروست کرابون. ژوورەکان بریتی بوون لە چەند هۆلی گەورەی پەنجەرە بچووک. خەلک تەنیا بو ئاودەست بویان هەبوو بچنە دەرەوە، ئەویش لەژێر چاودێری پۆلیس یان سەرباز. هەموو رۆژێ چەند کەسێک لە هەر هۆلێک دەمردن. سەربازەکان مردووەکانیان لە دەرەوەی کەمپەکە فرێ دەدان:

"موحەمەد تەمەنی ١٠ سال بوو کاتێ کە لە گەل باوک و دایکی لە دێیەکەی خویان (وەرخەل) لە ناو (رێکانی) گیران. پێنج سال دوای ئەوە کە لە ناو کەمپی (جەژنیکان) پرسیارم لێکرد ئایا ناخوشترین شتی کارەساتەکە چی بوو، ئەو وتی لە هەمو شتێک ناخوش تر ئەوەبوو کە لە زیندانی (سالمیە) تەرمی باپیرم بینی چون سەگ پارچەپارچەی دەکرد دوای ئەوەی سەربازەکان ، چەند سەعاتێک پاش مردنی، لە دەرەوەی کەمپەکە فرێیان دابوو."

لە ناو زیندانەکاندا هەمو جورە زوورداری و ئەشکەنجەیێک بەکاردەهێنرا. ژن و کچی عازەب بە بێ هوێکی دیاریکراو بانگ دەکران بو تەحقیق. لە ئەنجامدا، چەندەها تراجیدیای کومەلایەتی دەرکەوتن. چەندەها لەو کیژانەو ئەو ژنانەی تەعدا یان لێ کرا دووگیان بوون و منالیان بووە. ئەوانە ئێستا لە ژیارێکی نهێنی و مەترسی و نالەباردا دەژین. هەندێکیان بونەتە مەسەلەی هەرە گەورەی رێکخراوی مافی مروڤ لە کوردستان کە لە بەهاری ١٩٩١دا لە کوردستان دامەزرا.

ئەو خێزانانەی گومانیان لێ دەکردن کە خزمێکیان بەشداری بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانی کردووە لە ژێر ئەشکەنجەی جور بەجور تەحقیقیان لەگەل دەکردن.

"سابیر ١١ سال بووەکاتی لە کەمپی سمود چاوم پێی کەوت. ئەو باسی بەسەرهاتی پێنج سال لەمەو پێشی خوی دەکرد لە زیندانی (توپزاوا). هەر لە ناو قسەکانیدا دەگەڕایەوە سەر باسی ژنێکی سکپڕ کە چون دەیان بردە تەحقیق و ئەشکەنجەیان دەدا. دوایی کە

زانیان پیاوەکەی لەگەڵ پێشمەرگە بوە سەربازەکان ژنەدووگیانەکەو هەردوو کچەکەیان برد. لەو ڕۆژەوە ئیتر کەس نەیانی بینیوە، کەچی سابیر هەرگیز ئەوانی لەبیر ناچێتەوە. .

دوای چەند مانگ تا چەند ساڵێک لە ناو زینداندا ئەوانەی زیندوو دەمانەوە دەگوێزرانەوە بو سێ کەمپی تایبەت کە لە ساڵی ١٩٨٧ بو ئەم مەبەستە دروست کرابوون. زوربەی ئەو خێزانانەی کە لە (بادینان) گیرابوون لە کەمپی (جەژنیکان)، کە ٢٢کم لە ڕۆژئاوای هەولێرە، کۆکرانەوە. نزیکەی ١٥ هەزار خێزان لەوێ کوکرابوونەوە. ئەگەر یارمەتی خەڵکی شاری هەولێر و دەوروبەری شارەکە نەبوایە زوربەی ئەو خێزانانە دەمردن.

ئەوانەی خەڵکی دێیە کاولکراوەکانی پارێزگای کەرکوک و سلێمانی بوون لە کەمپی (سمود)، کە ١٥ کم ڕۆژئاوای کەلارە، یان لە کەمپی (شۆرش) کە نزیکی چەمچەماڵە لە پارێزگای سلێمانی کۆکرانەوە. لە (سمود) ١٢ هەزار خێزانی لێ بوو. ژیان لە ناو کەمپەکاندا، لەژێر کۆنترۆلی سەرباز و پۆلیسدا ژیانێکی زەبوون و سەخت بوو. زۆرداریی جۆربەجۆری کاربەدەستەکان و پاسەوانەکان ژیانێکی کۆیلانەی بەسەرخەڵکدا سەپاندبوو. بە تێپەربوونی کات هەندێک خێزان توانیان بە نهێنیەوە خۆیان ڕزگار بکەن و، لە جێگایکی تر دەست بە ژیانی ئاسایی خۆیان بکەن.

لەکاتی ڕاپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١دا دانیشتوانی ئەم کەمپانە بەر لە هەموو کەس هێرشیان بردە سەر پاسەوانەکانیان و قەڵاکانی دەوروبەری خۆیان هەڵوەشاند و بەشداری شەڕی ئازادی بوون. بەڵام بەداخەوە هەر زوو تراجیدیای کۆرەوەکە بەسەردا هات. ئەم خەڵکەش وەکو هەموو هاووڵاتیانی تر ناچاربوون بەرەو سنوورەکانی ئێران وتورکیا ڕابکەن. لە گەڕانەوەیاندا زۆربەیان ناچار بوون هەر لە ناو کەمپەکاندا بمێننەوە، چونکە دێهاتەکانیان کاول کرابوون. پاش دروستبوونی هەرێمی هێمن و دەستپێکردنی ئاوەدانکردنەوە زۆر لەو خێزانانە بۆ سەر دێیەکانیان گەڕانەوە.

هەرچەندە مەتریالی کۆکراوە بەتەواوی شیەکراوەتەوە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە تەنگ وچەڵەمەی تەندروستی، ئابووری و کۆمەلایەتیی ئەم خەڵکە پێویستی بە چارەسەرکردنێکی کوتوپڕی دەکرد. هەر بۆ ئەم مەبەستەش ڕاپۆرتێکی سەرەکیم بۆ پەرلەمانی کوردستان و لایەنەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ناردو، تیایدا چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیەم پێشنیار کردبوو.

چونکە زۆر نەخۆشیی فیزیکی و دەروونی لەناو ئەم کەمپانەدا هەن (النقشبندي- ١٩٩٢) زۆر گرنگە مەڵبەندێکی تأهیلی (Rehabilitaions centre) لە کەلار، یان لە پایتەختی هەرێم بکرێتەوە. ئەم مەڵبەندە تایبەت بەو نەخۆشیانە دەبێت کە لە ئەنجامی ئەزیەتدانی دەروونی پەیدا دەبن، وەکو نەخۆشیی (PTSD).

ئەو کەسانەی لە ئەنفال ڕزگار بوون، بە تایبەتی ئەوانەی کەسوکاریان ئێستاش دیار نین، ئەوانە لە ئەزیەتێکی بەردەوامدا دەژین و هەموو جۆرە هاوکارێکی پسپۆریان پێویستە. لە لایەکی کەشەوە پێویستیان بە هەوڵدانی سیاسی هەیە بۆ ئەوەی چارەنووسی ڕاستیی خزم و کەسوکاریان بزانن.

کوردستانی عێراق پڕە لەو کەسانەی کە ئازاری دەروونییان دیوە، وەکو لە کارەساتی ئەنفال ١٩٨٨، چەکی کیمیایی ١٩٧٧-١٩٨٨ و تراجیدیای کۆرەوی بەهاری ١٩٩٢. لەبەر ئەوە پێویستە تۆرێکی پسپۆری لەو کەسانە دروست بکرێت کە چارەسەر و یارمەتیی ئەوانە دەدەن. مەڵبەندی منداڵە ئاستەنگدارەکان (پەککەوتەکان Hand-icapp) لەهەولێر و مەڵبەندی (هاوار) لە دهۆک بۆ لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی نەخۆشیی دەروونیی منداڵ دەبێت بەم پسپۆرانەوە ببەسترێتەوەو، لە ژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی دابێت و زانکۆی هەولێر سەرپەرشتیی زانستی و ئەکادیمی بکات.

پرۆژەیێکی وەها هەڵبەت پێویستی بە یارمەتی ماددی و زانستیی دەرەوە دەبێت. وڵاتانی سکەندیناڤی دەتوانن و حەزدەکەن ئەم جۆرە یارمەتیە پێشکەش بکەن. بۆ نموونە، لە سوید تازە پرۆژەیێکی هاوکاری لە نێوان بەشی نەخۆشی دەروونیی منال لە زانکوی (ئوپسالا) و وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتیی کوردستانی عێراق دەست پێکراوە. بەپێی پرۆتۆکۆلی دامەزراندن کە لە مانگی تەمووزی ١٩٩٢ ئیمزا کرابوو، پرۆژەی قەندیل بەرپرسیاریی یارمەتیی ئابووری بە ئەستۆی خۆیەوە گرتبوو. بەڵام لەبەر باری ناهەمواری سیاسی لە کوسستان و گیروگرفتی ناوخۆی قەندیل بەداخەوە پرۆژەکە بە شێوەیەکی کاتی ئیفلیج

بووه.

پرۆژەی قەندیل، ڕێکخراوەکانی مافی منداڵ لە وڵاتانی سکەندناڤیادا، خاچەسورەکانی سکەندناڤی و ڕێکخراوەکانی تری لەم جۆرە لە سکەندناڤیا پەیوەندیان پێوە کراوە و ئامادەگی خۆیان دەربڕیوە کە پشتگیری لەم جۆرە پرۆژەیە بکەن، بە مەرجێک لە ناو وڵاتدا بنکەی پرۆژەکە دەست پێبکات و دەرفەتی بەردەوامبوونی هەبێت. ئەو بارەی کە دوای ساڵی ١٩٩١ لە کوردستانی عیراقدا دروست بووە فرسەتێکی گەورەی پەیدا کردووە بۆ ئەوەی کارتێکردنی زۆرداریی ڕێکخراو لەسەر کۆمەڵگای کوردستانی عیراق بەگشتی و ئەنفال بە تایبەتی لێیان بکۆڵدرێتەوە. نەک تەنیا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە وچارەسەرکردن بەشێوەیەکی زانستی بکرێن بەڵکو وەکو بابەتێکی گرنگ و ستراتیجی مەسەلە سەرەکیەکەی کوردستان بە خەڵکی زانا و پسپۆرانیی جیهان بناسرێنرێت.

بۆ ئەوەی ئەم کارەش بە ئەنجام بگات پێویستە پسپۆڕی کورد لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵات لەم بارەیەوە دەست بخەنە ناو دەست و بە پشتگیریی سەرکردایەتیی سیاسی ئەم پرۆژەیە لەناو وڵات دامەزرێنن و پەرەی پێبدەن.

چاوەڕێکردن و پشتبەستن بەبێگانە و سووربوون لەسەر پاراستنی بەرژەوەندیی شەخسی و حیزبیی تەسک ڕێگا لەم هەوڵ تەقەلایانە دەگرن و ئەم فرسەتە مێژووییەی بۆ میللەتی کورد ڕەخساوە دەفەوتێنن.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان


١. ابو کاوه. الهجوم علی بهدینان و احوال اللاجئین. ایران ١٩٩٠.

٢. Achenbach T M. Manual for the CBCL/4-18 and 1991 profile. Burlington, VT: University of Vermont, Department of Psychiatry, 1991b.

٣. احمد ع. تقریر اولی حول معسکر الصمود و جژنیکان. اربیل ١٩٩٣.

. Ahmad A. Facts about the Kurdish٤ refugees from Iraq in Turkey. Kurdistan Medical Association in Sweden, April 1989.

5. Ahmad A. Symptoms of posttraumatic stress disorder among displaced Kurdish children in Iraq - victims of a man-made disaster after the Gulf war. Nord J Psychiatry, 1992;46(5):315-319.

. Al-Neqshebendy T. A report on the 6 Sumood/Kalar. Kalar, 1992.

7. American Psychiatric Assosciation. Diagnostic and statistical manual of mental disorders, Third edition, rev. (DSM-III-R), Washington, DC. 1987.

8. Amnesty International. Human Rights in Iraq/Turkey. London. AI, International secretariat. 1990.

9. Calbrith P. A report on the Human Rights in Iraq. Middle East Watch. Washington DC, 1991.

10. Chaliand G. People without a country, the Kurds and Kurdistan. London, Zed Press, 1980.

11. Dawes A. Political violence and s children; the question of South Africa psychological consequences. Int J Psychol 1990 (in press).

12. Freud A, Burlingham DT. War and children. London. Medical War Books, 1943.

13. Giles M, Cairns E. Colour naming of violence-related words in Northern Irland. Br J Clin Psychol 1989;28:87-88.

14. Kurdo J. Kurdistan, the origin of Kurdish civilization. Hudiksvall. Tryck Media, 1988.

15. Mahjoub A, Leyens J-P, Yzerbyt B, Di Giacomo J-P. War stress and coping modes: representations of self-identity and time perspective among Palestinian children. Int J Ment Health, 1989;18:16-43.

16. McNally RJ. Stressors that produce posttraumatic stress disorder in Children. In: Davidson R T, Foa BE (Eds). Posttraumatic stress disorder; DSM-IV and beyond. Washington DC. American Psychiatric Press, 1992.

17. Middle East Watch. Genocide in Iraq; The Anfal campaign against the Kurds. New Yourk, 1993.

18. Rayhida J, Shaya M, Armenian H. Child health in a city at war. In: Briyce JW, Armenian H (eds). War time: the state of children in Lebanon. Beirut, American University of Beirut 1986.

. Tayeeb M H, Ahmad A. The First 19 Progress Report on the Child Mental Health Programme (Hawar Programme) in Iraqi Kurdistan. Duhok, August 1993.

20. Terr L. Childhood trauma. Am J Psychiatry, 1991;148:10-19.

٢١. ئەنجومەنی کوردستانی عیراق. بەیاننامەی حکومەتی فیدرالی. هەولێر ١٩٩٢.


Copies of the mentioned works can be obtained from the author.

# زیانە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییە پسیکۆلۆژییەکانی ئەنفالەکان

د. کەریم تۆفیق

## * ئەنفالەکان و زیانە کۆمەڵایەتییەکان

لە سالانی ١٩٨٧- ١٩٨٨ رژێمی بەعس بە مەبەستی جینۆ سید بە عەرەبکردنی خاکی کوردستان زنجیرەیەک هێرشی کیمیایی و سەربازی، لە باشووری کوردستان، ئەنجام دا. لێپرسراوی ئەم هێرشانە عەلی حەسەن مەجید بوو. ئەم هێرشانە لە سالی ١٩٨٨ ناوی ئەنفالیان لێنرا. ئەنفالەکان بە ژمارە هەشت "١" زنجیرە هێرش بوون، کە لە شوباتی ١٩٨٨ تا ئەیلولی هەمان سال درێژەیان کێشا. لە ئەنفالەکاندا تاوانەکان گەیشتنە لووتکەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی. هەڵەبجە، کە لە ١٦ی مارسی ١٩٨٨ کیمیبۆردمان کرا شاهیدێکی زیندووی ئەم تاوانەیە.

ئەنفالەکان بە زنجیرە هێرشێک، کە ناوی "خاتمە ئەلئەنفال- دوایی ئەنفالان"یان لێنرابوو، بۆسەر بادینان دوایی هات. تەنێ سپێدەی ئەو رۆژە ےتەیەمە پتر لە ٣٠ گوند بە کیمیایی بۆردمانکران.. لەم هێرشانەدا پتر لە سەدهەزار کەس کوژران"٢". ئەوەندەش ژن و پیاوو منداڵ و پیر ئاوارەی سەر سنوورەکان بوون. بەگوێرەی سەرچاوە کوردییەکان تا ئێستا ١٨٢ هەزار کەسیش بێ سەرو شوێنن. هەروا تا سالی ١٩٩٠ سەجەم ٥٠٠٠ گوند، پاش تالانکردنی سامانی خەڵکە، روخێنران. ئەو خەڵکەش کە زیندوو لەژێر چەپۆکی رژێم مانەوە لە ژن و منداڵ و پیر لەژێر ئەشکەنجەو زەبروزەنگی نامرۆڤانە بەرەو خوارووی عێراق و ئۆردوگا زۆرەملێکانی ئەنفال راگوێزران.



ئەنجامی ئەم کارەسات و کۆرەوەکەی دوای راپەرینی سالی ١٩٩١ لای کەمی ٦٠٠ هەزار ئاوارە لە کوردستان دەژین"٣" کۆمەڵی کوردەواری ئەنجامی ئەم کارەساتە گەلێک دەردو نەخۆشی و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی لەناودا بلاوبۆتەوە لەوانە

**بێکاری**-پێش ئەنفالەکان خەلکی ئەو گوندانە هەر خێزانەو خاوەنی کارو سەرچاوەیەکی ئابووری سەربەخۆبوو. لە ٩٠٪ ی"٤" خەلک خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون، ٥٪ یش خەریکی بازرگانی بوون. بەهۆی روخاندنی گوندەکانی کوردستان و سوتاندنی رەز و باخ و بێستانەکان و شەهیدکردنی پیاوەکان و ئاوارەبوون و راگواستنی خێزانە ئەنفالکراوەکان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان، بێکاری وەک پەتایەک لە ناویاندا بلاوبۆوە. ئاشکرایە بێکاریش هەم دەبێتە مایەی هەژاری و هەم دەردی هەژاری سەختتر دەکات.

**هەژاری**- لەناو خەلکی ئەنفالکراوی ئۆردوگا زۆرەملێکان تا ئێستاش هەژاری دیاردەیەکی زەق و ئاشکرایە. هەژاری زۆر کێشە چ بۆ خێزانە هەژارەکان و چ بۆ کۆمەڵی کوردەواری دروست دەکات. هەروا لەبەر کەمی، یان نەبوونی پرینسیپی خاوێنی Hygien و نزمی ئاستی ژیان، هەژاری دەبێتە هۆی بلاوبوونەوەی گەلێک نەخۆشی وەکو کەمخۆراکی، هەوی جگەری ڤایرۆسی "زەردوویی و سکچوونی ئەمیبی و خوێناوی و پەتای وەکو سۆریکە لەناو منداڵان و تاد.. جگە لەوەی هەژاری بێکاری و زەبروزەنگی کارەساتەکان بە گشتی بوونەتە هۆی بلاوبوونەوەو گەشەسەندنی زۆر دیاردەی دزێوو ناشیرین لە ناو کۆمەڵدا. دیاردەی سوالکردن "دەرۆزە" و منداڵانی سەرجادە Street Childrenبەفراوانی بلاوبوونەتەوە.

له بیرمه له دوای ئەنفالەکان ڕۆژی سێ، چوار ژن، کچ، یان منداڵ له هەولێر له دەرگایان دەداو داوای یارمەتییان دەکرد. گەڕان بەدوای پارووی ژیان و سەختی بارودۆخ و بێبەشبوونی زۆربەی خێزانەکان له پیاوەکانیان و ئینجا هەبوونی چینێکی هەلپەرست لەناو کۆمەڵ بووە هۆی گەشەسەندنی لادانی ڕەوشتی "لەشفرۆشی" و تا ڕادەیەک تێکچوونی شیرازەی خێزان و ستروکتووری کۆمەڵی کوردەواری.

دەبوایە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان هەنگاویان بۆ چارەسەری ئەم دیاردانە بنایە، بەڵام لەبەر گرینگی نەدانی حکومەتی هەرێم بەم کێشانە و تەشەنەکردنی دیاردەی چەکداری و نەبوونی یاساو پاراستنی بەرژەوەندی تەسکی پارت و تاکە کەس و، ئەمجار شەڕی نێوان پ.د.ک- ی.ن.ک دیاردەی دزێوو تاوانی وەک دزی، ڕێگرتن و جەردەیی، زۆرلێکردن و کوشتن بەتایبەتی لەناو شارە گەورەکانی وەکو هەولێر، سلێمانی و دهۆک زۆر زیادیان کرد. له پاڵ ئەمانەدا ڕوخاندنی قوتابخانەکانی گوندەکان بوونە هۆی زیادبوونی ڕادەی نەخوێندەواری، که خۆی به هۆی کۆلۆنیالکردنی کوردستانەوە، پێشتریش زۆربوو.

## •کاریگەرییە پسیکۆلۆژییەکان

بێ گومان هەموو شەڕو کارەساتێک کاریگەری پسیکۆلۆژییانەی لەسەر خەڵک دەبێت. ئەم جۆرە کاریگەرییانە بە "زامی دەروونی" ناودەبرێن. ڕێژەو توندو تیژی زامە دەروونییەکان له کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی و، له کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دی، جیاوازە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی ئەم زامانە، له ژێر باری گرانی کارەساتەکە، بڵندە.

ساڵی ١٩٨٨ من له شاری دهۆک له نەخۆشخانەی "ئازادی"ی ئێستا دوکتۆر بووم. ئەو هاوینە، له گەرمەی ئەنفالەکانی بادینان، چەند هەزار ئەنفالکراوێکیان له "قەڵاتی بەڕۆشکێ" پەستیبوو، که زۆربەیان ژن و منداڵ بوون. لەسەر داوای بەڕێوەبەری نەخۆشخانە هەر جارەی تیمێکی پزیشکی سەردانی قەڵاتەکەی دەکرد. من لەگەڵ تیمێکی پزیشکی دوو جاران چوومە سەردانی ئەو خەڵکە. ئەو کاتە تێبینیم کرد که زۆربەی خەڵکەکە نیشانەکانی زامی دەروونییان پێوە دیاربوو، وەکو: گرژی Stress، ترس، خەمۆکی، خەوزڕان، شپرزەیی Anxiety و تاد.

دوای بەسەرچوونی هەر کارەساتێک بەشێکی خەڵکەکە نیشانەکانی زامی دەروونییان هەر پێوە دیار دەمێنێت. له لێکۆڵینەوەیەکدا که لەناو سەربازەکانی شەڕی یەکەمی جیهان کراوەو، له ساڵی ١٩٣٩ له ئینگلستان پیشاندراوە، دەرکەوتووە که ١٢٠ هەزار سەرباز لەبەر زامی دەروونی پەکیان کەوتووە"٥"

PTSD گرژی سیندرۆمی پاش تراوما "کارەسات" یەکێکە له کاریگەرترینی ئەم زامانە که تووشی هەندێ کەس دەبێت. PTSD بریتییە له هەستکردن بە ژیانەوەی کارەساتەکە، چ له ڕێی بینینی خەونی ترسناک و ناخۆش، یان بیرهاتنەوەی یادگارە تاڵەکانی ڕۆژانی کارەساتەکە، یان له ڕێی بینینی ڕووداوی دڵتەزێنی لەو جۆرەوە. ئەو کەسانەی که تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن ئەوانەن که زەبری گەورەیان پێکەوتووە وەکو: کوژرانی مێرد، ژن، باوک، دایک، یان منداڵ، یان ئەوانەی کەسێکی نزیکیان بەبەر چاویانەوە ئەشکەنجەدراوە، یان ئەوانەی سوکایەتی گەورەیان پێکراوە، بۆ نموونە زەوتکردنی ئافرەت. ئەم جۆرە نەخۆشانە هەوڵدەدەن لەو جۆرە شوێن و دانیشتنانە دوورکەونەوە که بۆنی کارەساتی لێدێت. جگە لەوە نەخۆشەکە خەوی لێ هەراسان دەبێت و خەونی ترسناک دەبینێت. هەندێکیان توانای بیرکردنەوەو چڕبوونەوە "تەرکیز"و چالاکییان کەم دەبێتەوە. له هەندێک باردا نەخۆشەکە ئەڤین و خۆشەویستی، تەنانەت بەرامبەر بە منداڵەکانی خۆیشی کەم دەبێتەوە، که لەوانەیە ببێتە مایەی ناکۆکی لەناو خێزانەکەدا. دەستنیشان کردنی "Diagnos" ئەم نەخۆشییە پێویستە له لایەن پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دەروونەوە Psychiatrist بێت، چونکە مەرج نییە هەر کەسێک یەکێک لەم نیشانانەی هەبێت توشی نەخۆشییەکە بووبێت. له لێکۆڵینەوەیەکدا که له ناو ڤێتنامییەکاندا کراوە دەریدەخات که ٦- ١٦ ساڵ دوای شەڕی ڤێتنام ڕێژەی ١٧- ٢٦٪ یان نیشانەکانی PTSD یان هەر پێوە دیار بووە"٦"

له لێکۆڵینەوەیەکی دیدا دەرکەوتووە که ڕێژەی PTSD له ناو سەربازانی دووەم شەڕی جیهاندا گەیشتۆتە ڕادەی ٥٠٪ "٧".

لێرەدا بە ڕەچاوکردنی قەوارەی هێرشە کیمیاییەکان و ئەنفالەکانی ساڵانی ١٩٨٧- ١٩٨٨و زەبروزەنگی داروودەستەی ڕژێم و ئەشکەنجەدانی خەڵکە ئەنفالکراوەکان و تراژیدیای ئاوارەبوون و ڕاگواستن دەتوانین بڵێین که ڕێژەی PTSD له ناویان بەرزە. بە پێی هەوڵێن لێکۆڵینەوەیەکی زانستی، که له لایەن د. عەبدولباقی ئەحمەد ئەنجام دراوە، ڕێژەی ئەم نەخۆشییە لەناو منداڵانی بێ دایک و باوک له کوردستان دەگاتە بمێنتەبممم٪ "٨"ئەم نەخۆشییە بە ڕێگای پسیکۆتێراپی و دەرمانی تایبەت، له لایەن پسپۆڕی

نەخۆشییەکانی دەروونەوە چارەسەر دەکرێت، جگە لەوەش دڵدانەوەو یارمەتی پشتیوانی خزم و کەس و دۆستانی نزیک بەشێکی گرنگی چارەسەرەکە پێکدێنن.

## ڕەشبینی

ئەنفالەکان شکست و هەرەسێکی گەورەبوون بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و هێزی پێشمەرگە. ئەم هەرەسە ڕەشبینییەکی دیاری خستە دڵی زۆربەی کورد، تەنانەت هەندێ لە سەرکردەکانیش، بەو هۆیەوە، لە پاشەڕۆژێکی ڕووناک بۆ گەلی کورد بێ هیوا بوون. وەنەبێت مرۆڤ لە ژێر زەبری هەر کارەساتێکدا توشی ڕەشبینی ببێت. لەم ٢٥ ساڵەی دواییدا لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە کە بە تایبەتی ئەو کەسانە توشی ڕەشبینی دەبن کە بۆ یەکەم جار دەکەونە بەر زەبری کارەساتەکەو بە چاوێکی مەزن تەماشای کارەساتەکە دەکەن، یان ئەو کەسانەی کارەساتەکە بە قەومانێکی پڕ ئاسەواری درێژخایەن دادەنێن. بۆیە لێکدانەوەو شیکردنەوەی هۆکارەکانی کارەساتەکە و کایگەری و ئەنجامەکانی فاکتەری زۆر گرنگن لە کارکردنە سەر کەسایەتیی ئەوانەی توشی ڕەشبینی دەبن. کەسایەتی ئەم جۆرە کەسانە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، کاری تێدەکرێت. ئەم جۆرە کەسایەتییە، کە بە کەسایەتی ڕەشبینی Pessimistic Personality دەناسرێت، لە هەموو شتەک بێ هێڤییەو، ئەمانە باوەڕیان بە پاشەڕۆژێکی ڕووناک چ بۆ خۆیان و چ بۆ گەلەکەیان کزە. تەنانەت گرنگی بە ساخی لەش و دەروونی خۆشیان نادەن، حەز بە تێکەڵاوی و کۆڕو کۆبوونەوە ناکەن. ئەم جۆرە کەسانە لەناو کۆمەڵدا دەبنە ئەندامێکی سست "Passiv" و ناستی بەرهەمهێنانیان، بۆ خۆیان و خێزان و کۆمەڵەکەیان، نزم دەبێتەوە. بۆیە فێری پشت بە خەڵک بەستن دەبن و بە گۆشەگیرو بێبەرهەم و مشەخۆر دەناسرێن.

لێرەدا دەمەوێ بڵێم کە ئەم جۆرە کەسایەتییە کار لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد دەکات. چونکە ئێمە وەکو گەلێکی ژێردەست و وڵات داگیرکراو پێویستیمان بە تایبەت بە هەموو ئەندامێکی چالاک و گەشبین هەیە، بە وانەی کە باوەڕیان بە دواڕۆژێکی ڕووناک بۆ گەل و نیشتمانەکەیان هەیە. ئەو "ڕەشبینی"یەی لە ئەنفالەکاندا کوردی گرتەوە، پاش بەزین و شکستی ڕژێمی سەدام لە شەڕی کوێت و ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و ئازادکردنی زۆربەی خاکی باشووری کوردستان، بووە بە "گەشبینی"و، باوەڕی مرۆڤی کورد بە دواڕۆژێکی گەش بە گەل و وڵات پتەو بوو. بەڵام شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی، جارێکی دی "ڕەشبینی" لە ناو دڵ و دەروونی زۆربەی خەڵکی کورد چاندەوە.

* * *

ئەنفالەکان، سەرباری ئەم زیان و کاریگەرییانە،بوونەهۆی بێدایکوباوکبوونی بەشێکی منداڵانی کوردستان و بێوەژنبوونی کۆمەڵێکی زۆری ژنان. جگە لەمانەش بەهۆی بریندار بوون و تەقینەوەی ئەو مینانەی کە لە کوردستان چێندراون"٩" خەڵکێکی زۆر دەست، یان قاچیان پەڕیوە، یان کوێر بوون و بوونەتە پەککەوتە Handicapp. خەڵکێکی زۆریش تووشی نەخۆشی دیکەی وەکو نەخۆشی "لەش- دەروون"، واتا پسیکۆسۆماتیک هاتوون، بۆ نموونە زامی گەدەو نەخۆشی دڵ و...تاد.

## پەراوێزو سەرچاوەکان


1-Celadet Gelikev, Li kurdistanê û Rojhalata Navin, Gekên kimyayi- biolojiki û atomi, Capa yekem, 1992.L. 142

2-Khalid Salih, Anfal: The Kurdish Genocide in Iraq, Digest of middle east studics, Vol.4, No. 2 1995 pp. 24-39

٣- بیتەر و. گابریت، کوردستان لە سەردەمی سەدام حوسێن دا، ئازاد حەمە شەریف کردوویە بە کوردی، رابوون ژ. (9) ل ١١٦-

٤- ا. کاوە، الحملە علی بادینان و اوضاع اللاجئین، ١٩٩٠، ص ١١٦

5-Gerry Larsson, Psykiska reaktioner vid katastrofer och kriser, Andra upplag en 1989. S. 3

6-Jar- Ottosson, Psykiatri, 1995, S. 442

7-Journal of clinical psychology, sep. 1992, Vol.48, No. 5, P. 579

٨- لێکۆڵینەوەکە لەم ژمارەیەی (رابوون)دا بڵاوکراوەتەوە.

٩- بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی هەیە، لە کوردستاندا، ١٠-٢٠ ملیۆن مین"لوغم" نێژراوە و شاردراونەتەوە، بەردەوام هاووڵاتیان، بە تایبەتی لە ناوچە سنوورییەکانی پێنجوێن، قەڵادزێ، حاجی ئۆمەران، و .. دەبنە قوربانی ئەم مینانە.

# ئاسترید لیندگرین:
# من هەرگیز نابم بە نووسەر!

### ئامادەکردنی: ڕێواس ئەحمەد



هەفتانە چەندان نامەی لە گەورەو منداڵانەوە بە زمانی جیاجیا بە دەست دەگات. شەیدایانی پاڵەوانی چیرۆکەکانی تا دێت زیاتر دەبن. ئەو گەلانەی ئەیان ناسیوە هەوڵدەدەن بەرهەمەکانی وەرگێڕنە سەر زمانەکانیان و بە منداڵانی خۆیانی بناسێنن. تا ئێستا بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە بە ٦٤ زمان دەخوێندرێنەوە، هەروا چەند بەرهەمێکیشی بە هەردوو زاراوەی زمانی کوردی، لە سوێد چاپکراون.

ئەوەی زانراوە ئاسترید لیندگرین ٣٥ داستان و چیرۆکی بۆ منداڵان نووسیوە، کە هەندێکیان چەند بەش و بەرگێکن و سەرجەمی بەرهەمەکانی لە دووتوێی ١١٠ کتێب و نامیلکەدا چاپکراون، هەروا ١٣٤ کتێب و بابەتی تری ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ژیان و داهێنانەکانی بە سوێدی و زمانانی تر بلاوکراونەتەوە"١"

ئاخۆ هۆی چی بێت کە ئاسترید بۆتە خۆشەویسترین نووسەری منداڵان؟ با بزانین خۆی لەم بارەیەوە چی دەڵێت: (لەو باوەڕەدام کە سەردەمی منداڵییم زۆر بەختەوەر بووم و پڕ لە نازو خۆشەویستی بوو)"٢"

ئاسترید لە ساڵی ١٩٠٧دا لە شارۆچکەی Wimmer by لە Småland لە دایکبووە. ئەو سێ خوشک و برایەکی هەبووە. باوکی جوتیار بووەو ناوی سامۆێل ئاوگوست بووەو دایکی ناوی هانا یۆنسۆن بووە. یەکێک لە هۆیەکانی بەختەوەریی منداڵێتیی نووسەر خۆشەویستیی دایک و باوکی بووە. باوکی تەمەنی ١٣ ساڵان دەبێت کە بۆ یەکەمین جار هانا دەبینێت و، تا دوا ساتی تەمەنیان خۆشەویست و هاوسەری یەکتری دەبن.

ئاسترید هەموو ئەو نامە دڵدارییانەی دایک و باوکی بۆ یەکترییان نووسیوە خوێندۆتەوەو بەرهەمێکی تایبەتیشی سەبارەت بە پەیوەندی نێوانیان بەم ناونیشانە Samuel August från Svedstrop och Hanna i Hult نووسیوە.

ئەو چیرۆک و داستانانەی کە باوکی ئێواران بۆی دەگێڕانەوە شوێنەواریان تەواو بە بەرهەمەکانییەوە دیارن. باوکی ئاسترید هەرگیز لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانە ماندوو نەدەبوو. باسی منداڵیی خۆی بۆ دەکردن، ئەفسانەی هەمە چەشنەی لەسەر دێوو درنج و سیحر بۆ دەگێڕانەوە. ڕەنگە ئەمەش هۆیەک بێت بۆ مەودا فراوانی خەیاڵی نووسەرو فانتازیاکانی. تەنانەت نووسەر دەڵێت کە لەکاتی نووسینی Emil دا دەنگی باوکی لە گوێیدا دەزرنگایەوە.

ئاسترید تەمەنی حەوت ساڵان دەبێت دەچێتە قوتابخانە. ئەو قوتابییەکی زیرەک و بزێو دەبێت. منداڵانی پۆلەکەی زۆر حەزیان دەکرد یاری لەگەڵ بکەن، چونکە یاریی جۆراو جۆری دەزانی و لە داهێنانی گەمەی نوێدا بە توانابوو. ئانێ ماریا کچێکی هاوڕێی بوو باوکی بەڕێوەبەری بانک بوو، لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەگەریدا دەڵێت: ئاسترید زۆر حەزی لە هەڵبەزو دابەزو هەڵگژان بەسەر دارو دیواردا و حەزی لە وانەی وەرزش بوو، ئەو وەک مەیموون بەسەر دارو دیواردا سەردەکەوت.

١١-١٢ ساڵیدا دەینووسیێ لە قوتابخانە دەخوێندرانەوە. لە تەمەنی ١٣ ساڵان دابوو کە یەکێک لەو دارشتنانەی لە ڕۆژنامەی Vimmer by بە ناوی (ژیان لە باخچەکەماندا) بلاو کرایەوە، کە باسی یاری و تێکەڵاوی دوو کچ ئینگا، ماریا لەناو گوڵ و گوڵزارو درەختاندا دەکات. هاوڕێیانی قوتابخانەی زۆر جار بە لاقرتێوە باسی ئەو بەرهەمەیان دەکرد. لەو کاتانەدا بوو دووپاتی دەکردەوەو دەیووت: من هەرگیز نابم بە نووسەر.

ئاسترید نەیدەویست سەردەمی منداڵیی جێبهێڵێ و بچێتە قۆناغی مێرمنداڵی و جحێڵییەوە. کاتێکیش دەیزانی کە ئەم حەزەی پێچەوانەی ڕەوتی ژیانە پەژارە دایدەگرت. ئاسترید دەڵێ: هاوینی ئەو ساڵەم لەیادە کە بووم بە سیانزدە ساڵان، لە پڕێکدا بۆم دەرکەوت کە ئیتر من نابێ یاری بکەم، هەوڵم دەدا خۆم بگرم و بەسەر خۆمدا زاڵ بیم بەلام نەمدەتوانی، یەکجار ناخۆش بوو و خەمبار دەبووم"٣"

بەلام ئاکام ئەم کیژۆڵەیە دنیای ڕەنگاوڕەنگی منداڵی بەجێهێشت و تەمەنی مێرمنداڵیشی بە شێوەیەکی دراماتیکی کۆتایی هات. هێشتا تەمەنی هەژدە ساڵان بوو کە سکی پڕ بوو، لە نۆزدە ساڵاندا بوو بە دایکی کوڕێک بە ناوی Lasse.

ئەو سەردەمە، لە ساڵانی بیست و سییەکانی ئەم سەدەیەدا، لە سوێد شوورەیی بوو کە کچێکی شوونەکردوو منداڵی ببێت. ئاستریدیش نەیدەویست شوو بە باوکی منداڵەکەی بکات. هەر بۆیە باوک و دایکی ئاستریدیان دوور خستەوەو ناردیانە ستۆکهۆڵم. لەوێ خوێندنی تەواو کردو لە دایرەیەکدا کاری سکرتێری دەستکەوت. هەرچەندە لە ستۆکهۆڵمیش هەمان گیروگرفت یەخەی بەرنەدا. لە کاتی منداڵبوونیدا مافی ئەوەی نەبوو، کە وەک هەر دایکێکی تر، لە خەستەخانەدا منداڵی ببێت. بە یارمەتی ژنێکی پارێزەر، ئیڤا ئاندین، کە دیفاعی لەو دایکانە دەکرد کە مێردی ڕەسمییان نییە، چووە کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارک، لەوێ لە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەو دایکانەی بە ڕەسمی شوویان نەکردووە منداڵی بوو. ئەو کات باخچەی ساوایان نەبوو، بۆیە ناچار بوو دایەنێک بدۆزێتەوەو منداڵەکەی لەلا بەجێ بهێڵێت و خۆی بۆ ستۆکهۆڵم بگەڕێتەوە. ئاسترید لە تەمەنی ١٩-٢٣ ساڵیدا ژیانێکی سەخت و تەماوی بەسەردەبرد. هەر لە هەوڵی ئەوەدا بوو کار بکات و پارە پاشەکەوت بکات تا سەردانی منداڵەکەی بکات. لە ساڵی ١٩٢٣دا دایەنەکەی لاسێ مرد. ئاسترید ناچار دەبێت کوڕەکەی بهێنێتەوە لای خۆی و، هەردووکیان لە ژوورێکی بچکۆلانە لە ستۆکهۆڵم پێکەوە بژین. پاش ئەوەی ماوەیەک لە شارۆچکەکەیان دابڕابوو، گەردەلوولی سکپڕبوونەکەشی لە چاوان ونببوو، بۆیە توانی سەردانی ماڵی باوکی بکات و کوڕەکەی لای دایەگەورەو بابەگەورەی دابنێت.

لە بەهاری ساڵی ١٩٣١دا ئاستریدو Sture Lindgrin دەبنە ژن و مێردی ڕەسمی، ئیتر ئاسترید ئێریکسۆن بوو بە ئاسترید لیندگرین. پاش ماوەیەک کچێکی لە مێردەکەی دەبێت و ناوی دەنێن کارین.

ئاسترید منداڵی زۆر خۆشدەویست، بەلام نەیتوانی لە ئامێزی ئەو خۆشەویستییەدا لاسێ بەخێو بکات. ئەمەش کارێکی زۆری کردە سەر نووسەر، هەر بۆیە ئازارو شێوەی ژیانی ئەو منداڵانەی ئەو جۆرە تەنیاییە دەچێژن بە گەلێک لە بەرهەمەکانییەوە دیارن. بەلام لە ئەزموونی دایکایەتیدا، ئاسترید کاتێک منداڵی دووەمی دەبێت ئەم خەم و ئازارە، بە خۆشی و بەختیاری تەواو دەبێت و چەند ساڵێک لەماڵەوە لەگەڵیان دەمێنێتەوەو سەرقاڵی پەروەردەکردنیان دەبێت.

ئاسترید لەگەڵ کوڕو کچەکەیدا جارێکی تر منداڵ دەبێتەوەو یادگاری لە بیرنەچووی منداڵێتی دەبێتەوە بە واقیع، واقیعی سێ منداڵ. بەسەر داردا هەڵدەگەڕێت و لە باخچەدا لە گەڵیاندا یاری دەکات. ئاسترید دەگێڕێتەوە کە چۆن جارێک لەگەڵ منداڵەکانیدا بەفرەخلیسکانێی کردووەو تەنوورەکەی دڕاوە، لاسێ پێی پێکەنیوەو، لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ ماڵێ، لاسێ لەدوایەوە ڕۆیشتووە تا دڕاوی تەنوورەکەی بشارێتەوە.

ئاسترید تەنیا یاری لەگەڵ منداڵەکانیدا نەدەکرد، بەڵکو بەردەوام چیرۆک و حیکایەتی بۆ دەگێڕانەوە، باسی منداڵی خۆی و باسی خەڵکی سەردەمی کۆنی بۆدەکردن. ئەگەر هیچی بە بیردا نەهاتبێت ئەوا خۆی چیرۆکی داهێناوەو بۆی باسکردوون.

تا ئێرە ئاسترید ئافرەتی ماڵەوەبوو، دەستی بە نووسین نەکردبوو. بەڵام ئاخۆ چۆن و کەی دەستی بەنووسین کردو چووە خەڵوەتی داهێنانەوە؟

کارین کیژۆڵەیەکی زیرەک و خەیاڵێکی یەکجار فراوانی هەبوو. زۆر جار کە دایکی دەچووە ژوورەکەی دەیووت:

-ئۆی سەد مخابن کە تۆ ناتوانی بیبینیت!

-کێ؟

-کارلسۆن

-کارلسۆن کێیە؟

-ئەوە مامەیەکی قسەخۆشی چکۆلانەیە، هەموو کات لای منە، بەلام هەر کە تۆ دێیتە ژوورەوە لە پشتی ئەو تابلۆیانەدا خۆی دەشارێتەوە.

کارین تەمەنی حەوت ساڵان دەبێت کە نەخۆش دەکەوێت و ماوەیەک لەناو جێگادا دەمێنێتەوە. جارێکیان کە دایکی دەچێتە

ژووردوه بە دایکی دەڵێت:

-دەتوانیت حیکایەتێکم بۆ بکەیت؟

-سەبارەت بە چی؟

Pippi Långstrum پیپی گۆرەوی درێژ

دایکی ئەم ناوەی زۆر بەلاوە سەیر دەبێت، کە ڕەنگە لە چیرۆکی Pappa Lång ben (باوکی لاقدرێژ) وەریگرتبێت. بۆیە بیردەکاتەوەو چیرۆکێکی پڕ بەو ماناو ناونیشانەی لەلا دەمەبێت. بەم جۆرە دایکی دەست دەکات بە باسکردنی پیپی. بێ گومان نووسەر ئەوەی بە خەیاڵدا نەدەهات کە ئەم حیکایەت و چیرۆک گێرانەوەی دەبێتە ئەم چیرۆکە ناسراوەی کە ئەمڕۆ منداڵانی نەتەوە جیاجیاکان بە بیستنی، وەک کارینی کچی خەنی دەبن.

ڕێکەوتێکی سەیرتر.. سێ ساڵ دواترو، چوارده ڕۆژ پێش جەژنی ده ساڵەی لەدایکبوونی کارین، ئاسترید هەڵدەخلیسکێ و قاچی لەجێدەچێ و لەناو جێگادا دەکەوێت. بڕیاردەدات کە ئەم هەلە ناچارییە بقۆزێتەوە بۆ نووسینەوەی هەموو ئەو چیرۆکانەی کە لەسەر پیپی بۆ کارینی گێڕاوەتەوەو بیانکات بە دیاریی جەژنی لەداکبوونی. پاشان لەسەر داواکاری دۆستانی بەرهەمەکەی دەنێرێت بۆ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی Bonniers، بەڵام خاوەنی دەزگاکە بەرهەمەکەی بەدڵ نابێت و، دەستنووسەکەی بۆ دەگێڕێتەوە.

لە پایزی ١٩٤٤دا دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی Raben och sjogren پێشبڕکێیەک بۆ ئەو بەرهەمانە سازدەکات کە تایبەت بۆ کچانی تەمەن ١٠-١٥ ساڵان نووسراون. ئاسترید بە بەرهەمێکی تازەی بە ناوی

Britt Marie Lättar sitt hjärta لەو پێشبڕکێیەدا بەشداری دەکات و، خەڵاتی دووەم وەردەگرێت کە ١٢٠٠ کرۆن بووە. لە ساڵی ١٩٤٥دا هەمان چاپخانە پێشبڕکێیەک بۆ ئەو بەرهەمانە ڕێکدەخات، کە بۆ منداڵانی تەمەن ٦-١٠ ساڵان نووسراون. لەم پێشبڕکێیەدا چیرۆکی پیپی گۆرەوی درێژ بە یەکەم دەردەچێت و، ئاسترید ١٥٠٠ کرۆن خەڵات وەردەگرێت.

ئاسترید تەمەنی ٣٧ ساڵان دەبێت کە یەکەمین کتێبی چاپدەکرێت. پاشتریش چەندان بەرهەمی بەپێزی بۆ منداڵان نووسیوە لەوانە: کارلسۆنی سەربانەکە، برایانی شێردڵ، ئمیل (زنجیرە چیرۆکێکە)، لۆتتە (زنجیرە چیرۆکێکە)، مادیکێن، منداڵان لە بولەربی (زنجیرە چیرۆکێکە)، لەگەڵ چەندەها داستان و چیرۆکی تر.

بەڵام چیرۆکی پیپی گۆرەوی درێژ یەکێک بوو لەو بەرهەمانەی جیهانی منداڵ و ئەدەبی منداڵانی هەژاند. زۆر لە نووسەران و شارەزایانی بواری پەروەردەی منداڵ ڕەخنەیان لەم بەرهەمەی گرت و (پیپی)یان بە نموونەیەکی خراپ لە قەڵەم دەدا، گوایا منداڵان فێری کاری چەوت دەکات. بەڵام لەو کاتەدا کارو گفتوگۆ لە ئارادابوون بۆ گۆڕینی تیۆری پەروەردەیی منداڵ و، جەخت لەسەر ئەوە دەکرا کە منداڵ دەبێت ئازاد بێت و قالب و چوارچێوە بۆ بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی دانەنرێت.

چیرۆکی پیپی لە چەند بەش و کتێبێک پێکهاتووە. یەکەمین جار کتێبێک بووە بە ناوی (پیپی گۆرەوی درێژ)، کە لە ساڵی ١٩٤٥دا چاپکراوە. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا ئاسترید ١٤ چیرۆکی یەک لەدوای یەکی نووسیوە. لەو ماوە درێژەدا پیپی بە منداڵی دەمێنێتەوەو گەورە نابێت. تەنانەت ناوی یەکێک لە چیرۆکەکانی، کە لە ساڵی ١٩٧١دا بڵاوکراوەتەوە بەم جۆرەیە: (پیپی نایەوێت گەورە بێت). ئەم چیرۆکە ڕەخنەیەکی زۆری لێگیرا، لەبەر ئەوەی خواستێکی ئاسایی نییە کە منداڵێک نەیەوێت گەورەبێت.

پیپی کچێکە لە تەمەنی چوونە قوتابخانەدایە. پرچە سوورەکەی دوو پەلکی قیتی هەیە، کە ڕەپ بەلای ڕاست و چەپدا وەک دوو گوێچکە کەروێشک ڕاوەستاون. لوتێکی بچووک و دەمێکی پانی پێوەیە. دداني پێشەوەی (کەلبەکانی) سەرنجڕاکێشن. جووتێک گۆرەوی درێژی لە پێدایە، کە هەر تاکەیان ڕەنگێکە. پیپی بە تەنیا لە خانوویەکی گەورەدا دەژیت کە بە ڤیلە ڤیلکۆلە ناوی دەبات. بە قسەی پیپی باوکی لە دەریای باشووردا خەریکی کەشتیوانییە، دایکیی بۆ ئاسمان فڕیوەو خۆیشی بە تەنیا لەگەڵ مەیمونێک و ئەسپێکدا دەژیت. ئەو هەموو کارەکانی خۆی مەیسەر دەکات، زۆر بەهێزەو دەتوانێت ئەسپەکەی هەڵگرێت و بەرزی بکاتەوە. زۆر بە ئاسانی بەسەر دارو دیواردا سەردەکەوێت. مەلەوانێکی بەتواناییەو، خۆی بڕیاری هەموو شتێکی خۆی دەدات. کچێکی یەکجار دڵنەرم و چاکە، حەز بە یارمەتیدانی خەڵک دەکات، نایەوێت ئازاری کەس بدات. جانتایەکی پڕ لە کرۆنی ئالتوونی هەیە بۆ خەرجی خۆشی ژیانی.

ئاسترید کۆمێدیاو ڕیالیزمی تێکەڵ بە فانتازیای خۆی کردووەو کەسایەتییەکی وەک پیپی دروستکردووە، کە هەموو منداڵێک خەیاڵی بۆ دەچێت و خەونی پێوە دەبینێت. بەڵام ئەوان لەوە دەگەن کە ئەو کارە سەرچڵیانە تەنیا بە پیپی دەکرێت، کە هێزو توانایەکی سیحراوی هەیە.

ئازادی منداڵ یەکێکە لە لایەنە بنچینەییەکانی ئەم چیرۆکە. لەبەر ئەوەی هەردەم لە جیهانی منداڵدا گەورەکان خاوەن دەسەڵات و بڕیارن، بۆیە کەسایەتی و هەست و خواستی ئەو فەرامۆش دەکرێن، ئەمەش کارتێکردنێکی خراپ لە دەروون و تایبەتمەندی منداڵ و سایکۆلۆژیەتی منداڵدا بەجێدێڵێت. هەتا گەورە دەبێت ئەم گرێ و ئاڵۆزییە دەروونییانەش لە گەڵی گەورە دەبن و کاری خۆیان دەکەن، هەر بۆیە

که دەگەنە تەمەنی مێرمندالی و هەرزەکاری بە ڕیوشوێنی جیاجیا شتەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن و بەرپەرچی هەموو شتێکی کۆمەڵ و دایک و باوکیان دەدەنەوە.

ئاسترید پێی وایە کە هەموو کارێکی پەروەردەیی ڕاهێنانی منداڵ، بۆ پشت بەخۆبەستن و گەشەکردنی کەسایەتی دیدو بۆچوونیان، دەبێت بەبێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی گەورەساڵان بێت، ئەمەش بەلای ئەوەوە بەردی بناغەی کەسایەتی منداڵە.

## *هەندێ لایەنی ڕۆشنی بەرهەمەکانی نووسەر

نووسەر دەورووبەرو کاتی هەمە چەشن و بزوتنی بەردەوام لە چیرۆکەکانیدا بەکار دەهێنێت، بۆ نموونە کەڵکی لە هەر چوار وەرزەکەی ساڵ وەرگرتووە. لە بەشەکانی چیرۆکی (منداڵان لە بولیر بوی) وەرزی جیاوازی بەکارهێناوە. یاری منداڵان لە زستان و بەهارو هاوین و پاییزدا دەخاتە ڕوو. هەر وەرزێک لەم وەرزانە زیندوویەتی شێوەکاریی ژیانێکی هەمە ڕەنگ بە منداڵان دەبەخشێت. یاریکردن بە بەفر لە زستانداو جوانی دەریاچەو دارستان لە هاویندا و گەڵاڕێزانی پاییزو ڕەنگینی بەهار، ئەم جوانکارییانە، کە لەگەڵ هەستناسکی منداڵدا یەکدەگرنەوە، تام و چێژێکی تایبەت بە بەرهەمەکانی دەدەن.

-تەکنیکی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی سەرکەوتووانەو ئاسان و دڵڕاکێشن، لە خوێندنەوەیاندا مرۆڤ وەڕس و ماندوو نابێت. ئاسترید دەزانێت چیرۆک بۆ منداڵان دەنووسێت، لە تەمەنێکدا کە دەبێت یەکێکی دی بۆیان بخوێنێتەوە، بۆیە بە شێوەیەکی وا نووسیویەتی کە نەک تەنیا گوێگر بەڵکو خودی خوێنەریش تێکەڵ بە فەزای چیرۆکەکانی دەکات.

-ئاسترید زمانێکی پاراو بەکاردەهێنێت. هەر یەکێک لە پاڵەوانەکانی، لۆتە، پیپی، بیرتل، ئمیل، کارلسۆن... زمانی تایبەتیی خۆیان هەیە. کاتێک ئاسترید گفتوگۆی نێوان منداڵەکان دەنووسێت، زۆر جار، مرۆڤ وا هەست دەکات کە نووسەر خۆیەتی گەڕاوەتەوە سەردەمی منداڵی، یان تەواو دەقی گفتوگۆی نێوان منداڵە. ئەمە جگە لەوەی شیعری گۆرانی و ڕستەی کورت و سانای بەکار هێناوە.

-ئاسترید لندگرین گرنگییەکی زۆری بە پەیوەندی نێوان گەورەو منداڵ داوە، هەردەم هەوڵی داوە ئەم دوو جیهانە لێک نزیک بکاتەوەو پەیوەندییەکی ئینسانییانە لە نێوانیاندا دروست بکات. گەورە هەرگیز چەوسێنەری منداڵ نەبێت و قاڵبی بۆ دانەتاشێت. لە مەشدا دەیەوێت منداڵ ئازاد بێت و ئەوەی دەیەوێت بیکات (منداڵ و گەورە،هەردوولا، لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتردا پێویستییان بە دەستوورو فۆرمێک هەیە. منداڵیش، لە هەموو کەس زیاتر، دایک و باوکی بۆی دەبنە نموونە. بێ گومان منداڵ دەبێت ڕێزی دایک و باوکی بگرێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانیش دەبێ ڕێزی منداڵەکانیان بگرن و بە شێوەیەکی هەڵە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەواندا بەکار نەهێنن)"٤"

هەستی منداڵ زۆر قووڵ و ناسکە. گەورەساڵان دەبێت ئەو ڕاستییە باش دەرک بکەن و، بچووکترین هەڵە لە پەروەردەکردنی منداڵدا ئەو هەستە خەوشدار دەکات. هەروا هەوڵی داوە لە ڕووی هونەرییەوە چێژو زەوقی گەورەو منداڵ ئامێتەی یەکدی بکات. هەر بۆیە گەورەکان کاتێک چیرۆکەکانی بۆ منداڵان دەخوێننەوە ئەوەیان لە بیردەچێتەوە کە چیرۆک بۆ منداڵان دەخوێننەوە.

– حەزی منداڵ بۆ سروشت و جوانی و ئازادی بێ سنوورە. نووسەر ئەو ئازادییە خواستراوەی منداڵی تێکەڵ بە جوانی سروشت کردووە، هەر بۆیە دیالۆگ و قارەمان و کەسانی چیرۆکەکانی تامەزرۆو شەیدای سروشت و ئازادین. بۆ نموونە یوناتان لە چیرۆکی (برایانی شێردڵ)دا دەڵێت: "من حەزم لە گوڵە.. گیا.. درەخت.. دەشتایی.. دارستان و ئەو دەریاچە چکۆلانە.. کاتێک هەتاو هەڵدێت، هەتاو ئاوادەبێت، مانگ تریفەی دێت و ئەستێرە دەدرەوشێتەوە.. شتی زۆر لەمە زیاتر کە من ئێستا وەبیرم نایەنەوە".

لایەنێکی تری بەرهەمەکانی ئاسترید پەیوەندی نێوان ئاژەڵ و منداڵە. ئاژەڵ لە بەرهەمەکانیدا بوونەوەرێکی بێ زبان و دۆستی منداڵەو، بۆشاییەکی زۆر لە کات و ژیانی منداڵ پڕدەکاتەوە، بە تایبەتی ئەسپ، سەگ و مەیموون.

-نووسەر گرنگییەکی زۆری بە تەنیایی منداڵ و پەیوەندیی دایک و باوک و دەورووبەر بە منداڵەوە داوەو، لەو باوەڕەدایە کە دایک و باوک دەبێ کاتێکی باش و زۆر بۆ منداڵ تەرخان بکەن. لە چیرۆکەکانیدا نایەوێت منداڵ هەست بە تەنیایی بکات بۆیە سەرقاڵی ئەو کەسایەتییە خەیاڵییە دەبن کە خۆیان لە فەزای خەیاڵدا دروستی دەکەن، هەر وەک کەسایەتی کارلسۆن و تیلس..

ئاسترید هەوڵی داوە خۆشی و خەندە بە منداڵان ببەخشێت بۆیە وێنەو دیمەنی کۆمێدی لە بەرهەمەکانیدا بەکاردەهێنێت. کەم منداڵ هەیە کە کارلسۆن و برابچوک، یان پیپی و ئمیل دەبینن نەدەنە قاقای پێکەنین. لە بەرهەمی ئمیلدا ئەم لایەنە بە ئاشکرا دیارە، ئمیل کوڕێکی دڵنەرم و ئێسکسوکە، بەڵام هارەو بە بێ مەبەست پەندی زۆر دەدات. هەر کاتێکیش پەندێک بدات دایکی یەکسەر پەلکێشی ژوورێکی دەکات و دەرگای لەسەر دادەخات و، لەبەر چاوی باوکی دووری دەخاتەوە. هەر

جارێکیش کە لە ژوورەوەی دەپەستێون خۆی بە دارتاشینەوە خەریک دەکات و پەیکەری مرۆڤ لە تەختە دەتاشێت. لە شوێنێکی چیرۆکەکەدا دەڵێت کە ئمیل ۹۹ پەیکەری داتاشیوەو ئەم ژمارەیە هەر لە زیاد بووندایە.

خۆدی نووسەریش ئمیلی زۆر خۆشویستووە، بۆیە دەڵێت کە لە نووسینی دوابەشی ئەم چیرۆکە بۆتەوە زۆر گریاوە، چونکە ئیتر لە ئمیل جیا دەبێتەوە.

-ئاسترید لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا هەوڵی داوە کۆمەڵگا هوشیار بکاتەوەو زەبروزەنگ و لێدان دەرهەق بە منداڵ قەدەغە بکرێت. ئەم هەڵوێستەشی لە ئەزموونی قۆناغی منداڵی خۆی و لە قۆناغی قوتابخانەوە لەلا دروست بووە. بۆ نمونە کە لە قوتابخانە بووە قوتابییەکی هەژاری بینیوە کە پارە لە گیرفانی قوتابییەکی پۆلەکەی دەردەهێنێت و، دەڕوات نوقڵ و شیرینی پێدەکڕێت و بە سەر هاوڕێکانیدا دابەشی دەکات. مامۆستاکە کە بەمە دەزانێت بە بەرچاوی منداڵەکانەوە لە قوتابییەکە دەدات.

ئەم وێنەیە لە چیرۆکی (مدیکن)دا، لە کەسایەتی (میا)دا دووبارە دەبێتەوە. بەڵام لە کاتێکدا لە میا دەدەن دەنگی ئاسترید لەناو کەسایەتی (مدیکن)دا بەرز دەبێتەوەو هاوار دەکات:نەء.. نەء.. نەء!.

ئاسترید هەردەم جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە بەکارهێنانی هێزو لێدان و سنووردار کردن و لە قالبدانی جوڵانەوەی منداڵ کەسایەتی داهاتووی منداڵ دەشێوێنێ، چونکە شێوازی پەروەردەو مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا هێڵەکانی داهاتووی کەسایەتیی دیاریدەکەن. هەر بۆیە لە سەرەتادا خەڵکێکی زۆر لێی تێ نەگەیشتوون و، دژ بە بەرهەم و بۆچوونەکانی بوون، بە تایبەتی لە بەرهەمی پیپی. ئاسترید لە گفتوگۆیەکدا دەڵێت: هەرگیز زەبروزەنگ بەکار نەهێندرێت. ئاخۆ دەبێ هەڵەیەک لە پێکهاتنی مرۆڤدا هەبێت، چونکە ئێمە هەردەم هێز بەکار دەهێنین. ئایا ناتوانین پێش ئەوەی درەنگ بێت خۆمان بگۆڕین؟ هەر خۆی وەڵام دەداتەوەو پەنجە بۆ منداڵان ڕادەکێشێت و دەڵێت: دەبێت لەوانەوە دەست پێبکەین، بنچینەی ژیانی ئارام و ئاشتیخوازانە لای ئەوانە. ئەو منداڵەی ڕووبەڕووی هێز و سەرکوتکردنەوە دەبێت، وەک کەسایەتییەکی هێز بەکارهێنەر گەورە دەبێت، ئەو منداڵانەش کە بە خۆشەویستییەکی گەرم گۆشکراون دەبنە کەسایەتییەکی دڵ پڕ لە خۆشەویستی بەرامبەر بە دەورویەرەکەیان. هێز بارودۆخێکی ئاسایی نییە، شێوەی تر هەیە بۆ ژیان. ئێمە دەبێ لە ناو ماڵ و لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەوە فێری منداڵ بکەین و، دەبێ کاریان تێبکەین"٥"

-زۆر لە پاڵەوانی چیرۆکەکانی کچن. ئەمەش تایبەتمەندییەکی چیرۆکەکانی نووسەرە. پاڵەوانی چیرۆکەکانی ئاسترید هێزو هاندەرێک بوون بۆ کچانی خوێنەری و تواناو بڕوا بەخۆبوونی پێ بەخشیون.

بەرهەمەکانی ئاسترید جیهانێکی ڕەنگاوڕەنگە، ئەو جیهانەیە کە منداڵان تێیدا دەژین و هەڵسوکەوتی تێدا دەکەن، جیهانێک کە ئازادی بۆ منداڵ بڕەخسێنێت و مرۆڤایەتی بۆ منداڵ مسۆگەر بکات. ئاسترید دەڵێت: ئاسان نییە منداڵ بیت.. ئەوە گرانە.. زۆر گرانە.. منداڵبوون چ مانایەک لە خۆیدا هەڵدەگرێت.. مانای ئەوەی کە دەبێت بخەوی، هەڵبستیت، جلوبەرگ لەبەر بکەیت، نان بخۆیت، دانەکانت بشۆیت، لووتت بسڕیت، لەگەڵ گەورەکاندا بگونجێ نەک بەو جۆرەی لەگەڵ خۆتدا دەگونجێت.. من زۆر جار لە خۆم دەپرسم کە ئاخۆ چی ڕوویدات گەر بهاتایە بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت لەگەڵ گەورەکاندا بکرایە"٦"

ئاسترید تەمەنی ٤٤ ساڵان بوو کە هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردو پاش چەند ساڵێکیش لاسسێی کوڕی بە نە خۆشییەکی سەخت مرد. لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەی DN دا، کە لە ڕۆژی ١٨-٢-١٩٩٥ دا چاپکراوە، لێی دەپرسن: ئایا سەخت نەبووە لەناو ئەو هەموو خەمانەدا ئەو چیرۆکە خۆش و دڵخۆشکەرانەت نووسیوە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: نا.. نازانم، بەڵام ناتوانم شتێکی وام بێتەوە یاد کە ئەمە جیاوازییەکی گەورەی لە کاری ئەدەبیمدا دروست کردبێت.. لەو بڕوایەدا نیم.

ئاستری لیندگرین ئێستا تەمەنی ٨٨ ساڵەو چاوەکانی کز بوون و توانای نووسینی نەماوە. خۆی لەو باوەڕەدایە کە کاتی نووسین بەسەر چووە.

## سەرچاوەکان


1-De skriver för barn och ungdom. S.55-65

2- Läs om Astrid Lindgren
Kerstin Ljunggren. S. 12

٣- هەمان سەچاوەی پێشوو. لاپەرە (٥٠)

4- Astid Lindgren
Vildtoring och lägereld
Vivi Edström. S.25

5- Durdrottningen
En bok om Astrid Lindgren
S.97.

6- Århundradets Barn, Fenomenet Pippi Långstrump och dess förutsättningar, Uua Lundqvist. S.17

# هەوڵدانێک بۆ تێگەیشتن لە تەنهایی

م.حسێن ئەحمەد عومەر



تەنهایی باخچەیەکە
بەڵام بە تاقە درەختێک
ئەدۆنیس

تەنهام
بەڵام ناوەوەم هەڵسان و دانیشتنەوەی دەریایە
جستەم کەنارە زیر و قەڵێشاوەکانیەتی
گیانم لە خۆپێداداتی بەردەوامە
ئاە... کەنار و شەپۆل چەند تەنها و هاودەمی یەکن.

کە دەگەڕێمەوە ژووری
قەڵەم
کاغەز
مێز
پەرداخ
چرا
کورسی
پەردە
پەنجەرە
گوڵدان
تابلۆ




وێنەکەی تۆ
مافوورەکەی دیوار و شتەکانی دیکە
بە تەنهایی لە ناو تەنهایی پێشوازیم لێدەکەن
پێشوازیبان لێدەکەم
ئاە... من و شتەکان
شتەکان و شتەکان، چەندە هاودەمی یەکین.

کە دەچمە دەرەوە
قەڵەم
کاغەز
مێز
پەرداخ
چرا
کورسی
پەردە
پەنجەرە
گوڵدان
تابلۆ
وێنەکەی تۆ
مافوورەکەی دیوار و شتەکانی دیکە
من بە جێیان دەهێڵم یان ئەوان من بەجێدەهێڵن...؟
ئاە...من و تۆ
من و شتەکان
شتەکان و شتەکان
چەندە لە هەڵاتنی بەردەوامین.

تەنهام
خەریکە ئەندامەکانی جەستەم، لێک دەترازێن و هەریەکەیان سواری
گالیسکەیەکی گیان دەبن و ڕوو لە دارستانێک، ئۆقیانووسێک، بیابانێک



دەکەن، لەوێش دەبێ بۆ خۆ دۆزینەوە و وێکهاتنەوەیان ڕوو لە خواوەندی دارستان، ئۆقیانووس، بیابان بکەن و بگەڕێنەوە دەم ڕوحی بەجێماوی دیار و هاودەمی قەڵەم، کاغەز، مێز، پەرداخ، چرا، کورسی، پەردە، پەنجەرە، گوڵدان، تابلۆ، وێنەکەی تۆ، مافوورەکەی دیوارو شتەکانی دیکە، بەڵام دەگەڕێنەوە؟ من نازانم. تۆ دەزانی؟

ئاه... من و خۆم چەندە هاودەمین، چەندە لێک وێڵین
من و تۆ چەندە لە هەڵاتنی بەردەوامین.

خواوەندی عەشق و جووت بوون و هاودەمی شتەکان هاتە لام و ووتی: هەڵسە، ڕاپەڕە، کەلوپەلت کۆکەوە و بە دوای خۆت بگەڕێ، ئەندامەکانت بدۆزەوە، دەبێ فێربیت چۆن لێکیان قایم بکەیتەوە. ئاوارە بە، وڕێنە بکە، دەرگای دۆزەخ، هی بەهەشت بکەوە، بە دوای خۆت بگەڕێ، وێنەکە، شتەکان سەراوبن بکە، مافوورەکە، کورسی و مێزەکە وەرگێڕە، کاغەزەکان بدڕێنە، خۆشەویستیت بڕێنە، قەڵەمەکە بشکێنە، ئەگینا لە هاودەمی دەمری، دەمری تۆ لە هاودەمی.

کە بە گوێی خواوەندی عەشق و جووت بوون و هاودەمی شتەکانم نەکرد لەعنەتی لێکردم خواوەندی عەشق و جووت بوون و هاودەمی شتەکان، بە جێیهێشتم، بەیانیەک لە نێوان کەنارو خۆپێنادانی شەپۆڵەکان دۆزیمەوە خواوەندی عەشق و جووت بوون و هاودەمی شتەکان.

ئەی خواوەندی عەشق و جووت بوون و هاودەمی شتەکان وەرە ڕێنوێنیم بکە، من لە ناو جەستە و ڕوحی خۆم ئاوارەم ڕزگارم بکە، بە هانام وەرە: گالیسکەیەک، دارێک، ئامێرێک، شتێک، هاودەمێک، گەمییەک، پارچە ئیستقانێکی ڕوح هەڵگرتوو بکە هاودەمم بگەڕێنەوە ناو پەیوەندییەکان، نهێنیە شاراوەکان، بگەڕێنەوە ناو خۆم، ناو تۆ...

تۆ شەو بووی من ڕۆژ
ئاه...چەندە هاودەمی یەک بووین
چەندە لە هەڵاتنی بەردەوامین

کە سواری گالیسکەی نێوان لەش و ڕوح بووم، لە ناو دارستانەکان، بیابانەکان، دەشتە ئەفسووناویە زەرد و گەرم و پڕ لە پووش و پەڵاش و بە کۆمەڵە ئیسقان و گۆمیلە ئاوی مەنگی کەسک داپۆشراو دەگەڕام، خواوەندی عەشق و جووت بوون و هاودەمی شتەکان بۆم دەگریا، کە پێچکەی گالیسکەکەم شکا و ئەسپەکەم لیکاوی لە دەم ڕۆیشت، قاقا پێدەکەنی



خواوەندی عەشق و جووت بوون و هاودەمی شتەکان. کە ئەو پێدەکەنی من دەگریام، کە من دەگریام ئەو لە ناکاو بەسەرمدا دەتەقیەوە و هاواری دەکرد: تۆ قەت خۆت نادۆزیتەوە، نادۆزیتەوە خۆت ئەگەر نەگەیتە ئەو دەشتەی ئاسۆی ڕەشە و ئاسمانی سەرت زەرد و زەوی بن پێت سپی و خۆشت ڕەنگاوڕەنگ، ئەگەر نەگەیتە ئەو دەشتەی کە پڕە لە مارو دووپشکی سەوز و ئەژدیهای حەوت سەر کە لەسەر سەریانەوە ڕستەیەک قوماشی: زەرد، ڕەش، سپی، سوور، نارنجی، شین، سەوز و خۆڵەمێشی، هەڵواسراون و لە حەفتەمین چینی ئاسمان دابەزیون و بە شاپەڕی ئیبلیسی خواوەندی عەشق و جووت بوون و هاودەمی شتەکان دەشەکێنەوە، نەدۆزیتەوە خۆت نادۆزیتەوە. ئەبێ بە ناو بای مەرگ و هاتوچوونی شتەکان تێپەڕی، ئاوە سەوزە پیسەکەی گۆمە مەنگەکان بخۆیتەوە، بن پووش و پەڵاشەکان بگەڕێی و تەلیسمەکان هەڵبێنی، کۆمەڵە ئێسقانەکان هەڵدەیتەوە، لە خۆت بپشکنی ئەگینا خۆت نادۆزیتەوە. خەریکی چاککردنەوەی گالیسکەکە بووم ئەسپەکەم ئاو دەدا، خواوەندی عەشق و جووت بوون و هاودەمی شتەکان دیسان بە سەرمدا تەقیەوە، هاواری کرد: تۆ شێت بوویت، تۆ بۆ تێناگەیت؟ بڕۆ هەنگاو بنێ، لێگەڕێ با زەمەن لوولت بدا، با با بیبێتە سەربنت، لێگەڕێ با هەموو شتەکان سەراوبن بن، بڕووخێن، لە بنڕا دەربێن، لێگەڕێ با ئاوەکە بۆ خۆی ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە، درەختەکە بۆ خۆی بهەژێ، لێگەڕێ با ڕوحت لە بنڕا دەربێت، مێشکت بپژێ، دوکەڵ لە چاوت بەرز بێتەوە، بە خۆت پێبکەنی... من دوو دڵ بووم... هێشتا هاواری دەکردو زیاتر بە سەرما دەتەقیەوە خواوەندی عەشق و جووت بوون و هاودەمی شتەکان، ووتی: دەی بڕۆ، بۆ وەستاوی، بڕۆ ئەگینا ڕوحت لەشت جێدێڵێ، سەرت دەفڕێ، خۆت خۆت جێدێڵی و بە نهێنیە شاراوەکان ناگەیت..؟

ئەی خواوەندی عەشق و جووت بوون و هاودەمی شتەکان ڕێنوێنیم بکە من تێت ناگەم لە فەلسەفەی تۆ ناگەم، تۆ لە یەک کاتدا پێدەکەنی و دەگرێی، لێرە و لەوێی، لە هاودەمی هەڵاتندا دەژی، ڕەش و ڕووناکی من تێت ناگەم بە لەعنەت بێت من تێت ناگەم... ووتی کەواتە بگەڕێوە لای گالیسکەکەت، پێچکەکەی چاک بکەوە، ئەسپەکەت ئاوبدە، پاشەوپاش بە دەشتە ئەفسووناویەکە بگەڕێوە، بگەڕێوە ناو دارستان و بیابان و ژوورەکەت، ناو هاودەمی و شتەکان، هەژانی درەختەکە ڕاگرە، ئاوەکە



بگەڕێنەوە سەرچاوە، ڕێ لە بای مەرگ و رووخانەکان بگرە، زەمەن هەڵوەشێنەوە، سەرت بەوە شوێنی خۆی، بڕۆوە ناو خۆت و خۆت بزر بکەوە، بگەڕێوە ناو تەنهایی نێوان ئێرە و ئەوێ، دەرەوە و ناوەوە، جەستەی ئاوارە بووت بگەڕێنەوە کن گیانی بە جێماوی ژوورەکە، قەڵەمەکە چاک بکەوە، خۆشەویستییەکەت قیت بکەوە، کاغەزەکان ڕێک بێنەوە. کورسی، گوڵدان، مێز، وێنەکەی ئەو، مافوورەکەی دیوار و شتەکانی دیکە کە هەمیشە لە هاودەمی و هەڵاتنی بەردەوامن لەگەڵ تۆ، هەڵگێڕەوە....بەڵام ئەمجارەش، دەبێ ئەمجارەش بۆت بگریێم، پێبکەنم، لێت تووڕەبم، چونکە ئەمەش گەڕانێکە، هیچ شتێک وەکو جارانی لێ نایەتەوە، تازە گەڕانەوە و چوونە پێشەوەت، زەمەنێکی دیکە، خاکێکی دیکە، بایەکی دیکەی دەوێت... هەردووکمان بێدەنگ بووین...

گالیسکەکەم چاککردەوە، ئەسپەکەم ئاوردا بەڵام بە جێمهێشتن....بە دەم ڕۆیشتن سەرم بەرز کردەوە خواوەندی عەشق و جووت بوون و هاودەمیەکان هاتە سەر شانم، دوایی هاتە ناو سەرم، دەمارەکانم، لەوێوە پەرت بوو، ئێستاش هەر پەرت دەبێت... ئایا لە ناخەوە قووڵتر هەیە بۆی بچی؟ من نازانم. تۆ دەزانی؟ ئەگەر بزانی ئەوە خواوەندی عەشق و جووت بوون و هاودەمیەکان لە ناوەوەت دایە...

کە ئەو بزر بوو منیش گەڕامەوە نێوان هاودەمی و تەنهایی کەنار و دەریا، با و دارستان، گەرمایی و بیابان، زەردایی و دەشتەکان...

تەنهام
بەڵام ناوەوەم هەڵسانەوە و دانیشتنی تۆی تیایە
جەستەم کەناری زبر و قەڵێشاوی جەستەتە، گیانم
هەمیشە خۆی تیا بزر دەکات،
ئایە لە هاودەمی و تەنهایی ئەم دووە دەگەیت؟

کە گەڕامەوە ژوورەکە
لە وێنەکەی ئەو
ئەوی خواوەندی عەشق و جووت بوون و هاودەمی شتەکان



نە قەڵەم
نە کاغەز
نە مێز
نە پەرداخ
نە چرا
نە کورسی
نە پەردە
نە پەنجەرە
نە گوڵدان
نە تابلۆ
نە مافوورەکەی دیوارو شتەکانی دیکە
هیچیان نەمابوون
هەریەکەیان سواری گالیسکەی نێوان گیان و لەش ببوون و
ماڵئاواییان لە خۆیان کردبوو
ئاە...خاوەندی عەشق و جووت بوون و هاودەمیەکان
تۆ بۆ مایتەوە، تۆ بۆ نەڕۆیشتی؟

کە گەڕامەوە ژوورەکە
تەنها وشەی تەنهایی
لە دیوارەکان دەردەهات،
دەباری و هەڵدەقوولا
تەنها وشەی تەنهایی
لە ژوورەکە.

پاریس، بەهاری ١٩٩٥




هۆنراوە: ناسر حەفید

# هەوای ئازادی

هیچ نەماوە نەوترێت !
ئەوانەی نیشتیمانمان پێ سپاردون
جەردەو پیاوکوژن.
ئێمەش هەمرو ئەزانین مەرین،
ئەو هیوا زەردەش کە لە ڕومانا شەوق ئەداتەوە،
هەر ئەوەیە کە هیچ کەسێک
نازانێت کەی
بۆ سەربڕین ئەبرێت.
چی ئەڵێین بڵێین
وشە نرخی نەماوە.
زۆردارەکان لەناو خەڵکێکی مردوودا بێ خەم ئەنون.

جاران گومانیان لە سێبەری لەشم بو
ئەیان وت نەبا خۆی بێت.
دوو یاساوڵ چاویان ئەبڕییە کاغەزەکای باخەڵم
ئەترسان ئاگرێک بخاتەوە.
لە نێوانی دەمێک و گوێچکەیەکدا گوێچکەیەک،
لەسەرو هەر چاوێکەوە چوتێک چاویان، حەشار ئەدا.
ئەترسان پوشە بابردووەکان
کۆتەرەیەک لە خۆیان دروست کەن.
ئەوسا مردوەکانیش زیندوو بوون.

چی ئەڵێین بیڵێین
ئەی گۆڕستانە لەخەم ڕخسیوەکە !
ئەم زۆنگاوە بە هیچ ئاگرێک هەڵنایێت،




وشە داگیرساوەکان
تەنها چزەو دوکەڵی کوژانەوەمان پێ ئەبەخشن،
ئێ دی وەکو بەردی ناو گۆم
بێ سەروشوێن، وەک خاوەنیان سەرئەنێنەوە.
ئەو کاتەی ڕۆشتووەکان لە یاد ئەچن
زیندووەکانیش مردوون، سەربەستێ چی ئەڵێن.
ئێوەی کۆیلە تەنها لە مردندا بە ئازادی ئەگەن.

سامی گۆڕەکان ترسی زیندووەکانە
کاتێک زیندووەکان بون بە مردووی سەرزەوی،
ئێسکەکانیش کران بە سەرینی پەڕ.

مۆمێک بۆ قوربانیەکان داگیرسێنن
با سێبەری هەناسەو دەنگی دڵتان بیربێتەوە.
هەر تەنها خۆت
دەستت ئەگاتە سەری خۆت
تا ئەتوانیت ڕای وەشێنە
دنیا لەوە تاریکتر نابێت؛
گۆشت و ئێسقان لە یەکتریی جیا نەکرێنەوە،
پولەکەی چاو نەبینرێت.

ئێوە بۆیە بە هیچ نابن
تا ئێستاش وا ئەزانن
نیشتیمان شتێکەو مەمکی ژنەکانیشتان شتێکی تر،
داهاتوتان شتێکەو منالانیشتان شتێکی تر.

٩٥/٩/٩

# لافاو

١

من ئەوەم کە ئەیکەم
بەڵام هێشتا دەستم لەدەست خۆما نیە،
ئەگەر توانیم ئازادیان کەم
دارێک لە جێی گوللە تۆپێک،
چنگێک گەنم،
لە کۆشی ڕاکردووەکانا ئەڕوێنم.
شەکرێکیش
ئەخەمە ناو دەمە تاڵە وشکەکەوە.

لەوەتەی سەگ بەدەم بەردی ماڵەوە ئەقروسکێنێت
تەمەن هەر تەمەنی رقەو
پاڵەوانیش هەر هی کوشتن.
لولەی تفەنگ ڕۆحی خاکی خستە لەرزین
شارێک هێندە مارشاڵ بگرێت
پێکەنینێک لە باخەڵی کام دڵەوە سەر دەربێنێت؟.
جێ بۆ گوڵێک لە کوێ بێنێت!
خاکی پچوک.
لولەی تفەنگ هەر نیشتیمان،
هەر دەستگیران،
هەر باڵندەو ئایندەتی هەڵ ئەپرۆکان
لولەی تفەنگ.

٢

ئامانج ئەوەیە بەرەوڕوی ئەچیت
بەڵام هێشتا
من زەویەکەی ژێرم ئەڕوات،
کەی لەقوڵفی شوێنێک گیرا،
لە کەنارێک گیرسایەوە،
ئەوسا منیش باوەڕ ئەکەم
لەگەڵ ئەو دارەی کە ئەیڕووێنم
لە یەک دائەبڕێین،
ئەمەش خەونم بە هیواوە.

٩٥/٢/١٦



# پرسیاره بێ وەڵامەکان




## بۆ باوکم

رەفیق سابیر

کلوە بەفرەکان بەسەر ئێوارەدا دەبارێن
کلوە بەفرەکان بەسەر جەستە ڕووتەکەتدا دەبارێن و
دوا ساتەکانی تەمەنت دادەپۆشن.
من بە پەنجەی منداڵانەم تابلۆی جەستەت
لەسەر بەفر دەکێشم
ئەو جەستەیەی درزێکی خستۆتە ئێوارە
ئەو جەستەیەی وەک خەتێکی زیوین
بە بریقەوە دیارە.

کلوە بەفرەکان بەپرتاو دەبارێن: بەسەر تەنیاییتدا
بەسەر فرمێسکەکانی دایکمدا
بەسەر منداڵییمدا
بەسەر ئەو خەڵکە تۆقیوەدا کە لە حەوشەکەمان
ئاپۆرەیان داوە
بەسەر خەمناکترین ئێوارەدا دەبارێن و
دەبارێن
نە ئێوارە لە پەیڤەکانم دەگات
نە ئەو درەختە تەنیایەی ژوورسەرت کە بەفرە گەڵای گرتووە.
من لە کۆڵانی بەیاندا رامدەکرد

لەناکاو بەسەر تەرمەکەتدا کەوتم،
بەسەر چارەنووسدا کەوتم.
ئێستا لەژێر ئەم فەزایە لێڵەدا
من ڕەنگی تەرمم لێنیشتووە
گومڕایێکم
داهاتووی خۆم ونکردووە.
لەژێر ئەم فەزایە لێڵەدا
دەڵێی دوو دیلین... دوو کۆیلەین ڕێکەوت پێکمان ئامۆدەکات
چارەنووسیش، لە دووڕیانێکی نەبەدییدا،
بەرەو دوو ونبوونمان دەبات.




تۆ زوو هاتیت، بەسەر جیهانێکدا کەوتیت لە نێوان ڕاستی و ئەفسانەدا بوو. ڕێگایەکان بە شەوێکیان دەسپاردیت کە مانگ و ئەستێرەکانی خۆی دەڕەتاند. منداڵێک بوویت لە
منداڵییت بێزار. لە کۆڕەوو شەوە قەترانییەکاندا منداڵییت دەگۆڕییەوە بە جامێک شیرو لەتێک نان، لاوێتیشت لە بازاڕەکانی بێکاریدا، لە مەیدانەکانی شەڕو سەنگەرەکانی هەرەسدا بەجێدەهێشت.
گەشتێکی چەند بێ مانا بوو. بە نێو تاریکی و تەپوتۆزی ڕۆژگاردا ڕاتدەکردو سەگە برسی و لەڕەکان هاوەڵت بوون، سەگەکان دوای تۆ دەکەوتن، تۆیش خۆت بە غەیب و تەنیایی دەسپارد. ڕاتدەکردو ڕێگایەکان هەڵیان دەگرتیت، مێژوویێک بەرۆکی دەگرتیت لە خۆڵەمێش تەڵختر بوو.
زوو هاتیت وتەمەنت دیرۆکێک بوو: خەون و حەسرەت و ئەڤین دەیاننووسییەوە..
تابلۆیێک بوو: جەنگ و ستەم دەیانسڕییەوە.

کلوە بەفرەکان بە پرتاو دەبارێن
تۆیش لەبەر سەرمای ئێوارەدا وەک خاچێکی کەوتوو،
یان وەک ساوایێکی ڕووت بێ باکانە ڕاکشاویت
بێ باک لە چارەنووس
بێ باک لە زەمەن
بێ باک لە ئایندەی من
بێ باک لە دزەنیگای دۆست و دوژمن
ئێستا ڕووتیت و کلوە بەفرەکان جەستەت
وەک کێلگەی پەمۆ سپی دەکەن
وەک کفنێکی دڕاو دادەپۆشن.

گەشتێکی چەند ناوەخت بوو. کاتێک هاتیت بەسەرتێنوێتیدا کەوتیت..
بەسەر وڵاتێکدا کەوتیت کە بە زەبری دوعاو دەروێشی و ستەم ڕاگیرابوو، وڵاتێک لە سێبەری منارەدا سەربڕابوو.
ڕۆژەکانت چاوەڕوانی و ڕێکەوت زەوتیان دەکرد، شەوەکانیشت ترس و بێداری.
کاتێک هاتیت: تینوێتی وەرزی پێنجەم بوو، تینوێتی فەزای سەردەم بوو.
تۆ لە شەوە زوقمگرەکاندا بە گوناهـ خۆت گەرم دەکردەوە، لە ناو خۆڵبارانڕا بە ئەڤین تینوێتی خۆت دەشکاند، وڵاتیش بە خوێن و ئەفیونی ئایین و ئایدیۆلۆژیا.
گەشتێکی چەند خورافی بوو. تینوێتی نسێی تەمەن بوو..
تینوێتی سیمای زەمەن بوو.

زوو هاتیت و، ژیان ڕۆتینێکی ڕووت بوو. ژیان گەشتێک بوو بە ناو ڕێکەوتدا، سەفەرێک بوو بەرەو مەحاڵ.

تەنیابوویت و لە شەوە قەترانییەکاندا تەنیایی خۆت دەدواند. تەنیایی فەزای ئازادی بوو. تەنیایی چرای شەوانەو هاوڕێی سەفەرە دوورەکانت بوو. تەنیابوویت وبەرەو مەحاڵ ڕاتدەکرد. ڕێگایەکان دەلیلێکی ناپاک بوون، بێ باکانە لە هەرێمەکانی سەرابدا ونیان دەکردیت. ڕۆژە شەکەتەکانت لە کۆڵانەکانی غوربەت و تەنیاییدا دەناشتن و، تەنیاییت بە سەر شتەکاندا دەبەشییەوە..

ئایندەشت لەسەر جەستەی منداڵانەت دەنووسیەوە.



ئاشقێکە وێڵ، بە زەمەن نامۆ
حیکایەتێکە پڕ خەم و نسکۆ
مەودا دوورەکان بە ڕۆح هەڵدەگرێت
خۆی دەداتە دەست ڕازی ڕێکەوت و خەونی سەرەڕۆ

ئاشقێکە وێڵ، بە مێگەل نامۆ
ئایندەی فەزای غەیب و غوربەتە،
ڕابردووی گڵکۆ.
شەونم و گزنگ بۆ بەیان دێنێت
لە تەنیاییدا
چاوی دەبڕێتە ئێوارەو ئاسۆ.

کلوە بەفرەکان بە پڕتاو بەسەر جەستەتدا دەبارێن
تۆیش لەژێر گومبەزی ئێوارەدا ڕاکشاویت
تەنیار خەمناک، ڕووت و بێ باک ڕاکشاویت و
زوقمی ئێوارە تەزووڕێژت دەکات
کلوە بەفرەکانیش وەک کفنێکی دڕاو جەستەت دادەپۆشن.
ئێستا ڕووتیت لە بەرامبەر چارەنووسدا
ڕووتیت وەک ئەو ساتە پڕ (وەجد)انەی لە چرکەێکی لەزەتدا
زەمەنت چڕدەکردەوە
لە تاریکی شەوە زوقماوییەکاندا
ئایندەی خۆت بە ئەڤین،
بە بیرچوونەوە دەسپاردو
لە ناو گوناهەکانتدا دادەگیرسایت.
کڵپەی نێو سۆپایەکە دامرکایەوەو ژوورەکە بۆوە بەستەڵەک.
خوایە ئەم شەوە چۆن بەسەر دەچێت؟

مەگەر دیالۆگی جەستە زوقمی ئەم شەوە بڕەتێنێت؟
بەبێ گوناهی لەزەت چۆن تەمەن ڕەتدەبێت؟
چۆن ئەم ڕۆحە ورووژاوە ئارام دەبێتەوە؟
کڵپەی نێو سۆیایەکە دامرکایەوەو شەوەکە بۆوە بەستەڵەک
تۆ لە گەرمەی دیالۆگی جەستەدا
لە ساتێکی ورووژانی گیاندا
زللەیەکت دا لە زەمەن و
شتێکت تووڕدایە نێو بۆشاییەوە
شوێنەوارێکت جێهێشت لە نێو زەمەن و
لەسەر جەستەی شەوە قەترانییەکە.
ئەمە ڕێکەوتە، یان چارەنووس؟
ئێستا من بە ئاگری گوناهێک دەسووتێم
گوناهی من نییە
باجی لەزەتێک دەدەم
کە تۆ ساردترین شەوانی زستان و
هەرێمەکانی ڕۆحت پێ گەرم دەکردەوە.
ئەمە ڕێکەوتە، یان چارەنووس؟
ئێستا من ئەستێرەیەکم
مەداری خۆم ونکردووە
برینێکم
تاریکایی سارێژم دەکات
خەتاکارێکم
ڕەنگی گوناه و شەوم گرتووە




کلوە بەفرەکان بە پڕتاو دەبارێن: بەسەر جەستە سڕەکەتدا
کە بستێک لە تاتەشۆرەکە درێژترە
بەسەر پرسیاری منداڵانەمدا
بەسەر ئەو ئاوە شلەتێنەدا کە مردووشۆرەکە دەبەنگانە لەسەر جەستەت
ڕۆیدەکات
بەسەر درێژترین ئێوارەدا دەبارێن و
دەبارێن
تۆ چۆن بەرگەی ئەم بەستەڵەک و تەنیاییە دەگریت؟
چۆن لەگەڵ ئەم تاریکییە ئەبەدییەدا هەڵدەکەیت؟
ئێستا تەمەن پردی نێوان دوو بۆشاییە
تەمەن وڵاتی حەسرەت و
گومبەزی تەنیاییە.
من لە ئێوارە ڕادەمێنم
دەڕوانم و نابینم

نابینم و دەڕوانم
کوان ئەو ڕۆژانەی لەبەر باراندا دادەگیرسایت و بەرامبەری
خۆرئاوابوون لەدایک دەبوویتەوە؟
کوا ئەو ئامێزەی شەوانە دەیکردیتەوە بەمنداڵ و
لەناو جۆلانەی تریفەدا ڕایدەژاندیت؟
ئەو ئەڤینە چی بەسەرهات کە خەونە مەحاڵەکانی
وەک مەلۆتکە دەخستە سەر ڕانەکانت؟
لەکوێن ساتەکانی داگیرسانی جەستەو
وروژانی گیان؟
لە کوێن لەزەتە نەمرەکان کە درێژترین شەویان
لە چرکەیێکدا چڕدەکردەوە؟
لەکوێن ڕەوە گوناهەکان و
تەزووە ئەبەدییەکان؟
لەکوێن... لەکوێن؟..
بۆ هیچیان ترسی سەر ڕوخسارت ناسڕنەوە؟
بۆ هیچیان "سکاڵایێک لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵت ناکەن" و
جەستەی تەزیوت گەرم ناکەنەوە؟.

کلوە بەفرەکان بێ باکانە دەبارێن
من خەونەکانی منداڵیم لەناو بەفردا کۆدەکەمەوە
دەمەوێت تابلۆی ڕوخساری نوورانیت
لەسەر بولێتل بکێشم
دەمەوێت بە پرسیار جەستەت گەرم بکەمەوە
دەمەوێت بە گومان ڕۆحە شپرزەکەت بشۆم و
لە بالای ئێوارەی بگرم.

چ ژیرییەک بوو هێندە زوو هاتین . ڕێگایەکان دەلیلێکی گەمژە بوون و ونیان کردین. منداڵیمان لە ناوەختدا بەجێی هێشتین، منداڵیمان لە ناو شەپووری شەڕو لە هەورازەکانی حەسرەتدا پەرەوازە بوو. لاوییەتیشمان بەر نەفرەتی ئایین و ئایدیۆلۆژیا کەوت.
ئێمە بە نامۆیی لەدایک بووین: نامۆبووین بە خۆمان.. بە سەردەمی مێگەل.. بە مێژوو.. بە هەقیقەتە دووڕووەکان. ئێمە نامۆیانە گەورە بووین! تەمەنێکی چەند دۆڕاو بوو! ئازادیان گومڕای دەکردین،
ئازادیان بەرەو دیلییتی دەبردین. ئێمە بۆ ئەزمونگا کیمیاییەکان دادەبەستراین. یەکەمین کوژراوی شەڕەکان ئێمە بووین. دەکوژراین و سەرلە نوێ بۆ شەڕو بەزین و جوانەمەرگبوون لەدایک دەبووینەوە.
گەشتێکی چەند بێ مانا بوو. تەمەنمان:
مانگێک بوو تریفەکانی خۆی ناشتبوو.

زوو هاتین و بەسەر چارەنووسدا کەوتین. وڵات خورافیترین هەقیقەت بوو، ئەمامێکی شکاوەی تینوو بوو لەڕووی گەردەلوولی بیاباندا..
وڵات مۆمێکی کوژاوە بوو لە تاریکستانی ئاییندا.
هاتین و بەسەر وێرانەدا کەوتین:
وێرانەی زەمەن.. وێرانەی مێژوو.. وێرانەی تەمەن .. وێرانەی جەستە و ڕۆح.. وێرانەی ڕەوشت.. وێرانەی ئەڤین و وێرانەی وێرانە...
پرسیمان ئەی ئێمە لەگەڵ کێ زەماوەند بکەین؟..
پرسیمان چۆن لە نێو ئەم وێرانەیەدا منداڵییمان بدۆزینەوە؟
پرسیمان چۆن بتوانین ئەم ئاسۆ خۆڵاوییە ڕابگرین؟
پرسیمان ئەمە چ خوێنێکی بەلەسەیە، کە تەنیا بە خوێن تینوێتیی دەشکێت؟
پرسیمان ئەگەر مردن تاکە یەقین بێت، ئەگەر خۆکوشتن دواپەردەی ئەم

کۆمیدیایە بێت ئەی ئێمە لەپاڵ کام کەلاوەی کەلاوەدا بمرین؟!
پرسیمان و پرسیمان...
گەشتێکی چەند بێ مانابوو! پرسیمان و تەنیاتر بووین..
پرسیمان و نامۆتر بووین.
بابە گیان! ئەمە ئاسۆ بوو،
یان تاتەشۆر؟
ئەمە وڵات بوو پێت بەخشیم،
یان گۆڕ؟!



ئێمە زوو هاتین بەسەر ئاژاوەدا کەوتین.. بەسەر ونبووندا کەوتین. ژیان گەشتێک بوو بە نێو ستەم و حەسرەت و ڕێکەوتدا، ئەڤینیش تاوان و مەحاڵ.
تەنیابوون و ڕاستی ونەڤین ئامانجمان بوون.. تەنیایی چرای شەوان و هاوڕێی سەفەرەکانمان بوو، تەنیایی فەزای ئازادیمان بوو.
ئەمە ڕێکەوتە، یان چارەنووس؟ئێستایش تەنیاین.. ئێمە دوو دیل، یان دوو کۆیلەی تەنیاین و، ناڕەوایانەحوکمدراوین: تۆ حوکمدراویت بە مردن، منیش بە ژیان. دوو تەنیای حوکمدراوین و دووریانێکی بەفراوی کۆمان دەکاتەوە.. زەمەن وەک دەرکەتەلی سنوورەکان لێکمان دادەبڕێت.. زەمەن سنوورێکی ئەبەدی بە نێوان جەستەو گیاندا دەکێشێت.

هەردووکمان تەنیاین وەکو دوو گڵکۆ
هەردوکمان شەیداین، بەزەمەن نامۆ
ئاینده فەزای غەیب و غوربەتە،
ڕابردوو گڵکۆ.
ئێمە مەوداکان بە ڕۆح دەپێوین
چاومان دەبڕینە ئێوارەو ئاسۆ.

دوو بەرزەفڕین بە خۆیشمان نامۆ!

کلوە بەفرەکان شەکەتانە دەبارێن: بەسەر درێژترین شەودا
بەسەر فرمێسکەکانی دایکمدا
بەسەر منداڵیمدا
بەسەر پرسیارە بێ وەڵامەکانمدا دەبارێن و
دەبارێن
لەنێوان کلوە بەفرەکانەوە ئاسۆ شێوەی تاتەشۆر دەگرێت
تەمەنیش گومڕایانە
بۆ ئایندەی خۆی دەگەڕێت.
ئەوە بۆ ئامێز لەم کێلە شکاوە دەدەیت؟
بۆ سەر بەم گۆڕە تەپیوە دەکەیت؟
ئەمە گۆڕە، یان شوێنەواری نەوەیەکی ونبوو؟

ئەمە تاتەشۆرە، یان سیمای عومرێکی بایردوو؟

کلوە بەفرەکان شەکەتانە دەبارێن
من منداڵیم بە بەفر دەسپێرم
تابلۆی جەستەیەک دەکێشم کە تاریکایی دەشلەقێنێت
جەستەیێک کەدرزێکی خستۆتە ئاسۆ.
دەخوازم ژیان بکەمە تۆپەڵەبەفرێک و
فڕێیدەمە نێو بۆشاییەوە
دەخوازم جەستەت بکەمە پرسیارێکی ئەبەدی و
ڕۆحت لە گومان هەڵکێشم
دەخوازم بە جەستەی منداڵانەم
پێش بە زەمەن بگرم
دەخوازم بەکوڵ بگریم..
بگریم.. بگریم..
تۆیش بێ باکانە لەژێر کلوە بەفرەکاندا ڕاکشاویت
دڵنیی مەلۆتکەیەکی نووستوویت و
شەو ڕایدەژێنێت
ڕاکشاویت بێ باک لە خودا
بێ باک لە زەمەن
بێ باک لە خەمە ڕەشپۆشەکانی دایکم و
لە ئایندەی من.

کلوە بەفرەکان بێ باکانە دەبارێن و دەبارێن
منیش گومڕاێکم
ئایندەی خۆم ونکردووە
چڵە گیایکم
لە سەر تاوێرێکی نوستوو ڕواوم
خەتاکارێکم
ڕەنگی گوناه و شەوم گرتووە.
نە شەو لە پەیڤینم دەگات
نە ئەو درەختە تەنیایەی زۆورسەرت کە بەفرەگەڵای گرتووە
نە جەستەت مانایەک دەدات بە بوون
نە پرسیارە بێ وەڵامەکانی من.



## گفتوگۆ له نێوان
## پۆل ریکۆر و فیلیپ فراید

# شیعر و توانایی

وەرگێر: شەماڵ (س . کاوه)

**فیلیپ فراید: تا ئێره، یەکێ لەو خاڵانەی باسەکەی ئێمە ئەوە بوو کە دەکرێ بگوترێ شیعر تا رادەیەک له وڵاته یەکگرتووەکاندا بە ناوەکی و دەروونی کراوە. دەمەویست سەبارەت بە کارتێکردنی شیعر و فەلسەفە لەیەکتر پرسیارتان لێبکەم، ئێستاش دەمەوێ شتێکتان لێ بپرسم کە گریمانەی زۆری لەسەر هەیە.**

**بە رای ئێوە فەلسەفە و شیعر لەگەڵ یەکتر، بۆ یەکتر و له دژی یەکتر چ دەکەن؟**

پۆل ریکۆر: یەکەم خاڵ کە دەمەوێ دەستنیشانی بکەم ئەمەیە: شیعر ئاقار و پانتایی زمان دەپارێزێ، چونکو له فەرهەنگی ئێمرۆی ئێمەدا گرنگترین مەترسی، چەشنە داشکاندنێکی reduce زمانە بو سەر پێوەندی له نزمترین ئاستیدا، یان گۆڕینی ئەمە بە ئامرازی چاوەدێرییەکی کارزانانە بەسەر شتەکان و مرۆڤەکاندا. کە زمانێک ببێتە ئامراز، ئیتر بەرەوپێشەوە ناروات. ئەم بەئامرازیبوونەی زمان، مەترسیدارترین مەیلی رۆژگاری ئێمەیە. ئێمە تەنیا نموونەیەکی زمانیی دەدۆزینەوە، ئەویش زمانی زانست و تەکنەلۆژییە.

ئێمرۆ بەشێ له فەلسەفە، تەنیا خەریکی ئەم شێوەیە زمانەیە: یەکێ لە بەرپرسیارێتییەکانی فەلسەفەی زمان ئەمە دەبێت، یان دەبێ ببێت: پارێزگاری له بەکارهێنانی جۆرەکانی زمان و جیاوازیی میانەی ئەم زمانە هەمەچەشنانە، کە ئاقاریان له زمانی زانستی تا زمانی سیاسی و پراکتیک، زمانی رۆژانە و رەنگە بگوترێ تا زمانی شاعیرانە لەبەر یەک دەکێشرێتەوە. زمانی رۆژانەش لەلایەک له نیوەرێی شاعیری و له لایەکی دیکەشەوە زمانی زانستییەوە هەڵکەوتووە.

**ف.ف: زمانی رۆژانه تا رادەیەک پارێزەری ...، نەرێ، نەگەریش نە لە زمانێکی یەکسان... دەکرێ بڵێین [زمانی رۆژانە] زمانی شیعر و زانست بەمایەتر دەکات.**

**پ.ریکۆر:** ئەرێ ئەرێ. ئاخر هەموو شێوەیەکی زمان لە ئەنجامدا بەستراوەتە بە کەسێتیی زمانە سروشتییەکانەوە. من باسی زمانی سروشتی لەبەراتبەر زمانە دەستکردەکاتدا دەکەم کە بۆ کەلک لێوەرگرتنی کەمپیۆتەر و سیبێرنێتیک سازکراون، واتە ئەو زمانانەی کە بە مانایەک، فەرهەنگین و توێژێکی تایبەت کەلکیان لێوەردەگرن و نمونەی لەم چەشنەیە.

بەلام یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی زمان هەر ئەم هەمەلایەنێتیەتی، ئەم راستییە کە بۆ وشەیەک پتر لە یەک واتا هەیە، کەوایە پێوەندی یەک بە یەک لە نێوان وشە و واتادا نییە و ئەمەش سەرچاوەی کاڵ فامییە، بەلام لە هەمان کاتدا نیشانەی مایەداری زمانیشە، چونکو دەکرێ یاری بە پانتایی واتایی هەموو وشەیەک بکردرێ.

دەکرێ بڵێین لە زمانی زانستیدا مەیلێک هەیە کە تا ئەو جێگایەی مەیسەر بێت لەم چەند واتاییە کەم بکاتەوە و لە هەمەدەنگییەوە (polyphon)بکاتە تاکەدەنگی: هەموو وشەیەک یەک واتای هەبێ و بەس. بەلام ئەرکی شیعر ئەوەیە کە وشەگەل زۆرترین واتا بدۆزنەوە، نەک کەمترین واتا. ئێمە نابێ لەم لایەنی هەمەدەنگییە رابکەین، بەلکو دەبێ بیخەملێنین، دەلالەت و هێزی زیاتر بکەین و لەم رێگەیەوە هەموو توانستە واتاییەکانی بدەینەوە.

**ف.ف: داخوا لە فەرهەنگی ئێستاکانەدا، هەر ئەم ئەرکە کەسایەتییەکی یاخیگەر و قالبشکێن نابەخشێتە شاعیر؟**

**پ. ریکۆر:** مسۆگەر، بەم واتایە کە داشکانی زمان بۆ کارایی، کارکردگەریی، سوودهێنەرییەکی تەواو، بەرگرییەکی توندی بەدواوە دەبێت، ئاوا بە پێی گوتەیەک کە رەنگە هی نیتشە بێت، شیعر مەترسیدارە. شیعر بۆ ئەم داشکانگەرییە مەترسیدارە کە دەسەلاتی بەسەر زمان و زمانی ئاسایی رۆژانەدا هەیە. کە لێرە داشکاندن بەسەر وشەگەلێکی بەربەست لەئازادایە و نەبوونی... دەبێ بڵێین نەبوونی تەجەلی(تجلی aura)، تەبوونی جادووی شاعیرانەی وشەگەلە.

بەمجۆرە، داشکانی زمان بە کارکردەکانی، بە مانایەک لەتەک زمانی رۆژانەدا دەست پێدەکات، بەلام لە زمانی زانستییەوە دەگاتە بەرزترین ئاستی خۆی. کەوایە، لە وەلامی پرسیاری ئێوەدا دەبێ بێژم شاعیری بەناچار ،راپەرینێکە لە دژی ئەم چەشنە کەلک وەرگرتنە لە زمان کە لەهەمان حالدا خراپ کەلک وەرگرتنێکیشە لە توانستەکانی زمان.

**ف.ف: داخوا پێتان وایە خەلک هەر بە هۆی ئەم کەسایەتییە یاخیگەرەیە کە لە شیعر دەترسێن و لە بەرانبەریدا رادەوەستن؟**

**پ.ریکۆر:** بەلێ. ئەوان بە هۆی جیاواز [راست و هەلە] بەرگری لە بەرانبەر شیعردا دەکەن. هۆیە خراپەکەی، چونکو شیعر ناناسن. شیعر زمان لە خزمەتی زماندایە و... هەلبەت شیعری مۆدێرن فرە دژوار بووە، بەم هۆیە کە دەبێ لە دژی ئەم تێکشکاندنەی زمان بجەنگێ، هەربۆیە ناچار بووە کە بە چەشنێکی قووڵ بە ناخی زماندا رووبچێ... تا گیانێکی نوێ ببەخشێتە زمان.

لەم رووییەوە شیعری مۆدێرن دەبایە دژوار بووایە، چونکو لە زۆربەی حالەتەکاندا دەبوایە نەحوێکی syntax نوێ بخولقێنێ، تەنانەت هەندێ جار وشەی درووست کردبایە، وشەکان بگەرێنێتەوە بۆ واتا رەچەلەکناسانەکەیان، یان چەشنە رەچەلەکێکی خەیالی بۆ خولقاندبایە.

ئەمانەش هەمووی بەکەلکی فیلەسۆف دەهات، دەبێ بڵێین بەکاری بەشێکی فەلسەفە، ئەو بەشەی کە تەنیا دیسکۆرسێک نییە دەربارەی زمانی زانستی، بەلکو

سەبارەت بە توانستەکانی کاملی زمانە کاتێ بە دەربڕینی ڕێژەی مرۆڤ لەتەک دنیا، مرۆڤ لەتەک خۆیدا و لەتەک مرۆڤێکی دیکەدا خەریک دەبێ... بەهەمە حال، فیلەسۆفیش پێویستی بە وشەگەلە.

حەزدەکەم چەند گوتەیەک لە هایدگێر Heidegger و هوسێرل Husserl بەبیر بێنمەوە کە لێرە گرفتاری کەمیی وشەگەلین.

شاعیریش ئەو کەسەیە وشەگەل کۆ دەکاتەوە و تەنانەت واتاکانیان بەرفرە دەکاتەوە، بەم واتایە فەیلەسوف پشت بەو توانامەندییەی شیعر دەبەستێ تا توانستی واتایی زمانی ئێمە زەنگینتر، زیاتر و باشتر بکات.

**ف.ف: بەلام ئێوە باسی ئەمەتان کرد کە ڕەنگە خەڵک لە بەرگری خۆیاندا ڕەوا بن.**

پ.ریکۆر: دەڵێم بۆ، چونکو خوێندنەوە چەشنە تاپۆیەکە لە نێوان نووسەر و خوێنەردا، کاتێ توانای بەستنی تاپۆیەکی نوێ نەبێ... لە ئەنجامدا وشەگەل، نەحو و سیستەمی ئەندێشە ئەوەندە لەبەردەستی خوێنەر دوور دەبنەوە کە خوێنەر بە ناهومێدی بەجێ دەمێنێت.

ئەمە بەسەهوچوون و خراپ لێک تێگەیشتنێکی مەزنە کە هەر دوو لایەن (نووسەر و خوێنەر) لە بەرانبەریدا بەرپرسیارن .

**ف.ف: ئەمە هەر وەک ئێوەش ئامازەتان پێکرد، بارێکی ناهومێدکارە بۆ هەر دوو لایەن، چونکو شاعیر لە شەڕی خۆی لەگەڵ ئەم زمانە نایەکسانەدا، ناچار بەردەوام لە ڕووی زمانەوە بەرەو شوێنێکی قووڵتر بڕوات. خوێنەریش، هاوکات، بەردەوام ناهومێدتر دەبێت.**

پ.ریکۆر: چونکو توانستی زیادکردنی زمان لە کیس دەدات و زمانەکەی دەتوێتەوە و چی پێ نامێنێ، دەکرێ بێژین بچووک دەبێتەوە و ئیتر ناتوانێ زمانەکە شان بە شانی زمانی شاعیر شلک بکات و بگۆڕێت. هەر وەک دوو مرۆڤ کە دەستیان بەرەو یەکتر درێژ دەکەن، بەلام دەستیان ناگاتە یەکتری.

**ف.ف: ئایا ئێمە گەیشتووینەتە جێگایەک کە ئیتر ئەم دوو کەسایەتییە واتە نووسەر و خوێنەر بەتایبەت شاعیر و جەماوەرەکەی، لەیەک جیابووبینەوە؟ بەرای ئێوە چ شتێ دەتوانێ ببێتە هۆی گەڕانەوەی ئەمانە بەرەو یەکتری؟ بەتایبەت ئێوە گوتووتانە شیعر لە زەنگینی و هەمەجۆریتی زمان وەک گشتێک، پێداویستییەکی تەواوی هەیە.**

پ.ریکۆر: لەوانەیە لە ناخی شیعردا جۆرێک لە شەڕ، هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی دەربڕینێکی دروست هەبێ. ڕەنگە ئەمەش بە نرخی گرانی ئەوەی ئەزموونی مرۆڤە و لەتەک ژیانی ئاسایی ڕۆژانەدا، شاراوە مابێتەوە. بەلام چەشنە ئەزموونێکیش هەیە کە شاراوە دەمێنێتەوە و ئەرکی شاعیرە کە بەختێکی تازە بداتە بەم ئەزموونانەی کە لەگەڵ زمانی کردەوەیی و زمانی بەرژەوەندکاردا شاردراونەتەوە.

بەلام مەیلێکی تریش لەشیعردا هەیە کە تاقیکردنەوە لە یاد دەکا و زمان بە سەودای خودی زمان دەوڵەمەند دەکا. بەهەمەحال، شیعر لە نێوان ئەم دوو نیازانەدا گرفتارە. لەلایەک خولقاندنەوەی دەربڕینی ئەو تاقیکردنەوانە کە بە چەشنێکی قووڵ شاراوەن و ئەمانە تاقیکردنەوەی ئینسانین، تاقیکردنەوە هاوبەشەکان لە قولایی ژیانی مرۆڤدا، وەک ژیان و مەرگ، تاوان و ئەڤین و هتد وایە.

بەلام لە لایەکی دیکەوە، لە حالێکدا شیعر لە دابرانی نێوان زمان و شتەکانەوە دەست پێدەکا، زمان دەبێتە ئۆبژێکتیی خۆی، object من ئەم جەنگە بەمجۆرە دەبینم کە یان تاقیکردنەوە لەکیس چووەکان بژێنێتەوە، یان تواناداری

زمان هەلکێشێ کە هیچ چەشنە پێوەندییەکی بە تاقیکردنەوەیەکی تایبەتەوە نییە، بەلکو لەسەرچاوە تێککێشراوەکانی خۆیەوە، لە پێوەندی نێوان شێواز و دەنگ دەست پێدەکا. ئەمەش بە تایبەت لەم چەشنە شیعرانەدا دەبینم کە تەنانەت ناکرێ بگوترێن، ئەوان تەنیا دەبێ بخوێندرێنەوە، چونکو وشەکان لە رووپەری کاغەزدا (لە ئۆبژە دیتنییەکاندا) بلاو بوونەتەوە.

**ف.ف: وەک شیعرە کۆنکرێتەکان** Concrete poetry

**پ. ریکۆر:** ئەرێ، وەک شیعرە قالبرێژکراوەکان. لێرە ئەرکی خوێنەر فرە گرانە، چونکو ئەو نە تەنیا دەبێ لە دژی کورتبینی خۆی بجەنگێ ،بەلکو دەبێ دژی ئەو باوەڕە داندراوەیەش تێبکۆشێ کە پێیوایە زمان دەبێ شتێک دەرببڕێ کە لە کیس چووە، شتێک کە لە نێوان شاعیر و خوێنەردا هاوبەشە.

**ف.ف:من پێموایە ئەو شتانەی ئێوە نووسیوتانە و هەروەها ئەم شتانەی لێرە باستان کرد، هەندێ خالی گرنگ سەبارەت بەم بابەتە دێننە ئاراوە. لام وانیە هیچ یەک لەم دوو ڕێڕەوەی ئێوە باستان لێکرد، یەکیان ڕەوا بێت و ئەویتریان ناڕەوا، بەڵکو وای بۆ دەچم کە لە هەر زەمانێکی تایبەتدا ڕەنگە نیاز بەمە هەبێت کە یەکیان زیاتر لەویتریان زەق بکرێتەوە و من پێموایە لە شیعردا...**

**پ.ریکۆر:** زۆر زیاتر لەوەی بلێین یەکیان ڕەوا و ئەویتریان ناڕەوایە، دەبێ بێژین کە ئەم دووجۆرێتییە درووستکەری شیعرە. لەلایەکەوە، دەربڕینی توێژاڵە فەرامۆشکراوەکانی تاقیکردنەوەیە و لەلایەکیترەوە ڕزگارکردنی زمانە لە ڕێژەیەک کە لەتەک شتەکان و واقیعدا هەیەتی. لەم راگوزارەشەوە کەلێنی نێوان زانست و شتەکان زیاد دەکا.
بەلێ ئەمەیە دۆخی دوودمەی شیعر.

**ف.ف: کە دەکرێ دیالکتیکێکی ناچار بێت.**

**پ. ریکۆر:** بۆ نموونە لە شیعری رومانتیکی سەدەی نۆزدەیەمدا سەرەتاخەرییەک (اولویت) بۆ دەربڕینی هەستەکان هەبوو، هەلبەت نە هەستە ئاساییەکان، بەلکو چەشنێکی تایبەت لە هەستە ناسکەکان کە تەنیا لە خولقاندنەوەی زمان وەک شیعر دەردەبڕدرێن.
بەلام دواتر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، بەتایبەت دوای مالارمێ، چەشنە ئەزمونێک لە زمان و گوێ پێنەدانێکی تەواو بە تاقیکردنەوە سەری هەلدا. زمان بووە ئامانجی زمان، مسۆگەر بەرپرسیتی شاعیر وا پێناسە کرا کە زمان لە وابەستیەکانی بە شتەکان و واقیع رزگار بکا. بەلام ئەو شتەی شیعری ساخ و سوودمەند راگرت، بە بڕوای من دیالکتیکی نێوان کارکردی دەربڕینیdiction و ئەزموونی زمان بوو کە مابۆوە.

**ف.ف: ئایا لەم شوێنگە ئایبەتە نییە کە فەلسەفە دەستدرێژی دەکاتە سەر شیعر و ڕەنگە بگوترێ ئازاری پێدەگەیەنێ؟**
**هەموو هێزی بنەماگەری لێرە نایەتە بەرچاو، بەلام ئامادەییان هەستی پێدەکرێت. واشی بۆ دەچم کە ئەوە کار دەکاتە سەر هەلسەنگاندنی نووسەران لە خۆیان. ئەوان بەرەو بەرجەستەکردنەوەی لایەنێکی تایبەت لەم دیالێکتیکە دەبات کە ئێوە باستان کرد: چۆنێتی ئاگەرانەوەیی (کیفیت ارجاعی) ئەدەب یان چۆنییەتی بۆ خود . گەڕانەوەیی ئەدەب لەباسی سەبارەت بە بنەوان** referent **و گەڕانەوە(ارجاع).**

**پ.ریکۆر:** بەلێ بەلێ، ئەوان گرفتاری ئەم مەسەلەیە دەکا. کە ڕەخنەگران -من لێرە باسی ڕەخنەگران دەکەم نەک تەنها شاعیران، بەلام ئەم خالە شاعیرانیش دەگرێتەوە و ئێوە پرسیارم لێدەکەن کە ئەمە لەمەڕ شاعیرانیشەوە راستە یان نا- بەهەمە حال، کاتێ ڕەخنەگران دەلێن کە لە شیعردا، زمان گەڕانەوەیی نییە. ڕەنگە لە سۆنگەی ئەمە بێت کە لە

مێشکیاندا وێنەیەکی دروستیان لە لایەنی گەڕانەوەیی نییە، کە چییە و دەتوانێت چ بێت. مەبەستیان لە لایەنی گەڕانەوەیی، گەڕانەوە بۆ شتەکان لە ژیان و لە ئەندیشەی زانستی دایە.

بەم جۆرە، تەنیا ئەو پێشداوەرییە بەهێز دەبێت کە رابگەیەنن واقیع شتێک نییە جگە لەم شتەی کە بکرێ دەستی تێوەردرێت. بەلام ئەگەر ئێمە پێمان وابێ کە روویەکی دیکە لە واقیع هەیە کە تەنیا شیعر دەتوانێ رێی تێببا و دەری ببڕێ، ئینجا دڵەفرتێی گەڕانەوە[ڕێسای داندراو] هێندە ناخایانێ و پێویست دەبێ کە سەرەتا پێوەند لەگەڵ شتەکانی رۆژانە و ئاسایی لەدەست بدەین تا لە سایەی ئەم رزگارییەی زمان، جارێکی دیکە زمان بەرەو شێوەگەلی قووڵتر لە تاقیکردنەوە بگەڕێنێتەوە.

**ف.ف: ئەمە شتێکە کە ئێوە لە باسی حیکایەتبێژانی مایۆرکایی گوتووتانە. باستان کردووە کە ئەوان لە کورتە رێسایەک کەڵک وەردەگرن: ئەو حیکایەتەیtale دەیگێڕمەوە راستە و راست نییە. ئەو شێوە تایبەتەی کە شیعر و ئەدەب گەڕاندنەوە بۆ واقیع بە بێدەنگی رادەگرن، بەم واتایە نییە کە گەڕانەوە بوونی نییە.**

پ.ریکۆر: بەڵێ ئێوە هەقتانە لێرە باسی حیکایەتبێژیی بێنییە پێش. من نازانم داخوا ئێوە لەگەڵمدا هاوبیرن یان نا، بەلام مەیلی من ئەوەیە کە شیعر تەنها لە ئاستی کێش و شێوەی هاوسەنگەکانی زمان و تەنانەت لە ئاستی مانای بەرفرەوانی چیرۆکی کێشداردا نەناسم، بەڵکو دان بەوە دابنێم کە چیرۆکی داستانیش هەر شیعرە، بەم واتایە کە بیرۆکەی داستانێک narration کۆرپەی خەیالگیری خولقێنەرێکە کە دنیای خۆی دادەرێژێ. چیرۆکەکانیش لە ئەدەبی کێشدار، لە شیعر کەمتر نین. [چیرۆکگەلیش کەمتر لە ئەدەبی پەخشانی شیعر نییە]
بەلام من نازانم کە ئێوە لە گۆڤاری خۆتاندا وشەی شیعر (poetry) بە چ واتایەک بەکار دێنن، ئایا تەنها بەمانای...

**ف.ف: پەیڤی ئاهەنگ ئامێز** (verse)

پ.ریکۆر: پەیڤی ئاهەنگ ئامێز.

**ف.ف: ئەرێ، ژمارەیەک لە شاعیرانی هاوچەرخ ئیتر هەستیان کردووە کە ماکی داستان لە شیعری دە بیست ساڵی رابردوودا نەماوە، من دەزانم کە زۆربەی شاعیران هەوڵ دەدەن تا ماکی داستانی لە شیعری هاوچەرخدا بژێننەوە. شیعری ئەڤینداری پەتی، بۆتە هۆی ماندوو بوون.**
**بەلام بۆ خودی من ئەو زاراوەیەی ئێوە لە باس سەبارەت بە داستان ئاماژەتان پێکرد، فرە سەرنج راکێشە. زاراوەی دنیا، کە لە شوێنەوارەکانتاندا گرنگییەکی زۆری هەیە. ئەمە کە هەر شوێنەوارێکی هونەری یەک دنیا دادەرێژێت: ئەمە رێگایەکە کە ئێوە لە راکردن لە چەمکی رۆمانتیکی پێوەندی راستەوخۆی میانزەینی هەڵتانبژاردووە. دەڵێن شوێنەوارێکی هونەری، شیعرێک، بیرۆکەی دنیایەک دادەرێژێت، بەلام مەبەستتان لە دنیا و جیهان، واتایکی گیتی ناسانە نییە، بەڵکو مەبەستتان واتایەکی بوونناسانەیەontology.**

پ.ریکۆر: بەڵێ مەبەستم ئەمەیە... من وشەی دنیا بە هەر دوو مانای باو و فرەتووندی وشە بەکاردێنم، بەنمونە ئێمە لە زمای فەرەنسیدا کە دەڵێین منداڵێک لەدایک بووە، دەڵێن: «Il vient au monde»ئەو هاتۆتە دنیا.
کە باسی دنیای یۆنانی یان باسی جیهانی رۆمی(لاتین) دەکەین، مەبەستمان ئاسۆیەکی توانایییە کە دەورانپشت بۆ مرۆڤانێ درووست دەکا... شوێنێ کە لەویدا نیشتەجێین و دەژین. من ئەو چەمکەم فرە خۆش دەوێ کە هایدگەر درووستی کردووە، لەو جێیە کە ئەو سێ وشە بەیەکەوە دەلکێنێ: نیشتەجێ بوون، خانوو دروستکردن و تێهزرین، بەمجۆرە ئێمە دانیشتووی ئەم جیهانەین، رێژەی

دانیشتوویی، هاوتا و ئاوزەیی خۆی لە واتای دنیادا دەبینێتەوە. دنیا شوێنگەی ئێمەیە.توانستی نیشتەجێ بوون و گۆرینەوەی تاقیکردنەوەکانە.

لە چەمکی جیهانیشدا، چەمکی ئاسۆ ئامادەیی هەیە، واتە شتێک چونکو بەرەولای دەچین، دوور دەبێتەوە و بۆیە هەمیشە توانایی کۆتایی نەهاتووی هەیە. لە هەموو تاقیکردنەوەیەکدا زانەیەک[1] هەیە، بەڵام شتێکی دیکەش، تەنها وەک توانستێ بوونی هەیە و تەواوی تاقیکردنەوەکانی ئێمە ئەو شتە پێکدێنن کە دنیای پێ دەڵێین.

**ف.ف: کەوایە چۆنێتیەکی هەوەسهێنەرانە لە شوێنەوارە هونەرییەکاندا هەیە، بەم واتایە بیرۆکەیەک بۆ جیهان دادەڕێژێ کە ئاسۆکانی هەرگیز پێناسە نەکراون... ئایا مەبەستان ئەمەیە؟**

پ.ریکۆر: بەڵێ مەخسەدم وابوو، رەنگە ئەو فیلەسۆفە ئاڵمانیە ئەم خاڵەی لەمن باشتر دەربڕیبێ، لەو شوێنەی کە دەڵێ ئێمە هەوڵ نادەین تەنها ئەم شتە دەرک بکەین کە لە شیعردایە، بەڵکو دەمانەوێ ئەو جیهانەش بناسین کە شیعر وابەستەیەتی، یان بیرۆکەی ئەو دادەڕێژێت و ئەو باسی نوختەی تێکەڵبوونی ئاسۆکان دەکا.

**ف.ف: ئێوە باسی گادامێر[2] دەکەن.**

پ.ریکۆر: بەڵێ مەبەستم گادامیرە، ئەو دەڵێ لە سنووری تاقیکردنەوەی ئێمەدایە کە دوو ئاسۆ دەتوانن ئامێتەی یەکتر ببن.

**ف.ف: ئاسۆکانی نووسەر و خوێنەر.**

پ.ریکۆر: بەڵێ، ئێمە هەم جیهانمان لەگەڵدایە و هەمیش لەمدا دامەزراوین و بەمجۆرە تەنیا لە ئاستی ئەم جیهانەدایە کە توانای داپۆشینی ئەم پێکدێ، رەنگە باشترە بڵێم کە تێکبوونەوەی سنوورە کۆتاییەکانی دوو جیهان مەیسەر دەبێت.

**ف.ف: داخوا ئەم تێکبوونەوەی ئاسۆکان گرفتێ درووست ناکا؟ با نموونەیەک بێنمەوە، بۆ وێنەSS یکی هیتلەری شەیدای شیعری ریلکەیە، بەم واتایە ئەو دێتە ناو ئەم جیهانە و تێیدا نیشتەجێ دەبێ و وەک چەشنە یارییەک ئەم جیهانە بەتاقی دەکاتەوە بەڵام لە ئاستانەی شوێنەوارە هونەرییەکەدا، یارییەکە کۆتایی پێدێ.**

**بە بڕوای من لەم نێوەدا گرفتێ هەیە، هەر لە سەرەتاوە نیازپاکی (نیاز intention) مسۆگەر گریمانە کراوە، بەڵام ئێوە ئاماژەیەکتان بەم تایبەتمەندییە نەکردووە.**

پ.ریکۆر: نییەت پاکی لە لایەن چ کەسێکەوە؟

**ف.ف: [لە لایەن] خوێنەرەوە، بە وتەیەکی دیکە لەو شوێنەی کە ئەو درێژە بەم یارییە دەدا... ئەم یارییە رەنگبێ لەم شوێنە کۆتایی پێ بێ کە لە شوێنەوارە ئەدەبییەکە جیا دەبێیەوە و ئیتر کار ناکاتە سەر ئێوە. ئەمە خۆی مەسەلەیەکی گرنگە کە چۆن دنیای شوێنەواری هونەری کار دەکاتە سەر دنیای ئێمە.**

پ. ریکۆر: کار دەکاتە سەر توانایی ئێمە لە دیتنی ئەم شتانەی لە ژیانی رۆژانەدا نەمانبینیون. پرۆست لە زەمانی لە کیسچوودا دەڵێ خوێنەر، کە کتێبێک دەخوێنێتەوە، خوێنەری خۆیەتی، بەم چەشنە من لەگەڵ شوێنەوارێکی هونەریدا فێر دەبم کە لە زاراوەکانی شوێنەوارێکی هونەریدا، خۆم بخوێنمەوە.

ئەمە بەندە بە تاپۆیەک لە گەڵ خۆمدا، کە بەم پێیە من ئیتر

«من» Ego نیم، «من»ێکی کۆتاییهاتوو نیم. من "من"ێکی ناتەواوم و بۆیەش ئەم شتەی "خود"ی پێدەبێژم، خودی من لە راستیدا قوتابی و ئەنجامی هەموو شوێنەوارە ئەدەبی و فەرهەنگیەکانە کە خوێندوومنەتەوە، حەزم لێکردوون و دەرکم کردوون. بۆیەش چەشنە پاشکەوت کردنێکە، خەزێنەیەکە Treasure لە هەموو ئەم ئەزموونانە.

بەر لە خوێندنەوە هیچ «من»ێکی خۆکرد بوونی نییە. کردەی خوێندنەوە، «من»ێکی نوێ دەخولقێنێ. لام وایە لە شوێنێ گوتوومە: کاتێ دەخوێنمەوە، شیاوێتی «من» بوون لەتەک توانای ناسینی ئەوەی کە ئەم «من»ە کێیە، دەگۆڕمەوە.

**ف.ف: پێموایە لە پەیامنامەی ،تەرخانکردن،دا بوو کە ...**

پ.ریکۆر: بەڵێ، ئەوسا من لە کردی خوێندنەوەدا «خود» دەبینمەوە.

**ف.ف: من وای بۆدەچم کە ئەم چەمکانەی ئێوە لە خوێندنەوە و بەرلە هەموو شتێکیش لە شیعردا باسیان لێدەکەن، پێوەندییەکی نزیکی لەتەک بروا ئایینیەکانی ئێوەدا هەیە. ئێوە باسی هێزی پەردەهەڵگرین دەقێک لە بەرهەڵدانی توانایەک دەکەن، داخوا ئەمە پێوەندییەکی نزیکی نییە لەتەک چەمکێ کە ئێوە لە قیامەتناسی و هیوا بەم شتەی کە دێ، لە مێشکتاندا هەیە؟**

پ.ریکۆر: لە پێوەندی لەگەڵ ئەم شتەی سەرەتا باستان لێکرد، واتە ئەمە کە [رای من دەربارەی شیعر] لە حوکمی فرەواندنی زمانی ئایینی دایە، دەشێ بەنۆرەی خۆم بڵێم زمانی ئایینی بە چەشنە زمانێکی شاعیرانە دەزانم. بۆیەش پێم وانیە کە شتێکم لەدەرەوەی ئاقاری ئایین هەڵێنجابێ، بەڵکو لەم شتەی کە لە ئاییندا شاعیرانەیە، ئەنجامگەلێکی زۆرم وەرگرتووە، واتە توانای خولقاندنی ڕێگایەکی نوێ لە ژیاندا و کردنەوەی چاوەکان بەرەو لایەنی نوێ لە واقیع و توانایەتی نوێ.

ئێوە پێیدەڵێن ئاخرەتناسی (تێلیۆلۆژیteleology)، رەنگە بەم واتایە کە ئاسۆی دنیایەکی دیکەیە، بەڵێنی ژیانێکی نوێیە. بەڵام رەنگە خاڵەکە هەر لەم میانەیەی زمانی شعر و زمانی باودا بزانرێ. شیعر توانستگەلێ دەکاتەوە، بەتایبەت کە زمان بۆ سەر کردەیی خۆی و بۆ کارکردی ئێستاکێی خۆی و لەم روویەشەوە بە کەلک وەرگرتنە ئێمرۆکانی دادەبەزێنێ.

**ف.ف: ئایا پێتان وایە پێویستییەک بە جودایزکاری لە نێوان شیعر و دوعادا Kerygma هەیە؟ دەزانم ئێوە ریلکە ستایش دەکەن...**

پ.ریکۆر: بەڵێ هەڵبەت...

**ف.ف: زۆریشی ستایش دەکەن. داخوا دەتوانن لە نێوان شیعری شاعیرانێکی مەزنی وەک ریلکە لەتەک دوعادا جیاوازییەک دابنێن؟ ئاخر زۆر جاران کە ئێوە بە هەوایەکی هایدگێری باسی وشەگەلێکی وەک لێبووردن دەکەن، قسەکانتان لایەنێکی بەهێزی ئایینی وەردەگرێ.**

پ. ریکۆر: نەرێ، بەڵام ئەمە بە واتایەک دوورە لە پێداویستیی درکاندنێکی ئایینی. دەبێ بێژم ئەم شتەی کە جیاوازی دەخاتە نێوان دوعا و شیعر ئەمەیە کە شیعر ڕێگەگەلێک بەرەو خەیاڵ دەکاتەوە تا کار بکا، ڕێگەگەلی تێڕامان، دیتنی دنیا بە گوێرەی ڕێساکانی یاری. بەم واتایە کە من لە شیعردا بەیماندار نیم. ئەوەندە بەسە من لێگەڕێم خەیاڵم سەربەست بێت.

ئەزموونی ئایینی بە هەر شێوەیەک بێت، لە هەر شێوەیەکی دانپێنان،ئاسادا بێ، هەرنا سێ ماکی تێدایە کە ناشاعیرانە نین، بەڵام [شێوە دەبەخشنە پەیمانداری] یەکەمینیان دەکەوێتە سەر توانستی بەرهەڵدانی ماکی پەیمانداری. دووەم ماک پێوەندیدار بوون بە کۆمەڵگای بڕوادارانە و

سێیەم ماک، هەوڵ بۆ دروووستکردنی پێوەند لە نێوان پەیمانداری لەتەک هەڵوێستێکی کۆمەلایەتی، ئەخلاقی و سیاسی دایە.

بەم چەشنە شیعر یارییە، راست بەم هۆیە کە من باری گرانی بریاردانم لە سەر شان نییە ـ شتێک لە مەسیحییەتی نەریتیدا نوێ‌ڕێڕەوی conversionپێدەگووترێ. بریاروەرگرتن لە شیعردا پێویست نییە. بەلام چەشنە نوێ‌ڕارەوییەکی لە دنیای زمانێکی نوشستهێناودوە تێدایە بۆ گەیشتن بە جیهانی زمانێکی پێگەیشتوو، ئەمیش نەک بەواتای بریاروەرگرتن یان هەلوەستە کردن. کە وایە ماکێک لە بەڵێن و بەلێنداری لە روانینی ئایینیدا بوونی هەیە کە جیاوازە لە یاری پەتیی خەیاڵ و لەم خەیالگیرییە کە لە شیعردا شێوە دەگرێت.

لەم روویەشەوەیە کە هەم خزمایەتییەکی نزیک و هەمیش جیاوازییەکی ورد لە نێوان ئەم دووانەدا (شیعر و دوعا) دەبینم، چونکو نامەوێ لە ئاییندا هەموو شتێک بکەمە شاعیرانە، یان هەموو شتێک لە شیعردا بە ئایینیی پێشان بدەم. بەلکو هەوڵ دەدەم تا ئەم دیالکتیکە بپارێزم. ئەمەش نموونەیەکی دیکەیە لە ئاقاری کارایی زمان. زمانی دینی هەم زمانی شاعیرانەیە و هەم زمانی شاعیرانە نییە، کتومت بەم شێوەیە کە حیکایەتبێژی هەم لیریکیە lyric و هەم نییە و زمانی باو، هەم زمانی شیعرە و هەم نییە و هتد. لە کەڵک وەرگرییەکی تایبەت لە زماندا دەکرێ ئامێتە بوون، نەختە جێگۆرکێ و تێکەچوونێکی زۆر بدۆزینەوە، بەلام لە هەمان حالدا هەمەچەشنییەکی زۆریش لەم میانەدا هەیە.

ئاگاداربوون لەم کارتێکەرییە بەرانبەرە ناسکانە، لەم گرژیانە، هەمەچەشنی و هاوجووتییەکانیان دەتوانێ یەکێک لە کارکردەکانی فەلسەفەیەک بێت کە من فەلسەفەی تەئویلی پێدەڵێم

**ف.ف: دەمەویست سەبارەت بە کتێبەکەتان تیۆری ئەدەبی ویست پرسیارتان لێ بکەم، بەرگێک کە بیرۆکەی دارشتنی ئەوتان لە ناو هاوکۆیەک دەربارەی ویستدا هەیە. بۆچی ناوتان ناوە تیۆری ئەدەبی poetics، داخوا هیچ پێوەندییەکی لەتەک شیعر و (ئەدەب)دا هەیە، یان لێرە ئەم وشەیە تەنیا وەک دەستەوایی کەلکی لێوەرگیراوە؟**

**پ.ریکۆر:** هیچ کامیان. مەبەستی من لە کەڵک وەرگرتنی ئەم وشەیە، بە واتایەکە کە ئەرەستۆ لە کتێبەکەیدا بەکاری هێناوە و رێگایەکە بۆ گەرانەوە واتا یۆنانییەکەی پۆئەسیسpoesis کە دووبارە خولقاندنەوە دەگرێتەوە. لەم روویەوەیە کە دەلێم پۆئەسیس چەمکێکی بەرفراوانتر لە شاعیری و پەیڤی ئاهەنگدار دەگرێتەوە. بەم هۆیەوە، چیرۆکی داستانی لە ئاست پۆئەسیسدا دێنمەوە، چونکو ئێمە لێرەدا خەیالی خۆمان، خەیالی دروستکەری خۆمان لە حالی کارکردندا دەبینینەوە. خەیالێکی هاوشان لەگەل رێساکان، خەیالێکی بەرێساکراو، بەلام لە هەمان حالیشدا خەیالێکی خولقێنەر، دروستکەری رێسا و هەروەها شکێنەری ئەوانە.

کەوایە شتێکی هاوبەش لە نێوان هەموو شێوەکانی تیۆری ئەدەبیداpoetics لە داستانە چیرۆکییەکانەوە بگرە تا شیعرە دلدارییەکان هەیە.

**ف.ف: ئێوە لە کتێبی هێرمێنۆتیک و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا باسی مێژووتان وەک دەقێک کردووە.**

**پ. ریکۆر:** بەلێ، من چەند فەیلەسۆف دەناسم کە لە سنووری تیۆرییەکی ئەدەبی باسی مێژوو دەکەن، بەنموونە "هایدێن وایت" کە خۆم ستایشگەری شوێنەوارەکانیم. چونکە ئەو شێوازەی کە مێژوونووسان رووداوەکانی رابردووی پێ بیرۆکە دەکەن، هەر ئەوەندە داهێنەرانەیە کە شانۆنووسێک داستانێکی خەیالی دادەرێژێت، ئەمانە هەر دووکیان هەوڵ دەدەن تا لە هاونشینیsyntagmatic رووداوەکان، واتا بخولقێنن و ئەمانە کۆ کەنەوە و، ئەم دروستکردنەی تەواوێتی و گشتەکی، راست هەمان کردە کە جەستەبەندی گونجاو دەکات.

ئەم کردی جەستەبەندی، لە چیرۆک و مێژوونووسیدا، چۆنییەتییەکی هاوونەی لەتەک خەیاڵی داهێنەرانەدا هەیە.

**ف.ف: کە وایە ئێوە هەموو ئەم زانستە مرۆڤانەیە لە ژێر ناونیشانی ئەم خەیاڵە خوڵقێنەرەدا دادەنێن، شیعر خۆی وا دەبینێتەوە کە....**

**پ.ریکۆر:** نامەوێ قسەیەکی بێ تام لەم بارەیەوە بکەم، بەڵام لام وایە ئەم بەرانبەرکێیەی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا هاتەئاراوە و کەلێنێکی مەزنی دۆزییەوە لە نێوان زانستە سروشتییەکان لە لایەکەوە کە دەبایە پەیرەوی پێدراوە راستینەکان بوونایە و لەم یاسانەوە هەڵێنجرابان و لە لایەکی دیکەوە ئەم شتەی کە بە زانستە مرۆڤایەتییەکان ناوی دەرکردووە کە ئاڵمانییەکان Geistwissenschaften پێدەڵێن [ئێستا بەرە بەرە کەم رەنگ دەبێت]، بە گوێرەی ئەم رایە، کەلێنێکی گەورە هەیە، چونکو لە زانستەکاندا، دەبێ ئێمە پێدراوە راستینە و یاساکانمان لەبەردەستدا بێت، بەڵام لە زانستە مرۆڤایەتییەکان ئێمە نیشانە و تەئویلەکانمان لەبەردەست دایە...

بەڵام، ئێستا شناسناسانێک هەن کە دەڵێن ئەم قسانە لە ئەفسانە دەچن و قسەی هەندێ مێشکی ئەدەبین کە دەرکێکی نیوەچڵیان لە زانست هەیە و ستایشتێکی بێجێ سەبارەت بە زانست پیشان دەدەن. لە زانستیشدا ئەوەی هەیە رەوتی تەئویلە کە بەرەو پێش دەچێ. بۆ وێنە لێرە (لە ولاتە یەکگرتووەکان) "ستێڤن تولمین"ی هاوکارم لەم رووەوە کاری کردووە. ئەو دەڵێ ئەو شتەی زانایان دەیکەن وەک لایەنی ناتەباکار لەبەرچاو مەگرن، چونکو زانایانیش بە دوای ئەرکێک لە ئاستی تیۆرییە ئەدەبییەکاندا دەگەڕێن، ئەمانیش دەبێ سامان بدەنە ئەم ئاقارە و جەستەبەخشینە بەرینتر و شیی بکەنەوە.

بەڵام من حەز ناکەم لەمە زیاتر لەسەری بڕۆم چونکە مەسەلەکە پێویستی بە لێکدانەوەی پتر هەیە.

**ف.ف: بەیادی بەشێک لە دەستەوایی زیندوودا کەوتمەوە، بەشی هەفتەم بە شێوەیەکی تایبەت بۆ من سەرنج ڕاکێشە، چونکو ئێوە بە ڕێگەیەکی لەرادەبەدەر کارتێکەر، ئەندێشەکانی ئەرەستۆتان بە نموونە و دەستەواییەکانی "ماکس بلیک"ەوە لکاندووە. دڵنیام کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان زانست و شیعردا هەیە، بەڵام لەم قۆناغەی یاریدا وایێدەچێ کە پێوانەی نێوانیان گەلێ سودمەند بێت.**

**ئێمە ڕاهاتووین باسی زانست وەک بوارێکی جیاواز بکەین، لە حاڵێکدا ئەو نمونانەی زانایان درووستی دەکەن وەک شێوەیەک لە زمان زۆر جیاواز نین، ئێوە گووتوتانە شاعیرانیش توێژێنەرن.**

**ئەوەی خەڵک پێی وایە ئەنجامی دەدا دەورێکی زۆر دەگێڕێ لەو ئاکامەی کە ئەوان لەئەنجامدا پێی دەگەن. ئەگەر شاعیران خۆیان بە توێژێنەر نەزانن، لەوانەیە لە کۆتاییدا شتێکی کەمتر گرنگ بخوڵقێنن، چونکو ئەوان خۆیان وەک بەشێک لە ئاقارێکی بەرفرەوان ناناسن.**

**پ. ریکۆر:** بە گوتەی کارل پۆپەر وەرزێکی هاوبەش لە نێوان لۆژیکی دۆزینەوە و ئاقاری شیعردا ئەوەیە کە دۆزینەوەی لۆژیک کردێکی خەیالییە بۆ دیتنی ئامێتە نوێیەکان و، لەم رووییەشەوە دابڕینە لە ستروکتورەکانی پێشوو و یارمەتیدانێکە بە پێکهاتنی ستروکتوورێکی نوێ.

بەڵام هەرنا سێ پێودانگ لە کارە زانستییەکاندا هەیە کە لە پێودانگی شیعری جیاوازە. یەکەم مەسەلە هەڵوەشاندنەوەیە (درۆیین سازی)، پۆپەر لەم باسەدا بێ رەقیب و تاکانەیە کاتێ دەڵێ گوزارەی زانستی تا ئەو شوێنە واتا دەبەخشێ کە هەندێ لایەنی تێدابێ بتوانێ خۆی هەڵوەشێنێتەوە.

دووەم پێودانگ. زانایان خوازیای دەرکەوتن و دانپێنان بە کارەکانیانن لە لایەن هاوکارانیانەوە و لەم رووییەشەوە مەسەلەی هاوراوێژی و هاودەنگی دێتە ئاراوە. کە چی ئەمانە لە شاعیریتیدا هیچ واتایەکیان نییە، دنیابینی شاعیرێک هاوبەشێتی لە گەل کەسدا نییە، لێرە چەشنە کومەڵگایەکی زانستی هەیە کە هیچ هاوکارێکی تێدا نادۆزرێتەوە...

**ف.ف: کۆمەڵگای شاعیران بەم واتایە بوونی نییە...**

**پ. ریکۆر:** ئەمەش بەشێکە لە باری دراماتیکی شاعیر کە ئەو هەمیشە لە خولقاندن و خولقاندنەوەی دنیادا تەنیایە.
ئێستا پێودانگی سێیەم: بەم چەشنەی "کۆمەن" پێشانی داوە، هەموو دۆزینەوەیەکی زانستی کە دەبێ لەگەڵ زانستی وەرگرتە هاوجووت بێت، دەگاتە نوختەیەکی دابڕین و ئەوسا ئێمە دەبێ سەرمەشقەکانی(زاڵی زانستی) بگۆڕین. بەڵام شتێک بەناوی سیستەمی شیعری بوونی نییە کە هەر شاعیرەی شتێکی بنێتە پاڵ، لەم ڕوویەوە ئایدیای دانی شتێ بە ئاقاری ڕاستی، بۆ من تەواو نائاشنایە.
تەنانەت لە شوێنەواری چیرۆکیدا، ناکرێ بێژین ڕۆمانێک دەکرێ بخرێتە پاڵ ڕۆمانێکی دیکەوە تا لەم
ڕێگەیەوە چەشنە ئاقارێکی شوێنەواری چیرۆکی درووست بێت...

**ف.ف: بەڵام مەگین...**

**پ. ریکۆر:** ڕەنگە من بەهەڵەدا بچم کە...

**ف.ف: من لەگەڵتدا نیم. ئەمەش من دەخاتە یادی شتێک کە دەمەوێ لێتان بپرسم: دەربارەی شێوازێک کە ئێوە خەریکی دنیای شوێنەوارێک دەبن، لە بارێکەوە، لە وتارێکی کتێبی هێرمێنۆتیک و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، لەو شوێنەی باسی کارتێکەری دنیاکان لە سەریەکتر دەکەن [لەوێ قسەکەتان] دەکرێ دەربارەی نەریت بێت. بەڵام مەیلەو هەمیشە ئێوە باسی دنیای تاکانەی هەموو شوێنەوارێک دەکەن، کە لەگەڵ ئەو قسەیەی ئێستا کردتان یەکە.**
**سەرەڕای ئەمانەش، من دەمەوێ دەربارەی چەمکی نەریت پرسیارتان لێ بکەم کە ت.س. ئێلیۆت وەک چەشنە ئاقارێک باسی لێکردووە. ڕەنگە ئەو ئەم چەمکەی لە زانستەکان بەقەرز وەرگرتبێت، ئێلیۆت پێیوایە هەر شوێنەوارێکی تایبەت، هەموو پێوەندییەکانی ناسکی ئەم ئاقارە تووشی گۆڕانکاری و ڕاستکردنەوە دەکات.**

**پ.ریکۆر:** ئەرێ، بەڵام دیسان دەبێ بڵێم کە ئێمە نابێ فریوی بەرانبەرکێی فرە ساکاری نێوان زانست و شیعر بخۆین. لە زانستدا ڕیزبەندی ڕاستییەکان هەیە کە هەموو زانایەک شتێکی لێ زیاد دەکا، لە حاڵێکدا لە شیعر، هەر شاعیرە، خۆی توێژینەرێکی تەنیایە. سەرەڕای ئەمەش ڕەنگە لە زانستدا تۆکمەییەکی کەمتر هەبێت... کەسانێک ئەم ڕۆژانە باسی زانستی پەرش و بڵاو دەکەن. لە لایەکی دیکەوە، مسۆگەر شاعیرێک لە ئایدیای خەت داکێشان (بەسەر نموونە شیعرییەکاندا) دەست پێناکات، تەنانەت لەم شوێنەی ڕێساکان تێک دەرمێنێ، هەندێ پێودانگ هەن کە دەبێ بشکێندرێن و شاعیر لە ڕێژەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەم پێودانگانەدا هەڵدەکەوێت و لە ڕێگای خۆیەوە، دەکرێ بێژین لە ڕێگای تێوەگلانەوە، پێوەستی نەریت دەبێت.
ڕەنگە چەمکی نەریت، چەمکێکی گەلێ ئەستەم بێت، چونکو ئێمە بێزارییەکی زۆرمان لەم وشەیە هەیە، ئێمە وەک پاشکەوت یان شتێکی مردوو سەیری نەریت دەکەین، لە حاڵێکدا ڕەنگە نەریت تەنیا کاتێ شیاوی ئەم ناوە بێت کە خاوەنی دیالکتیکی خۆی بێ، چونکو لێرەشدا نیشتەسرینەوە(رسوب زدایی) و نوێخوازی هەمیشە لەکار دایە.
دەبێ بێژم کە گرژی و تەنانەت ناکۆکییەک لە نێوان ئەم دوو حوکمەدا دەبینم، یەکیان ڕادەگەیەنێ هەموو شوێنەوارێ، شوێنەوارێکی تاک و گۆشەگیرە و هەروەک گوتم دنیایەکی نوێیە لە خۆیدا... ئەویتریان دەبێژێ کە هەموو نوێگەرییەکان چەشنێک لە نیشتەسرینەوەیان وەک پاشخان هەیە و درووستکەری نەریتن، نەریتیش دەتوانێ وەک گرژییەک لە نێوان نیشتەلادەری و نوێهێنەریدا بناسرێ.
ئێوە هەر ئێستا باسی «ئێلیۆت»تان کرد، بەڵام من زیاتر

بیری «نۆرترۆپ فرای Northrop Frye»[٣] کەوتم. ئەو لە کتێبەکەیدا شیکردنەوەی ڕەخنەگەری دا هەوڵی دا پیشان بدات کە تۆڕێک لە شوێنەوارە هونەرییەکان هەیە، چونکە ئەو شتەی هەیە، جۆرناسی چەشنەکانی بیرۆکەدارێژی و درونمایەکانە کە لەگەڵ یەکدا وەک گشتێک واتا دەبەخشن. بەڵام من بەتەواویی نازانم داخوا ئاگایی لەم تۆرە، پێوەستی خودوشیاری شاعیرە یان خودوشیاری ڕەخنەگر...

**ف.ف: هەردووکیان؟**

پ.ریکۆر: کە ئاوا.. هەر دووکیان؟

**ف.ف: شاعیر لە شێوازێکی ئاڵۆزدا شیعر دەڵێ...**

پ.ریکۆر: بەڵام ئەمە بەشێک لەبیرۆکەی ئەو نەبوو کە لەم جەستەبەندییەconfiguration زیاد بکا. کە وا مەزەندە دەکرێ ئەمە شێوەدانێک بێ بە چەشنە دنیایەکی بنەمایی شوێنەواری هونەری، چەشنە...

**ف.ف: بەڵام لەم حاڵەتەدا شاعیریش دەتوانێ خوێنەر بێت: کە ئێوە ڕای خۆتان سەبارەت بە بەخودنەرخانکردنی دەق دەردەبڕی، باسی هاوکۆ یان خەزێنەیەکتان Treasure کرد. ئەمە بەواتایەکی تایبەت بۆ ئێوە وەک خوێنەرێک، درووستکەری نەرێتە. لە هەمان حاڵیشدا ئێوە نووسەرن. ئەوە من دەخاتە یادی لایەنێک لە شیعری فەرەنسی کە دەمەویست باسی ئەوەتان لە گەڵدا بکەم چونکو ئێوە لە کتێبی دەربارەی تەئویلدا ئاماژەیەکتان پێکردووە. ئێوە نووسیوتانە ڕۆئیا لە بنەڕەتەدا حاشاردەر و شیعر درکێنەرە. بە ئاماژە بە سوریالییەکانیش، گوتووتانە کە شیعرەکانیان هێندە باش نییە، چونکو لە ڕادەبەدەر لە تەک ڕۆئیادا یەکیان گرتووە.**

پ. ریکۆر: نەخێر، من تەنیا شیعری L' amour fou ی «ئاندرێ بیرتۆن»م مەبەست بوو. ئەم شیعرەی من ئاماژەم پێکردبوو، بێگومان پەیمانێکی نوێیە لە نێوان ڕۆیا و شیعردا. ئێمە ئیتر توانستی ئەمەمان نییە... ئێستا کە ئەم شتانە دەخوێنمەوە کە ئەو کات نووسیبووم - ڕۆئیا لە بنەڕەتەوە دێرینەئەندێشە و ڕووی نیگای لە ڕابردووە و شیعر پەیامبەرانەیە و سەیری داهاتوو دەکات - تا ڕادەیەک گومان دەمگرێ. لە شوێنێ گوتوومە - لە شیعردا چەشنە قەرەبووکردنەوەی ڕابردووگەری لەئارادایە، ئەمەش داهێنانی من نییە. "کرایس" باسی گەڕانەوە بە مەبەستی بیرۆکەدارشتن، یان شتێکی هاووێنەی ئەوە دەکا.

**ف.ف: گەڕانەوە لە خزمەت "من"دا؟**

پ.ریکۆر: بەڵێ... دیارە من گۆڕیومە و گوتوومە گەڕانەوە لە ڕەوتی پێشکەوتن یان بیرۆکەدانان...

**ف.ف: ئێوە ئەوەشتان گوتووە کە هێمایەک ئەنجامناسی و دێرینەناسی هەر دووکیان دەگرێتەوە، بەڵام خۆتان ئەمەتان زۆر پێ ناستەمە کە لە یەک کاتدا هەم بیر لە پێشکەوتن بکەنەوە و هەمیش لە پاشکەوتن. داخوا ئاێستاش هەست بەم دژوارییە دەکەن؟**

پ.ریکۆر: من لەو کتێبەدا، ئیفلیج بووبووم و ئەوەی دواتر نووسیم زۆر ڕۆشنتر و هەروەها وشیارتر بووە بەم دیالێکتیکە ناسکە. لەو کتێبەدا من تەنیا نیشانە سەرەکییەکانم دارشتبوو، بەڵام ئەگەر باشم لەیاد مابێ، لە باسی دەربارەی ئۆدیپ شای «سۆفۆکۆل»دا، هەوڵم دەدا تا پیشان بدەم کە دوو چەشنە تراژێدی هەیە، یەکیان فرە دێرینەیە، دوویاتی ڕۆیاییەکی دێرین، گرێی ئۆدیپە.

بەلام هاوپێوەند لەتەک ئەو تراژێدییە، راستیش لە ئارادا بووە، چونکو مەسەلەی سۆفۆکۆل ئەمە نەبوو کە باوکی دەکوژێ و دایکی دێنێ. بەلکو ئەمە بوو کە حاشا لەم چەشنە کەسەیە دەکا، ئەمە تراژێدییەکی راستی و گەڕانە بە دوای راستیدا. بەرگریش بە واتای فرۆیدی بەرگری لەبەرانبەر گوتەی «تیرسیاس»ی پێشگۆ[ی کوێر]دا نییە، بەلکو لە بەرانبەر نابینایی دایە، نابینایی ئۆدیپ لە تەک بینایی[پێشگۆیی و ئایندەبینی]ئەو کوێرەدا لە بەرانبەرکێ دایە.

کە وایە لێرە پێوەندییەکی فرە سەلمێنەر و بەدەسەلات لە نێوان رۆیا و ئەو خەیالگیرییە پەتییەدا دەبینین کە لە چیرۆکی فەلسەفی سۆفۆکۆلدا گێڕدراوەتەوە.

**ف.ف: دیسان لەمەڕ ئەم حوکمەی کە شیعر درکێنەر و رۆیا حاشاردەرە، داخوا ژمارەیەک لە رێڕەوە شیعرییەکان وەک سومبۆلیزم، نییەتێکی ئاگایانەی حاشاردەرییان نەبووە...**

پ.ریکۆر: بەلێ، من دەخوازم بێمە سەر ئەم ئاماژەیەش، ئاخر من دەسال لەمەوبەر ئەم کتێبەم نووسیوە و لەم ماوەیەشدا گەلێ شت فێر بووم، واتا هیوادارم وا بێت. من سەیر شەیدای کتێبەکەی "فرانک کێرمود" سەرچاوەی نهێنیـم، ئەو لەوێدا گوتوویەتی کە یەکێ لە کارکردەکانی چیرۆک، لێلاوی کردنە و نەک روونکردنەوە، زیادکردنە بە تۆخیی ناروونی. هەلبەت ئەمە ناتەباییەکە، بەلام رێگەیەکیشە بۆ تێپەڕ بوون لەم بەرانبەرکێ فرە ساکارە ـ کە رۆیا دەشارێتەوە و شیعر بەدەر دەخا ـ چونکو یەک رێگەی ئاشکراکردن، هەمان رێگەی خولقاندنی لێلییە.

کرمود بە ئاماژەگەلێکی سەمەرە، تەئویلی سەرسوورهێنەری چیرۆکی مەسیح لە زمانی مێرقس دەباتە پێش و دەلێ مێرقس نەیدەنووسی تا روون بکاتەوە، بەلکو دەیەویست ئەم کەسانە گێژ بکات کە لافی زانینیان لێدەدا، بۆیەش ناروونییەکەی پتر دەکرد.

بەلام، ئەم خالە لەمەر چیرۆکەوە راست نییە. مەگین حیکایەتبێژی لە یەکەم هەنگاودا، روونکردنەوەی بارودۆخێک نییە؟ بەلام تا ئالۆزی چیرۆکەکە زیاتر بکەین، زیاتر ناروون دەبێ. تا ئەو جێگایەی کە ئەوەی خولقاندوومانە، دووبارە لێلی ژیان دەدۆزێتەوە.

لەم شوێنەی کە گەیشتووینەتە بەرزی و ترۆپکی ئاشکرایی، چەشنە نوختەیەکی ناوەنجی هەیە کە لە خزمەت شتێکی نوێدایە، نە ساکارییەکی نوێ، بەلکو دەکرێ بێژین لێلییەکی نوێ... لێرەشەوەیە دەگەڕێینەوە ئاستەمی شیعر. چونکو خوێنەر لەگەل ئەم ئاستەمییە بەرانبەرەدا... ئەو چاوەڕوانی چەشنە ئاشکرابوونێکی هەستی خۆیەتی ،کەچی لەگەل نادیارییەکی زیاتردا رووبەڕوو دەبێتەوە.

**ف.ف: خەلکی ئەو دنیایە ناخوازن، ئەمە لە رادە بەدەرە.**

پ. ریکۆر: بەلێ، زۆر زیادەیە.

**ف.ف: ئەگەر گرفتاری مەسەلەکانی ئەم دنیایەی، ئەی بۆ بەتەمای خۆت گرفتاری چەرمەسەرییەکانی دنیاکەی دیکەش بکەی؟ ئەمە من دەخاتە یادی وانەکانی قوتابخانەی ناوەندی دەربارەی شاعیرانێکی وەک ییتیس، کە کەلکی لە تەواوی ناو و هێما دێرینەکانی ئیرەلەند وەرگرتووە. لە قوتابخانەدا دەبێ هەمووی ئەمانە بدۆزییەوە، بەلام ییتیس بەم هۆیە کەلکی لەمان وەرنەگرتووە، ئەو ویستوویەتی بگاتە قوولاییەک تا هەستی ئامادەیی دنیایەک بخولقێنێ.**

پ.ریکۆر: «والاس ستیڤنیس» زۆر جار...

**ف.ف: ئێوە حەزتان لە شیعرەکانی «والاس ستیڤنێس»ە؟**

پ.ریکۆر: بەلێ، گەلێک، یەکجار زۆر.

**ف.ف: ئایا شاعیری دڵخوازی ئەمریکی ئێوەیە؟**

پ.ریکۆر: بەڵێ، وێڕای«ئێمیلی دیکێنسۆن»،من ستایشتگەری هەردووکیانم...

**ف.ف: ،و.ویتەمەن، لەگەڵیاندا نییە؟**

پ.ریکۆر: من بەباشی نایناسم کە شتێک بڵێم.

**ف.ف: بە تایبەتی کام تایبەتمەندی ،والاس ستیڤنێس،تان بەدڵە؟**

پ.ریکۆر: هەڵبەت چەشنێک لە فەلسەفە. ئەمە چەشنێکە لە فەلسەفاندن کە لە ئەڵمان تەنیا لە لای «هۆڵدرین»، «شتێفان گێئۆرگێ» و «پۆل سلان»دا مرۆڤ دەیدۆزێتەوە. هەروەها، دوو لایەنی هەیە کە ئێمە لەسەرەتادا باسمان لێکرد، دەربڕینی هەستە فرەئالۆزکار و ناسکەکان کە دەربڕینی خۆیان نادۆزنەوە، چونکو وشەگەل لێرە تووشی کەمایەسی دێن. هەروەها ئەزموونی فرەقووڵ بەخشینە زمان و بە زمانەوە تەجرووبە کردن لە لایەکی دیکەوە، چونکە ئەمە شیعرێکە دەربارەی شیعر، ئەمەیە دوو لایەنی شیعری والاس ستیڤنێس.

**ف.ف: لەوانەیە هەر ئەمە بێ کە ئەوی کردبێتە شاعیرێکی گەورە؟**

پ.ریکۆر: توانستی ئەو لە کارکردن لەتەک زمان لە خزمەت بە زماندا، راستییەکان لە بەرچاومان دوور دەخاتەوە ـ هەرئەوجۆرەی ئینجیل دەڵێ، بەدوای ئاقاریی خوداییەوە بە تا هەموو شتێک وەک خەلاتێک ئاراستەت بکرێ. کەوایە لێرە راستی وەک خەڵاتێکی چاوەڕوان نەکراو دێت، لە لایەن کەسێکەوە کە واپێدەگەیشت کە بەشوون توانستەکانی زمان و رێگایەک بۆ گوتنە. ئەوسا خولقاندنەوەی واقیع گونجا، چونکو ئیتر رێگایەک نەمابوو تا بکرێ بێژین واقیع چییە و تاقیکردنەوە کامەیە.

**ف.ف: بەبیر ئەو دێڕە شیعرەی جوانناسی هەژاری Esthetique du mal کەوتمەوە:**

**زارۆکانی دەرد، ئەهلی هەژاری / سەرخۆشییە، زمانی مەولای ئێمە.**

پ.ریکۆر: من ئەم لایەنگیرییە دووقاتە لە چیکڵدانەی بێخەوشی زمان و دەنگدانەوەی ئەو و، ئاسۆی ئەم خزمەت بە زمان تەنیا بەخاتری زمانم خۆش دەوێ و سەرهەڵدانی کەنارەکانی...

**ف.ف: دنیا کە وەک خەلاتێک دەگات.**

پ.ریکۆر: بەڵێ، چونکو هیچ هەولێک لە رەوتێکدا دەرنەبڕدراوە، بەڵکو چەشنە چاوپۆشییەکی سۆفیانە لە دەربڕینی هەستگەلێکی وەک ئەڤین، مەرگ و.. لە ئارادا بووە. هەستگەلێکی نوێ خولقاوە، چونکو چاوپۆشی کراوە لە هەموو ئەم شتانەی تا ئێستا زانراوە.

**ف.ف: پێتان وایە شیعر هەر ئەم دینامیزمە راستەقینەیەیە؟ ئەمە شێوەی روودانی ئەوە؟ جووڵە بەرەو رەوتی زمانە و لایەنی گەڕانەوەیی خەلاتی ئەوە؟**

پ.ریکۆر: ئەمە بڕوای پتەوی منە. بۆیەش من لەتەک بنەماگەر و هەموو ئەم کەسانەی کە دەبێژن زمانی شاعیرانە گەڕاوەیی یان خود ـ گەڕاوەیی نییە، نیم. من دەڵێم ئێوە هەقتانە، تەنانەت زیاتر لەوەی خۆتان پێتان وایە، چونکو لە

سایەسەر و وەک پاداشتی ئەم چاوپۆشییەیە کە رەنگە ئالقەیەکی نوێ، پێوەندییەکی نوێ لەتەک... دەکرێ بێژین لەتەک سروشت و لەگەڵ خوڵقاندا ساز دەبێت.

لە دەستپێکدا پرسیتان بۆ باسی تیۆری ئەدەبیpoetics دەکەم، لەوێ تەنیا نیوەی وەڵامەکەم دایەوە، ئەرەستۆ باسی poetics سەبارەت بە هاوچەشن کردنی لە ئاستی زماندا، هەم لە چیرۆک و هەم لە شیعردا دەکا. بەڵام راست لە سۆنگەی ئەم دووبارە ژیاندنەوەی توانستی زمان بۆ خوڵقان و خوڵقاندنەوەیە کە ئێمە خودی واقیع لە پرۆسێسی خوڵقاندندا دەدۆزینەوە. کە وایە ئێمە لەتەک ئەم بوارەی واقیع کە خۆی ناتەواوە، دەبەسترێینەوە، بوارێ کە... لێرە حەز دەکەم دیسان کەڵک لە یەکێ لە زاراوەکانی ئەرەستۆ وەرگرم entelecheia توانستبینی شتەکان لە گۆشەی توانستەکانەوە و نە لە گۆشەی کردەنیەکانەوە(فعلیت). لە شوێنێکی کتێبی دەربارەی دەستەوایی داگوتوومە: کە زمان بە توانا و لە حاڵی شێوەگرتن دایە، لەگەڵ ئەو لایەنەی واقیع هۆگر دەبێ کە خۆی ناتەواوە و لە حاڵی درووستبووندایە.

زمان لە حاڵی درووستبووندا، رێزی واقیعی لە حاڵی درووستبووندا دەگرێ.

**ف.ف: کە وایە تاکە واقیعێکی ئێمە دەیناسین، واقیعێکی لەم چەشنەیە؟**

**پ. ریکۆر:** پاشماوەی زمانی ئێمە لە گوتاری باوی رۆژانەدا و هتد، دەبێ بە چەشنێ رەفتار لەگەڵ واقیعدا بکا کە گوایە بەئەنجام گەیشتووە و تەواو بووە، وەک شتێ کە هەیە، بەواتای بەستنی ئەم شتەی کە هەیە، بە واتایەکەی کە بە رەخنە لە هاوراوێژی و هاورایی کەسانی بەناوەز سەری هەڵداوە.

* * *

١ـ من ئەم وشەیە لە شوێن دادەی فارسی بەکار هێناوە و مەبەست لە زانە مەعلومات یان زانیارییەکە کە دڵنیایی تەواومان دەربارەیدا نییە.

٢ـ هانس گیۆرگ گادامێر Gadamer Hans-Georg فیلەسۆفێکی بەناوبانگی ئەڵمانییە کە قوتابخانەی تەئویلی مۆدەرن بە ناوی ئەوەوە پتر پێوەندی خواردووە، هایدگێر و هێگێل کاریان زۆر کردۆتە سەر ئەم فەیلەسوفە

٣ـ نۆرترۆپ فرای Northrop Frye رەخنەگری کەنەدایی سەر بە قوتابخانەی رەخنەی نوێ.

* پۆل ریکۆر Paul Ricœrلە ساڵی ١٩١٣ لە شاری "والێنس"ی فەرەنسەدا لەدایک بووە. لە سۆربۆن فەلسەفەی خوێندووە و قوتابی گابرییەل مارسێل بووە. ئێستا دامەزرێنەری "ناوەندی توێژینەوەکانی دیاردەناسی و هێرمێنۆتیک"ە لە پاریس و هەروەها سەرۆکایەتی "ئەنجومەنی نێونەتەوەیی فەلسەفە"شی بەدەستەوەیە.

ریکۆر بەناوبانگترین نوێنەری زیندووی دیاردەناسی و هێرمێنۆتیکی مۆدێرنە.

**ئەم وتارەم لە کتێبە وەرگرتووە:**

پل ریکور: زندگی در دنیای متن، شش گفتگو، یک بحث. ترجمەی بابک احمدی. نشر مرکز ١٣٧٣.

سەرچاوەی ناوی فەرەنسی کتێبەکانیش هەر ئەم کتێبەن.

ئەم گفتوگۆیە لە ساڵی ١٩٨٢ لە زانستگای شیکاگۆدا کراوە و بڵاو کراوەتەوە. بابەک ئەحمەدی لە «A Ricoeur Reader»ی وەرگرتووە و کردوویەتی بە فارسی. ئەم گفتوگۆیە هەر وەک خۆی بڵاو کراوەتە و حاڵەتی گفتوگۆیی و زارەکی خۆی پاراستووە و دەستی تێوەرنەدراوە. بۆیە لە ناو باسەکەدا زۆر جاران قسەی یەکدی دەبڕن یان دەکەونە ناو قسەی یەکتر و بەم چەشنە باسەکە دەکەوێتە ناو بابەتێکی جیاوازەوە.

بۆ کەسانێکی دەیانەوێ بە زمانی فەرەنسی ئاشنای نووسراوەکانی ریکۆر بن، ناوی کتێبە گرنگەکانی ئەوم بە کوردی و فەرەنسی نووسیوە. هەروەها لە ژێرەوە سەرچاوەی ئەم چاوپێکەوتنە کە لە بنەڕەتەوە بە ئینگلیزی بووە و هەر لە ئینگلیزیشەوە کراوەتە بە فارسی، نووسیوە:

P. Ricoeur, *A Ricoeur Reader, Reflection and Imagination*, Edited by M. J. Valdes, New York, 1991

هەروەها دەقی بنەڕەتی ئەم باسە لە گۆڤاری ئەدەبی The Manhattan Riview دا بڵاو کراوەتەوە:

*The Manhattan Riview 2* (1982): 6-21

## بیبلیۆگرافی


کارل یاسپرس و فەلسەفەی هەبوون ١٩٤٧

*Karl Jaspres, et la philosophi de l' existence*, avec M, Dufrenne, Paris, Seuil.

گابرییەل مارسێل و کارل یاسپرس

*Gabriel Marcel et Karl Jaspres, philosophie du mystére, et philosophie du paradoxe*, Paris, Seuil.

فەلسەفەی ویست لە دوو بەرگدا

*Philosophie due la Volonté:*

*I. Le Volontarire et l' involotaire*, Paris, Aubier 1988.

مێژوو و هەقیقەت

*Histoire et verité*, Paris, Seuil 1946, 1990.

دەربارەی تەئویل، چەند وتارێک دەربارەی فرۆید

*De l' interprétation, Essais sur Freud*, Paris, Seuil 1965.

دەستەوایی زیندوو

*La métaphore vive*, Paris, Seuil 1975.

زەمان و راپۆرت ( لە سێ بەرگدا)

*Temps et récit, t. 1 / 2*, Paris, Seuil 1983/ 1884.

خود وەک ئەویدی

*Soi-meme comme un autre*, Paris, Seuil 1990.

خوێندنەوەکان (لە دوو بەرگدا)

*Lectures. 1*, , Paris, Seuil 1990.

*Lectures*. 2, , Paris, Seuil 1992.

*Lectures. 3, Aux frontiéres de la philosophie*, Paris, Seuil 1994.

فیلمی "شین، سپی و سوور"

# گەڕان بەدوای خود لە لای کیشلۆفسکی

قاسم عەزیز

"من حەز لە وشەی سەرکەوتن ناکەم، چونکە نازانم مانای چییە"

کریستۆف کیشلۆفسکی



شان بە شانی ئەندری ڤایدا Andrzej Wajda و ڕۆمان پۆلانسکی Roman Polanski، کریستۆف کیشلۆفسکی Krzysztof Kieslowvski یەکێکە لە ڕێژیسۆرە هەرە بە ناوبانگەکانی سینەمای پۆلۆنی، کە لەم چەند ساڵانەی دواییدا فیلمەکانی لە فەرەنسا دەهێنایە بەرهەم.

کیشلۆفسکی لە ساڵی ١٩٤١ لە وارشۆ هاتۆتە دنیاوە، لە سەردەمی منداڵیدا، لەگەڵ دایک و خوشکی، هەردەم ئەم شارو ئەو شاری پۆلۆنیایان کردووە، چونکە باوکی توشی نەخۆشی سیل هاتبوو، ئیتر لەگەڵ ئەو لە نەخۆشخانەکان دەخەوتن، وەک خۆی دەڵێت: "هەتا گەورەش بووە لە شارێک نەحەساوەتەوە".

سەرەتای گەنجی، لەبەر بێ دەرامەتی خێزانەکەیان، لە قوتابخانەی ئاگرکوژاندنەوە دەیخوێند و کاریدەکرد، بەڵام لەبەر لاوازی و بێ جەستەیی لەشی واز لەو کارە دێنێت و لە دەزگای تیاتری پۆلۆنیا کاری تەکنیک دەکات. کە ناویشی دێت بۆ سەربازی دە ڕۆژان نان و ئاو ناخوات بۆ ئەوەی لاوازتر بێت، ئەوانیش وازی لێدێنن.

کیشلۆفسکی سەبارەت بە نەچوونی بۆ سەربازی دەڵێ: "من لە هەموو ژیانم ڕقم لە بەرگی سەربازی و هەموو شێوە بەرگێکە کە هەموو کەس لە یەک بچوێنێت". هەڵبەتە دژایەتی کردنی لەشکری سۆڤیەتی و سیستمی کۆمۆنیستی لە پۆلۆنیا زیاتر

کاریگەرتربوون بۆ ئەو هەڵوێستانەی کە زۆربەی نووسەرو هونەرمەندانی ساڵانی شەستەکان لە پۆڵۆنیا گرتبوویانە بەر. پاش چەند ساڵێک کارکردن لە تیاتر ناوی خۆی لە پەیمانگای سینەما لە شاری نووچ Lodz دەنووسێ. "سینەما لەلای من زۆر کاریگەرتربوو لە شانۆ، من دەمەوێ باسی ناخی مرۆڤ بکەم، لە سینەمادا دەتوانی بچیتە ناوەوەی مرۆڤ، ئەوەندەیش لێی نزیک ببیتەوە کە لووتت بە لووتی کارەکتارەکان بکەوێت و هەست بە ئازاریان بکەیت٢.

ئەگەر خوێنەر بەم ناوە ئاشنا نەبووبێت ئەوا شتێکی سەیر نییە چونکە زەمانێکی پێچوو هەتا لە وڵاتانی ڕۆژئاواو سینەمای جیهان دانیان بە زیرەکی و مەزنی ئەم ڕێژیسۆرە نا. هەرچەندە لە پۆڵۆنیا دەمێک بوو کاری فیلمی دەکرد، بۆ نموونە چەند بەرهەمێکی دۆکۆمێنتاری دەرکردبوو کە باسی ژیانی مرۆڤ و سیاسەتی پۆڵۆنیا لە سەردەمی کۆمۆنیستی سەر بە سۆڤیەتی کۆنی دەکرد. ئەو فیلمانە دوو لایەنی هونەری و سیاسییان بەخۆیانەوە گرتبوو. لە لایەکەوە باسی خودی مرۆڤ و پێویستییەکانی وەک تاکەکەسیان دەکرد، لە لایەکی دیشەوە پەردەیان لەسەر ئەو درۆو سانسۆرە لادەدا کە لە ژێر سایەی ئەو سیستەمەدا دروست دەبوو. هەرچەندە خۆی دەڵێت: "فیلمەکانم، جگە لە فیلمی کرێکار(١٩٧١) تەنیا باسی تاکە کەس دەکەن نەک سیاسەت، ئەگەرچی زۆر زەحمەت بوو ئەم دوو شتە لە یەکتری جیابکرایەتەوە"

ئەماتۆر ١٩٧٩ Amator یەکێکە لەو فیلمانەی کە خەڵاتی فێستیڤاڵی مۆسکۆی وەرگرت. فیلمەکە باسی کرێکارێک دەکات کە کامێرایەکی هەشت ملیم دەکڕێت بۆ ئەوەی وێنەی منداڵە تازە لەدایکبووەکەی بگرێت. برادەرێکی هانی دەدات بۆئەوەی کامێرایەکەی بەکاربێنێت بۆ گرتنی وێنەی ژیانی ناو ئەو کارگەیەی کاری تێدا دەکەن، نەک تەنیا هەر بۆ خێزانی خۆی. هەڵبەتە برادەرەکەی سەر بە سیستمی ئەوسای کۆمۆنیسی کارگەکە دەبێت. ئەویش فیلمێک دەگرێت لەسەر چۆنیەتی ژیانی پڕ لە خۆشی کرێکارەکان بە گوێرەی فەرمایشی کۆمۆنیستی. فیلمەکەی خەڵاتی فیلمسازە تازەپێگەیشتووەکان وەردەگرێت، خەڵاتەکە هانی دەدات کە زیاتر کاری سینەما بکات، بەڵام شتێک نارەحەتی دەکات ئەویش ئەوەیە کە ئەو حەزی دەکرد فیلمێک دروست بکات لەسەر ژیانی کرێکارەکان وەک چۆنن لە ژیانی ڕۆژانەیان، نەک لەسەر خواست و فەرمایشی لێپرسراوەکان. بەو خەیاڵەوە ڕوودەکاتە وێنەگرتنی کارێکی دۆکۆمێنتاری دەربارەی ژیانی کرێکارێکی لەش سەقەت. بەڵام فیلمەکەی تووشی سانسۆر دەبێت، بەو ناوەی گوایا نیشاندانی ئەو جۆرە فیلمانە لە ئاستی کارگەکە کەم دەکەنەوە. بەو پێیەش بەڕێوەبەری کارگەکەش دەردەکرێت، چونکە ڕێگای ئەو کارەی داوە. هەروا ژنی کرێکارە فیلمسازەکە واز لە مێردەکەی دێنێت بەو ناوەی کە مێردەکەی خەریکی سینەمایەو ئاگای لە ژیانی خێزانی نییە، ئەویش لە داخا فیلمەکە لەناو کامێراکە دەردێنێت و دەیسوتێنێت.

هەڵبەتە فیلمی ئەماتۆر ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ کیشلۆفسکی کە بە سینەمای ڕۆژئاوا ئاشنا بێت، بەڵام ئەو پێشتر دەیان فیلمی تری دۆکۆمێنتاری هێنابووە بەرهەم. لە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ زنجیرە فیلمێکی دە بەشی بە ناوی دیکەلۆگ dekalog بۆ تەلەڤزیۆن ئامادە دەکات، کە وەک خۆی دەڵێت بەبەتاکانی لە بایبل"ئینجیل" وەرگرتووە. ئەم زنجیرە فیلمە زیاتر ناوبانگی کیشلۆفسکی کردە جیهانی، ئەویش بە تانە لێدان لە نارێکی سیستەمی کۆمۆنیستی لە پۆڵۆنیاو دەربڕینی خودی مرۆڤ و گەڕان بەدوای خود (زات) لە ناو کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا.

زۆر لە پۆڵۆنییەکان حەز لە کیشلۆفسکی ناکەن، هەندێکیان هونەرەکەی و خۆیشی بە مرۆڤێکی ڕەشبین دەدەنە قەڵەم، ڕەخنەی ئەوەشی لێدەگیرێ کە لایەنی دژواری مرۆڤی پۆڵۆنی دەخاتەڕوو.

کیشلۆفسکی لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی لیبرەسیۆنی فەرەنسایی سەبارەت بەوەی کە بۆچی فیلم دروستدەکات گوتبووی: چونکە من هەر ئەو کارە دەزانم.

یەکێک لە فیلمە بەناوبانگەکانی کیشلۆفسکی "دوو ژیانەی ڤێرۆنیکا"یە، کە باسی دوو کیژی گەنج دەکات هەردووکیان ناویان (ڤێرۆنیکا- ڤێرۆنیک)ە. ڤێرۆنیکا لە وارشۆ، ڤێرۆنیک لە فەرەنسا دەژی، هەردووکیان بەیەک دەچن، دەنگخۆشن، بەبێ ئەوەی یەکتری بناسن. بەڵام کاتێک ڤێرۆنیکای وارشۆ تووشی نەخۆشییەکی پڕ ئازارو کوشندە دەبێت، یەکسەر ڤێرۆنیکی فەرەنسا هەست بە ئازار دەکات. فیلمەکە باسی لەیەکچوونی ئازاری مرۆڤ دەکات لە هەر کوێ بژین.

دوا فیلمی کیشلۆڤسکی سێ فیلمە هەرە بە ناوبانگەکەیەتی: فیلمە شینەکە، فیلمە سپییەکەو فیلمە سوورەکە، کە ناوەکانیان لە سێ ڕەنگی ئاڵای شۆڕشی فەرەنسا وەرگیراون: شین بۆ ئازادی، سپی بۆ یەکسانی و سووریش بۆ برایەتی.





Den vita filmen. En [illegible]

## فیلمە شینەکە

### Frihet- den blå filmen

مێردەکەی (ژوولی)و کیژە بچووکەکەی بە کارەساتی ئۆتۆبیل دەمرن. مێردی ژوولی کۆمپۆزیتۆرێکی زۆر بە ناوبانگی مۆسیقا دەبێت. ژوولی هەوڵدەدات ئەم کارەساتە لەبیر خۆی بباتەوەو هەر شتێکیش، کە لەگەڵ مێردو کیژەکەیدا، پەیوەندی بە ژیانی ڕابردوویەوە هەبێت لە مێشکی خۆیدا بسڕێتەوەو ژیانێکی تازە دەست پێبکات. بۆ ئەم مەبەستەش دەگوازێتەوە قوژبنی گەڕەکێکی شاری پاریس بەو بڕوایەی کە کەس نایناسێتەوەو ڕابردووی بە بیر بهێنێتەوە. بەڵام ئەو ناتوانێت ئەو هەموو هەست و یادگاری مۆزیکی مێردەکەی و وێنانە لە مێشکی خۆی لاببات. یادگاری دژایەتی ئەو سەربەستییەی دەکات کە خۆی بۆ ئامادە کردووە. بە کورتی ژوولیا بەدوای زاتی خۆیدا دەگەڕێت بەڵام ڕابردوو لێناگەڕێت.

## فیلمە سپییەکە

### Den vita filmen

(کارۆل) سەرتاشێکی پۆلۆنییە لە پاریس دەژیت، مرۆڤێکی نەرم و شەرمنە، ئەو لە پیاوەتی کەوتووە، بۆیە ژنە فەرەنسییەکەی دەری دەکات. لە مێترۆ تووشی کەسێکی تری پۆلۆنی دێت کە هەمان گیروگرفتی هەیە. بە یەکەوە پلانی گەڕانەوە بۆ پۆلۆنیا دادەنێن، بەڵام کارۆل پاسەپۆرتی گەڕانەوەی نییە. بە هەر حاڵ کارۆل دەخەنە ناو جانتایەک و دەیبەنەوە پۆلۆنیا. کارۆل لە پۆلۆنیا دەست دەکات بە کارکردن، هەرچی کاری قاچاغ و ساختە هەیە دەیکات بۆ ئەوەی دەوڵەمەند ببێت و تۆڵەی خۆی لە ژنە فەرەنسییەکەی بکاتەوە.

کارۆل پاش ماوەیەک دەبێتە خاوەنی پارەیەکی زۆرو دەوڵەمەند دەبێت. بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە ژنەکەی بکاتەوە بە درۆ خۆی دەمرێنێت. ژنەکەی دێتە وارشۆ بۆ سەر گۆڕەکەی بەو هیوایەی کە میراتی مێردەکەی لەکیس نەچێت. بەڵام کارۆل جارێکی تر خۆی پیشانی ژنەکەی دەداتەوە، ژنەکەی حەزی لێدەکاتەوەو دەیەوێت لەگەڵی بێت، بەڵام ئەو پێی ڕازی نابێت و ڕەتی دەکاتەوە. کیشلۆفسکی لە فیلمە سپییەکەدا باسی یەکسانی و بەلانسی زات و ململانێی نێوان مرۆڤ و غوربەتی بوون دەکات.

## فیلمە سوورەکە

### Den röda filmen

ڤالنتین کچە مۆدێلێکی جوانکیلەی بە ناوبانگی فەرەنسییە، ڕۆژێک بە ئۆتۆمبیلەکەی سەگێک دەشێلێت. سەگەکە هی کۆنە دادوەر(حاکم)ێکی پیرو کەنەفتە، کە بەردەوام لەماڵی خۆیەوە گوێ لە تەلەفۆنی خەڵک دەگرێت. لە سەرەتادا ڤالنتین ئەو کارەی پێ سەیردەبێت و لە پیرە مێردەکە تووڕەدەبێت و هەڕەشەی لێدەکات کە بە پۆلیس دەڵێت، بەڵام پیرە گوێی پێ نادات و لەسەر کارەکەی خۆی بەردەوام دەبێت. بە گوێرەی پیرە مرۆڤ دەبێت ئاگاداری ئازاری خەڵک بێت تا ئازاری خۆی لێ کەمبێتەوە.

کیشلۆفسکی فیلمسازێکی تابلێی هونەرمەندو نیگارکێشە. کارەکانی ئەوپەڕی جوانی و هەستی سینەمایان تێدایە. کارکردن لە هونەرو داهێناندا، بە بۆچوونی کیشلۆفسکی، پێویستی بە ڕاستگۆیی ئاخی پیرۆزی زاتی مرۆڤ هەیە.

سوێد- ١٩٩٥

## سەرچاوەکان


١- فیلمەکانی کیشلۆفسکی

2-Kislowvski on Kislowvski, by Danusia Stok, Cinema News, 1993

٣- چەند نووسینێک لەسەر فیلمەکانی کیشلۆفسکی لە ڕۆژنامەکانی سوێدی ئەمریکی.

## شێموس هێنی

### خەڵاتی ئەدەبی نۆبلی وەرگرت

سەعاتی یەکی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەمە، ڕێکەوتی ١٩٩٥/١٠/٥ ستورێ ئالێن، سکرتێری گشتی ئەکادیمیای سوید ڕایگەیاند کە:

**خەڵاتی ئەدەبی نۆبل ئەمساڵ بە شاعیری ئێرلاندی شێموس هێنی Seamus Heany دەدرێت.**

شێموس هێنی سێیەمین نووسەری ئێرلاندییە کە خەلاتی ئەدەبی نۆبل وەردەگرێت. ساڵی ١٩٢٣ ویلیام ب. یتس (١٨٦٥- ١٩٣٩) Williamm Butler Yeats و ساڵی ١٩٦٩ سامۆیێل بیکێت Samuel Beckett هەمان خەلاتیان وەرگرت.

ئەکادیمیای سویدی سەبارەت بە هێنی دەڵێت: ئەو هەم شاعیرەو هەم وتارنووس و وەرگێرەو، بە ڕاشکاویش زەبروزەنگ لە ئێرلاندی باکوور ڕەتدەکاتەوە. بەرهەمەکانیشی بە جوانییەکی شیعریی و قوڵییەکی ئەخلاقی تایبەتی دەناسرێنەوە، کە بابەتی سەرسوڕهێنەرانەی هەنووکەیی و ڕابردووی زیندوو دەردەبڕێت.

هێنی لە ساڵی ١٩٣٩ لە ناوچەی دیری ئێرلاندی باکوور لەدایکبووەو، ئێستا لە دبلن لە کۆماری ئێرلاند دەژیت.



لەو خەسڵەتە تایبەتییانەی هێنی هەیەتی و ئاماژەی بۆ دەکرێت ئەوەیە کە مرۆڤێکی شەرمنەو حەز لە خۆدەرخستن ناکات و، پڕ سۆزو خۆشەویستییە بۆ سەردەمی منداڵێتیی خۆی کە لە دێهاتەکانی ئێرلاند بەسەری بردووە.

هێنی ئێستا ئەندامی ئەکادیمیای ئەدەبی ئێرلاندەو، لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دەرسی شیعر دەڵێتەوە، لە هەمان کاتدا لە زانکۆی هارڤەردی ئەمریکایش مامۆستایە.

لە وتارێکدا لەمەڕ شیعر دەڵێت: ئەرکی شاعیر ئەوەیە کە جەخت لەسەر مانەوەی جوانی بکات، بە تایبەتی لە سایەی ئەو ڕژێمە سەرکوتکەرانەدا کە دەیانەوێ شادی و جوانی بکوژن.

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal

1995 15

